ژمارە (83)
دووشەممە 2009/10/26
4ی گەلاڕێزانی 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
چاپی کوردستان

# رووداو Rûdaw

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

## ملی پیرەمێردێک بە مشار دەبڕدرێ



**رووداو-رواندز**

شەوی 2009/10/21 لە شاری رواندز، دوو دز دەرفەت لە سەفەرکردنی منداڵەکانی حەمەد عەلی خدر وەردەگرن و کاژێر سێی شەو دەچنە سەر ماڵەکەی، دوای ئەوەی هیچیان چنگ ناکەوێ، بە مشاری ئاسن هەوڵی سەربڕینی دەدەن. حەمەد خدر، کە فەرمانبەری شارەوانی رواندزە گوتی " لەگەڵ دەنگی دزەکان وەخەبەر هاتم، بەڵام ئەوان توووند چاویان گرتم و مشاریان لەملم خشاندو خەریکبوو روحم دەربچێت".

مام حەمەد باسی چۆنیەتی رزگاربوونی خۆی کردو گوتی "ئەوان لەمن بە هێزتربوون، بیرم کردەوە خۆم بمرێنم لەژێر دەستیان بۆ ئەوەی وازم لێبێنن، هەناسەی خۆم راگرت، گوێم لێبوو یەکێکیان گوتی: ئەی هاوار لە من مام حەمەد، ئەتوون کوشتی و حەیاتت لێبرا".

13

## پارتی خۆی بێلایەن راگرتووە بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان



**رووداو-سلێمانی**

شۆڕش حاجی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێ کە مامەڵە لەگەڵ لیستی گۆڕان ناکەن "بۆچی مامەڵە لەگەڵ لایەنێک دەکەن کە 3 کورسی یان کەمتری هێناوە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ گۆڕان دروستناکەن؟". ناوبراو رەتیکردەوە کە ئەوان لە دەرەوەی کوردستان لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دابن لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان"هەوڵمانداوە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان و هێزە عێراقییەکانیش پەیوەندی دروست بکەین و رێگر نەبووین لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی یان پارتی". سەبارەت بە هەڵوێستی پارتیش گوتی"پارتی خۆی بە بێلایەن راگرتووە بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان".

9

## 5000 کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ئایدز دەبن



**تایبەت بە رووداو**

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، نزیکەی 5000 کەسی تووشبووبە نەخۆشیی ئایدزلە رۆژهەڵاتی کوردستان هەن، بەڵام ناوەندە مەدەنییەکان ژمارەی کەسانی تووشبوو بەو نەخۆشییە بە زیاتر لە 9000 کەس مەزەندە دەکەن لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەگوێرەی راپۆرتی ناوەندە پزیشکییەکانی ئێران دەردەکەوێ، کە یەک لەسەرچواری تووشبووانی ئەو نەخۆشییە لە چوار پارێزگا کوردنشینەکەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین، ئەوە لەکاتێکدایە کە تەنیا 15%ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە کوردن. فەخرەدین حەیدەری، نوێنەری هەردوو شاری سەقز و بانە لە پەرلەمانی ئێران، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی"بەداخەوە ناوەندەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ پێشگرتن لەو نەخۆشییە نادەنە خەڵک".

5

نێچیرڤان بارزانی، بۆ (رووداو):

# لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی دەبێ PKK واز لە رەفتارە ئیستیفزازیەکان بێنێت



**تایبەت بە رووداو**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەبارەی کێشەی کورد بە "ئەرێنی" وەسفدەکات و داوای فراوانکردنیان دەکات، لەهەمانکاتدا دەڵێ PKK بە ئەنجامدانی رەفتاری ئیستیفزازیانە ئەو پرۆسەیە لەبار دەبات و هەڵوێستی شۆڤێنیست و دوژمنانی پرۆسەکە بەهێز دەکات.

نێچیرڤان بارزانی، لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو)دا سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی ئەو دواییەی تورکیا و ناردنەوەی دوو گرووپی ئاشتی لەلایەن PKKەوە لە رۆژی 2009/10/19 بۆ تورکیا گوتی " ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەو هەنگاوانەی لەلایەن تورکیاوە دەنرێن بۆ کرانەوە بەرەو کورد لەتورکیا و پێمانخۆشە ئەو هەنگاوانە فراوانتر بکرێن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، هەروەها خودی هەنگاوی چوونەوەی گرووپەکانی ئاشتی بە شتێکی باش دادەنێین و دەستپێکێکی گرنگە، بەڵام دان بەخۆداگرتن و لۆجیکیانە هەڵسوکەوتکردن زۆر پێویستە".

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی (رووداو)دا، سەبارەت بە ڤیزەنەدان لەلایەن تورکیاوە بە گرووپی سێیەمی ئاشتی کە بڕیاربوو لە ئەوروپاوە بگەڕێتەوە تورکیا، هەروەها دوای گەڕاندنی ئەو دوو گرووپەی دووەم بە چەند شارێکی باکووری کوردستاندا، هێزە بەرهەڵستکار و گرووپە شۆڤێنییەکانی تورکیاش چەندان خۆنیشاندانیان دژی ئەو پرۆسەیە دەستپێکرد، بەو هۆیەوە هەست بەوە دەکرێ جۆرە پاشەگەردانییەک بووە، بەپێچەوانەی سەرەتای هەنگاوەکە. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە گوتی " ناردنەوەی گرووپەکانی ئاشتی لەلایەن PKKەوە کارێکی باش بوو، هەنگاوێکی پیرۆزبوو لە رێگەی ئاشتیدا، بەڵام شێوازی ناردنەوەیان ئیستیفزازیانە بوو، پێویستە PKK بەشێوازێکی مەنتیقیانە و عاقڵانە رەفتار بکات، چونکە PKK دەبێ هەنگاوی ناردنەوەی ئەو گرووپانە بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی کرانەوەی ئێستای تورکیا بەکاربێنێ، بۆ پێکەوەژیانی کورد و تورک بەکاربێنێ، نەک بۆ وروژاندنی رای گشتیی تورکیا دژی پرۆسەکە و بەهێزکردنی ئەوانەی دژی پرۆسەکەن".

3

## "10 پەرلەمانتار نیوملیۆن دۆلار بەنایاسایی وەردەگرن"

**رووداو- هەولێر**

بەپێی رای پەرلەمانتارێکی پێشوو، ئەو 10 پەرلەمانتارەی نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاریان بەناوی خانەنشینییەوە وەرگرتووە، ئەو پارە وەرگرتنەیان نایاساییە، بەڵام یەکێک لەو 10 پەرلەمانتارانە دەڵێ ئەوە نایاسایی نییە.

10 پەرلەمانتاری خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە لەخولی سێیەمیش وەک پەرلەمانتار ماونەتەوە، هەریەکەیان 42 هەزار دۆلاریان وەک خانەشینی 6 مانگ وەرگرتووە.

پەرلەمانتارێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە لەخولی دووەمی پەرلەمان دوای ئەوەی خانەنشین کراین هەریەکەمان 42 هەزار دۆلارمان وەک خانشینی 6 مانگ بەسەریەکەوە وەرگرت، وەک "پاداشتی خزمەت"، بەڵام 9 پەرلەمانتاری سەر بەلیستی کوردستانی کە لەم خولەش پەرلەمانتارن و پەرلەمانتارێکی سەر بەلیستی گۆڕان کە ئێستاش بەردەوامە لەکاری پەرلەمانتاری، بێ ئەوەی خانەنشین بووبن، ئەوانیش ئەو 42 هەزار دۆلارەیان وەرگرت".

ئەو پەرلەمانتارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "پێمگوتن وەریمەگرن شەرمە بۆ ئێوە ئەو پارەیە وەرگرن، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەداو وەریانگرت و هەندێکیشیان هەتا ئێستا پارەکەیان لەبانک دەرنەهێناوە لەترسی رۆژنامەنووسان و میدیاکان، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەو پارەیە ئێستا هی ئەوانەو لەحیسابی بانکیی ئەواندایە".

شێروان حەیدەری کە یەکێکە لەو 10 پەرلەمانتارەی ئەو پارەیەی وەرگرتووە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "هەموو پەرلەمانتارێک لەژیانیدا دەتوانێ ئەو پاداشتە وەربگرێت، راستە ئێمە ئێستا خانەنشین نەکراوین و هێشتا لەپەرلەمانین، بەڵام ئێمە ئەگەر لەداهاتوو خانەنشین کراین ئەو پارەیە وەرناگرین، لەبەرئەوەی ئێستا وەرمانگرتووە، ئەوپارەیەشمان وەک پاداشتی خزمەت وەرمانگرتووە".

هەر لەوبارەوە دکتۆر بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "کاری پەرلەمانتاری وەزیفەیەک نییە لەدەوڵەت تا پاداشتی وەزیفەیی لەسەر وەربگری، پاشان پەرلەمانتارێک کە هێشتا لەپەرلەمان بێت و خانەنشین نەکرابێت ئەوە کارێکی نایاساییە بچێ پاداشتی خزمەت و خانەنشینی وەربگرێت".

## رووداو ناوی وەزیرەکانی کابینەی شەشەم ئاشکرا دەکات

**تایبەت بە رووداو**

هەریەک لە پارتی و یەکێتی، شیوعی، بزووتنەوەی ئیسلامی، سۆسیالیست و تورکمان پاڵێوراوانی خۆیان بۆ پۆستی وەزیری پێشکێش کردووە، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری ناکات و چاوەڕوان دەکرێ پێکهاتەی کابینەکە رۆژی چوارشەممە رابگەیێندرێ.

رۆژی 2009/9/30 د.بەرهەم ساڵح و ئازاد بەرواری پاڵێوراوانی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆک و جێگری سەرۆکی وەزیرانی کابینەی شەشەم بە فەرمی لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راسپێردران بۆ پێکهێنانی حکومەت کە بەپێی یاسا دەبێ لە ماوەی مانگێکدا پێکهێنانەکەی تەواو بکەن. لەوبارەوە تەلەفزیۆنی (الحرە)، لەسەر زاری د. نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بڵاویکردەوە، کە کابینەی شەشەمی حکومەت رۆژی چوارشەممە رادەگەیێندرێت.

هەرچەندە کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاندبوو بەشداریی حکومەت دەکات، بەڵام زانا روستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند هێشتا د.بەرهەم و ئازاد بەرواری وەڵامی داواو مەرجەکانیان نەداوەتەوەو خۆشیان زیاتر پێیانخۆشە لە ئۆپۆزسیۆندا بمێننەوە " هەرچۆنێک بێت ئێمە بەشداری لەحکومەت ناکەین بەتایبەتی دوای لێدوانەکەی ئازاد بەرواری کە وتویەتی هەرکەسێک دێت بەخێربێت و هەر کەسێک نایێت بەخێرنەیێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، وەزیرە پێشنیازکراوەکانی پارتی بریتین لە (سەفین دزەیی بۆ وەزیری پەروەردە، دکتۆر عەلی سندی بۆ وەزیری پلاندانان، کەریم شنگاری بۆ وەزیری ناوخۆ، رەئوف رەشید بۆ وەزیری داد، د.ئاشتی هەورامی بۆ وەزیری سامانە سرووشتییەکان، سەمیر ئاکرەیی بۆ وەزارەتی شارەوانی) هەروەها د.نوری عوسمان وەک سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران. هەروەها یەکێتیش ئەوانەی بۆ پۆستی وەزیری دیاریکردووە (ئاسۆس نەجیب بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان،، دکتۆر تاهیر هەورامی بۆ وەزیری تەندروستی، د.دلاوەر عەلائەدین بۆ وەزیری خوێندنی باڵا، بایز تاڵەبانی بۆ وەزیری دارایی، شێخ جەعفەر مستەفا بۆ وەزیری پێشمەرگە). هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامی کامیلی حاجی عەلی پاڵاوتووە و داوادەکەن وەزارەتی ئەوقافیان پێبدرێ. حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانیش کە بڕیاری وەرگرتنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێدراوە، مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست زیاتر بەلای ئەوەدایە لەنێوان سابیر جەباری و مامۆستا رزگار یەکێکیان هەلبژێرێ کە رایەکان زیاتر بەلای پاڵێوراوی یەکەمدان. هەروەها بۆ تورکمانەکانیش سینان چەلەبی بەهێزترین پاڵێوراوی تورکمانەکانە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری. حیزبی شیوعی کوردستانیش د.هادی مەحمودی پاڵاوتووە بۆ وەزیری رۆشنبیری.

3

عیماد ئەحمەد:

# هاتوچۆ و دانیشتن لەنێوان پارتی و گۆڕان دا هەیە

**تایبەت بە رووداو**



عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند هاتوچۆ و دانیشتن لەنێوان پارتی و گۆڕان دا هەیە.

عیماد ئەحمەد، وەک جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەو هەڤپەیڤینەدا باس لە زۆر پرسی ئیداری و سیاسی دەکات و بودجەی ماوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کابینەی داهاتووی حکومەتی کوردستان لە بودجەی ئەمساڵدا ئاشکرا دەکات و دەڵێ "1تریلیۆن و 60 ملیار و 280 ملیۆن دینار لە بودجەی ئەمساڵ بۆ کابینەی شەشەم دەمێنێتەوە"، ئەو پارەیەش ئەو بودجەیە دەبێ کە دەبێ لە 10/1 تاوەکو 2009/12/30 لە بەغدا وەربگیرێت لە بودجەی ماوەی هەرێمی کوردستان لای حکومەتی بەغدا.

لەلایەکی دیکەوە عیماد ئەحمەد، ئەوەشی ئاشکراکرد کە لە ئەنجامی ئەو لیژنەیەی لەبارەی پارەی بودجەی رووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و بودجەی 2007 لەسەر پارێزگاری سلێمانی دروستکرا بە سەرۆکایەتی محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و لیژنەکە راپۆرتەکەی بەرزکردووەتەوەو دەڵێ " راپۆرتی خۆیان بەرزکردووەتەوە و پارێزگار بێتاوانە لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی"، بەڵام چەند فەرمانبەرێک لەسەر ئەوە خراونەتە زیندانەوە. لەکاتیکدا دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری سلێمانی بە لایەنگیری گۆڕان دادەنرێ و هەندێ کەس پێیوایە یەکێتی لەبەرئەوە تۆمەتی دەداتە پاڵ، عیماد ئەحمەد گوتی " پارێزگار خۆی زۆرجار لای من باسیکردووە، کە سەر بە گۆڕان نییە و نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات".

عیماد ئەحمەد، لەبەشێکی دیکەی ئەو هەڤپەیڤینەدا لەبارەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ " پارتی و گۆڕان دانیشتنیش دەکەن، بەڵام بەفەرمی نییە . هاتووچۆیان هەیە". هەرچەندە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە هیچ دانیشتنێک لەنێوان گۆڕان و یەکێتی نەکراوە وەک دوو لایەنی سیاسی، بەڵام عیماد ئەحمەد دەڵێ " بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوان ئێستا بزووتنەوەیەکی سیاسین". گوتیشی ئەوان ئێستا هیچ بودجەیەک نادەنە کۆمپانیای وشە، بەڵام مووچەی ئەو ئەندام سەرکردایەتیانەی چوونەتە کۆمپانیای وشە تاوەکو ئێستا "ماوەو بەردەوامیشە".

9

# گەنجانی سلێمانی خوێنەرترین گەنجی کوردستان و عێراقن

**تایبەت بە رووداو**

بەپێی رووپێوێکی وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان و عێراق گەنجانی سلێمانی خوێنەرترین گەنجی کوردستان و عێراقن. رێژەی ئەوانەی دەخوێننەوە لە سەرتاسەری عێراق و کوردستان 21%ە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو رووپێوە، کە تائێستا بڵاونەکراونەتەوە، رێژەی خوێندنەوە لەنێو گەنجانی عێراق و کوردستان بەشێوەیەکی گشتی کەمە کە دەگاتە 21.5%. لە خوێندنەوەدا گەنجانی سلێمانی پشکی شێریان بەردەکەوێ بە رێژەی 52.1%، دوای سلێمانیش، هەولێر بە رێژەی 43.5% دێت و دهۆکیش بە رێژەی 18.7%، گەنجانی دیالەش زۆر کەم دەخوێننەوە بە رێژەی 9.1%.

ئەو رووپێوە لە 2009/4/12 لەلایەن هەردوو وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان و عێراق ئەنجامدراوەو ماوەی 20 رۆژی خایاندووە، لەسەرجەم پارێزگاکانی کوردستان و عێراق لەنێو خێزانەکاندا ئەنجامدرا وەو 19600 کەس کە تەمەنیان لەنێوان 10-30 ساڵیدا بووە بەشدارییان تێدا کردووە.

بەپێی ئەنجامی رووپێوەکە 7.6%ی گەنجانی بەشداربووی رووپێوییەکە ئامادەن لەگەڵ تووشبووانی ئایدز نان بخۆن. 14.3%ی گەنجانیش ئامادەن تەوقە لەگەڵ تووشبووانی ئایدز بکەن. هەروەها تەنیا 13.8%ی کوڕان دەزانن کۆندۆم چییە. کچانیش لە کوڕان پتر نیشانەکانی باڵقبوونی خۆیان دەزانن "بەپێی رووپێوەکە 94.5%ی کچان نیشانەکانی پێگەیشتنی مێ دەزانن، 91.4%ی کوڕانیش نیشانەکانی پێگەیشتنی نێر دەزانن".

سەبارەت بە بەشداری گەنجانیش لە پرۆسەی سیاسییدا رووپێوەکە دەریخستووە 86%ی گەنجانی کوردستان و عێراق بە نیازن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بەشداری بکەن. زۆرترین رێژەی ئارەزووی بەشداریکردنیش لە پارێزگای کەربەلایە بەرێژەی 96.3% و کەمترین ئارەزووی رێژەی بەشداریش لە پارێزگای ئەنبارە بە رێژەی 66.5%. هەرچی پارێزگاکانی کوردستانە رێژەکە بەو شێوەیە: دهۆک 91.5%، کەرکووک 90.7%، سلێمانی 83.1% و هەولێر 81.5%.

4

## ئەمجارە کورد پشتیوانی مالیکی ناکەن



ڕووداو-cfr.org

یوست هیلتەرمان جێگری بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیای گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان رایگەیاند لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا کورد هێزێکی کاریگەری لە هاوکێشەی سیاسییەکاندا دەبێ و ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەبێ کورد لێی رازی بن دەنا ئەو پۆستە وەرناگرێت. هیلتەرمان گوتیشی نووری مالیکی هەوڵدەدات ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران "بەڵام زۆر زەحمەتە ئەمجارە کورد پشتیوانی لە مالیکی بکەن".

# لە بەغدا کوردی فەیلی داوای خوێندن بە شێوەزاری فەیلی دەکەن

## لیژنەی هەماهەنگیی کوردانی فەیلی: چیتر وەک عوسمانییەکان سەیرمان مەکەن

**ڕووداو-بەغدا**

لەبەغدا ژمارەیەک قوتابخانە بۆ خوێندنی زمانی کوردی دەکرێنەوە و کوردانی فەیلیش داوای خوێندن بە شێوەزاری فەیلی دەکەن.

لیژنەی هەماهەنگی کوردانی فەیلی ستایشی ئەم هەنگاوە دەکات و گەڕانەوەی 27 خێزانی دەرکراوی فەیلی لە خێوەتگەی چەهرەمی ئێران بۆ بەغدا بە هەنگاوێکی ئەرێنی دادەدنێت .بەڵام لەهەمانکاتدا گلەیی لە پەرلەمانی عێراق دەکەن بەهۆی پەکخستنی هەندێ پرۆژەی تایبەت بە گەڕانەوەی مافەکانیان.

لیژنەی هەماهەنگی کوردانی فەیلی کە لە یەکێتیی دیموکراتی کوردی فەیلی و پەرلەمانی کوردە فەیلییەکانی عێراق و ڕێکخراوی کوردە فەیلییە ئازادیخوازەکان پێکدێت، لە بەیاننامەیەکدا بە بۆنەی کردنەوەی قوتابخانەکانی تایبەت بە خوێندنی زمانی کوردی لە بەغدا و ئەو ناوچانەی ماددەی 140 دەیانگرێتەوە، ڕەخنە لە داوودەزگاکانی حکومەتی عێراق دەگرێت، کە وەک پێویست بە پیر داخوازی و چارەسەری مەینەتییەکانی ئەوان نەچوون. لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە" داوودەزگاکانی حکومەتی عێراق و باڵیۆزخانەکانی عێراق بەهەمان بیرۆکراتیەت و ڕۆتینی سەردەمی عوسمانییەکان ئاستەنگ دەخەنە بەردەم کوردە فەیلییە دەرکراوەکان و گرێ کوێرە بۆ دەستەبەرکردنەوەی ڕەگەزنامەی عێراق دروستدەکەن و گومان دەخەنە سەر بەڵگەکانیان و داوای بەرتیلیان لێدەکەن".

لەبەیاننامەکەدا وێڕای ئاماژەدان بە پشتیوانی هەریەک لە تاڵەبانی و بارزانی و مالیکی لە دۆسییەی کوردانی فەیلی، بەڵام ڕەخنەی توند لە پەرلەمانی عێراق گیراوە، کە تائێستا لاپەڕەی مەینەتییەکانی کوردە فەیلییەکانی هەڵنەداوەتەوە.

بەیاننامەکە بەجۆرێک لە هەڕەشەکردنەوە کۆتایی پێهاتووە و دەڵێ" دوای شەش ساڵ و نیو چاوەڕوانی پێویستە بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە کوردانی فەیلی جێبەجێ بکەن، ئەگینا هەر سێ مانگ بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ماوە".



کوردانی فەیلی گلەیی ئەوە دەکەن کە هیچ نەکراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی خوێنی شەهیدانیان و موڵک وماڵی زەوتکراویان (فۆتۆ:AFP)

# 70 %ی مادە بێهۆشکەرەکان لەدەستی ئاسایشی سلێمانی قوتار دەبێ

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سلێمانی**

لێپرسراوی بەشی مادە بیهۆشکەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی رایگەیاند ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مەترسیی مادە بێهۆشکەرەکان بەگوێرەی پێویستی واقیعەکە نییە"ئاسایش توانیویەتی تەنیا دەست بەسەر 30%ی ئەو مادانەدا بگرێت کە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان".

عەمید جەلال ئەمین بەگ، لێپرسراوی بەرەنگاربوونەوەی بەشی مادەبێهۆشکەرەکان لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە "ئەو شێوازەی ئاسایش بەکاری دێنێ بۆ دۆزینەوەی ئەو مادانە، کۆن و تەقلیدییەو هیچ ئامێر و دەزگایەکی نوێمان نییە بەکاری بێنین، ئەوەی دۆزیومانەتەوەش لەسەر سەلیقەی کارمەندەکان و دڵسۆزی ئەو کەسانەیە کە بەنهێنی هەواڵدەدەنە ئاسایش".

بەگوێرەی ئامارێکی بەشی مادە بێهۆشکەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو)، لە 10 مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا 45 کەس بەتاوانی بازرگانیکردن و کێشانی مادە بیهۆشکەرەکان دەستگیرکراون. بەشێک لەو کەسانە لەلایەن دادوەرەوە سزا دراون و بەشێکی دیکەیان هێشتا دۆسییەکانیان لەدادگا یەکلایی نەبوونەتەوە.

لێپرسراوی بەرەنگاربوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، پەرەسەندنێکی زۆر ترسناکی ئاشکرا کرد و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئەمساڵ هەموو جۆرەکانی مادە بێهۆشکەرەکان هێنراونەتە کوردستان، لەوانە: کراک، حەشیش، کۆکاین، تلیاک، هیرۆین". گوتیشی "زۆرترینیان لەسنوورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هاتوون".

تا سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، عێراق لەڕیزی پاکترین ئەو وڵاتانەدا بوو لەڕووی کەمی مادە بێهۆشکەرەکانەوە، بەڵام ئێستا جگە لە زۆربوونی بەکارهێنەرانی جۆرەکانی ئەو مادانە لەکوردستان و عێراق، یەکێکیشە لەو وڵاتانەی کە بە پردی پەڕینەوەو بەقاچاخبردنی مادە بێهۆشکەرەکان دادەنرێ.

بەڵام لێپرسراوی بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان لەئاسایشی سلێمانی جەختی لەوەکردەوە "ئێستا لەکوردستان کێشانی ئەو مادانە نەبووەتە دیاردەو، بازرگانیکردنیش پێیانەوە نەچووەتە بازنەی مافیاگەرییەوە، بەڵام دەبێ ئامادەسازی زیاتر بکرێ بۆ بەرگرتن لە تەشەنەسەندنی".



### ئەمساڵ هەموو جۆرەکانی مادە بێهۆشکەرەکان هێنراونەتە کوردستان

بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی

# لە بەغدا ڤیزای حەج بە 6000 دۆلارە

## حەملەدارێک : ڤیزەی حەج لە کوێت بە 2 هەزار دۆلارە چۆن بە 6 هەزار دەیکڕم

لەبەغدا ڤیزای حەج بە 6 هەزار دۆلار دەفرۆشرێت و وەزارەتی ئەوقافی کوردستانیش هاوولاتیان ئاگادار دەکاتە نەکەن بیکڕن.

سەرچاوەیەک لە بەغداوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە ڤیزای حەج بۆ فرشتن هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە بەشی تەرخانکراوی کوردستانەوە نییە، لەبەرامبەردا سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی، بەڕێوەبەری گشتیی حەج وعومرەی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" تائێستا بەهیچ شێوەیەک دیاردەی فرۆشتنی ڤیزای حەج لەکوردستان نەبووە، ئەگەر هەر حالەتێکیشی ئاشکرا ببێت بەتووندی لەدژی دەوستین، چونکە کڕین و فرۆشتن بەهەموو شتێک بکرێت، نابێ بە حەج بکرێت".

ئەو سەرچاوەیەی بەغدا بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، کە ئەو ڤیزانە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردستانەوە نییە، لە بەغداوە وەجبەیەکیان لێ فرۆشتووە، هەر دانەی بە 6هەزارە، ساڵانی پێشتریش بەم شێوەیە بەشی زیادەی عێراق لەو ڤیزانە فرۆشراون.

حەملەدارێک کە نرخی ئەو ڤیزانەی حەجی پێ زۆربوو، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە کوێت ڤیزەی حەج بە 2هەزار دۆلارە، هەرچی بەڕێوەبەری حەج و ئەوقافە لەبارەی ئەم دیاردەوە گوتی"ئەگەر ئەو دیاردەیە لەنێوەڕاست و خوراووی عێراقیش هەبێت، ئێمە دژی دەوەستین و دەستەی باڵای حەجی عێراقیشی لێ ئاگادار دەکەینەوە، جگە لەوە ئەگەر بزانین هەرکەسێک لەکوردستان بەم شێوە ڤیزا بکڕێت لێی قبول ناکەین و بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنادەین لەکوردستانەوە بڕوات، چونکە حەج روکنێکی ئیسلامە و دەبێ بەپاکی بکرێت ".

بەڕێوەبەری گشتی حەج ئەوەشی ڕوونکردەوە کە جۆرێکی دیکەش هەیە ئەویش ڕەزامەندی تایبەتە، ئەوەش پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە نییە، ئەو جۆرەش بەرپرسانی کورد لەبەغدا خۆیان لەڕێگەی دەستەی باڵای حەج و عومرەی کوردستان بەدەستیان هێناوە، دەیانەوێت لەکوردستانەوە بڕۆن دوای ئەوەی بەنووسراوی فەرمی ڕەوانەی هەولێر دەکرێن، ئاسانکارییان بۆ دەکرێت.

ساڵانە حکومەتی سعودییە، ڕێگە بە 31 هەزار حاجی عێراقی دەدات سەردانی حەج بکەن، کە بۆ ئەم ساڵ 4500حاجی بەر کوردستان دەکەوێت، لەنێوان 5تا 11/15 لەفڕۆکەخانەی سلێمانییەوە، بەسێ فڕۆکەی عێراقی بەرەو سعودیە دەچن.

لە بارەی بەشی کوردستانەوە شێخ سەلاح ڕوونیکردەوە" لەساڵانی ڕابردوودا بەشی کوردستان 4250 حاجی بوو، کە3900 بۆ حاجی و350 کەسیش بۆ کارگێڕی و مورشیدی ئاینی و فەرمانبەرەکان بوو، بەڵام ئەمساڵ دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیمان مۆڵەت بۆ 250 حاجی دیکەش وەربگرین، لەو ژمارەیەش 150 دراوەتە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان، بۆکەسوکاری شەهیدان و 25 ی دیکەشمان وەک ڕێزلێنانێک داوەتە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، کە هەریەکەیان سەربەستن کێ دەستنیشان دەکەن، ئەو بەشەی کە ماوەتەوە خستوومانەتە سەر ژمارەی گشتی حاجیان".

### هەر کەسێک ڤیزەی حەج بکڕێت نابێ لەگەڵ حاجیانی کوردستا بڕوات

بەڕێوبەری گستی حەج و عەمرەی کوردستان

# هەواڵێک 2 قایمقامی لەسەر سنوور گێڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان

**ڕووداو-سلێمانی**

لە کاتێکدا بڕیاربوو بەسەردانێکی فەرمی هەر یەک لەقایمقامی قەزای ناوەندیی سلێمانی و قایمقامی پێنجوێن لەڕێگەی سوریاوە بچنە لوبنان، هەواڵی ماڵپەڕی چاودێر، گەشتی ئەو دوو قایمقامەی تێکداو گەڕانەوە.

هەر یەک لە زانا محەممەد ساڵح، قایمقامی قەزای ناوەندیی سلێمانی و عەزیزی مینە سۆفی، قایمقامی پێنجوێن لەکاتێکدا چووبوونە سەرسنووری سووریا بۆ چوونە لوبنان، بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری ئیداری، هەواڵێکی ماڵپەڕی چاودێر سەردانەکەی لێتێکدان و گەڕانەوە .عەزیزی مینەسۆفی لەکاتی گەڕانەوەی بە (ڕووداو)ی گوت" گەڕاینەوە بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە بەدرۆبخەینەوە ". هەواڵەکەی ماڵپەڕی چاودێر سەفەری ئەو دوو بەرپرسە ئیدارییەی بە" هەڵاتن" ناوبردبوو، وەک ئەو نووسیبووی بەهۆی تێوەگلانیان لە کاری گەندەڵی، هەردوو قایمقام نێویان لەنێو لیستەی ئەوبەرپرسە ئیدارییانەدایە، کە یەکێتی نیشتمانی لەبەرنامەیدایە لەسەر کارەکانیان لایان بدات.

مینەسۆفی ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی " هەرلەسەر سنوورەوە ڕوونکردنەوەمان دایە ئەو ماڵپەڕە". وەک قایمقامی پێنجوێن زیاتر بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، ئامانج لەسەردانە فەرمییەکەیان بۆ لوبنان، ئامادەکاری بووە بۆ پرۆژەیەکی گەشتیاری لەسنووری ناوچەی پێنجوێن.

## کۆنگرەی مەلایان دواخرا

# سەرۆکایەتی یەکێتی زانایان بەرامبەر وەزارەتی ئەوقاف دەبێت

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو-هەولێر**

وابڕیار بوو ڕۆژی 2009/10/25 هەردوو یەکێتی زانایانی ئاینی هەولێر و سلێمانی لەگەڵ مەلایانی لایەنە ئیسلامییەکان لەکۆنگریەکدا یەکبگرنەوە، بەڵام بەهۆیەکی نادیار بەستنی کۆنگرەکەیان دواخست. سەرچاوەیەکیش گوتی هەندێک لەئەندامانی کۆنگرە سەرقاڵن بەکاری حەج، بۆیە کۆنگرە دواخرا.

دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بەشێک لە سەندیکا و ڕێکخراو و کۆمەڵەکان کە لە دەرئەنجامی دوو ئیدارەیی کەرتببوون یەکیان گرتەوە. هەندێکیشیان تائێستا بە یەکنەگرتوویی ماونەتەوە کە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی یەکێکە لەوان.

چەند مانگێک بەر لە ئێستا یەکێتی زانایانیهەردوولاکۆنفرانسەنێوخۆییەکانیان بەست و لە کۆی 5 هەزار ئەندام لە هەردوولا 267 کەس بە ئەندامی کۆنگرە هەڵبژێردران. دواتریش لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاریاندا لە 2009/10/25 کۆنگرەی یەکگرتنەوە ببەستن، بەڵام دوو هەفتە پێش ئێستا بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

هەرچەندە دەگوترێ دواخستنی کۆنگرە بەهۆی ئەوەیە چونکە بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرە سەرقاڵی ئەنجامدانی حەجدەبن لەوکاتەدا، بەڵام سەرچاوەیەک لە یەکێتی زانایانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " خودی مەلا محەممەد ئاکرەیی، سەرۆکی یەکێتی زانایانی هەولێر هۆکاری دواخستنی کۆنگرە بووە، چونکە ئەو دڵنیایە جارێکی دیکە بە سەرۆک هەڵنابژێردرێتەوە، بۆیە بەمەکتەبی سیاسی پارتی ڕاگەیاندووە، بەستنی کۆنگرە لەوکاتەدا زیان بە ئەندامانی پارتی دەگەیێنێت "، بەپێی قسەی هەمان سەرچاوە "ڕەنگە کاتی بەستنی کۆنگرەکە بکەوێتە سەرەتای مانگی ئازاری 2010".

د.محەممەد گەزنەیی، سەرۆکی یەکێتی زانایانی سلێمانی، دڵگرانە بەدواخستنی کۆنگرەکە، بەڵام ڕەتیکردەوە دەستی سیاسی لەپشت دواخستنی کۆنگرەکە بێت. ناوبراو بۆ (ڕووداو) گوتی "پێمگوتن، هۆی دواخستنی کۆنگرەکە چییە، گوتیان هێشتا خۆمان بەتەواوی ئامادەنەکردووە، بەڵام من لەلای خۆمەوە ڕازی نەبووم بە دواخستنی کۆنگرە".

بەڵام مەلا محەممەد ئاکرەیی، سەرۆکی یەکێتی زانایان لە هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ تەلەڤزیۆنی (پەیام) ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا و بە ڕەزامەندی هەردوولا بڕیاری دواخستنەکە درا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەتوون، لە پێکهاتەی کابینەی شەشەم دا ئەگەر هەرلایەک لە پارتی و یەکێتی وەزارەتی ئەوقاف وەربگرێ، لایەکەی دیکە سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دادەنێ.

یەکێتی زانایان هەر لە ئێستاوە دەیانەوێ ویژدانی ئەندامان بە پارە بکڕن. ئەندامێکی کۆنگرە کە نەیویست ناوی بهێندرێ ئاشکرایکرد "ڕۆژی 14ی ئەو مانگە لەسەر داوای مەلا محەممەد ئاکرەیی بانگهێشت کراین و نیوەڕۆ خوانێکیان لە هۆڵی یەکێتی زانایان بۆ ڕێکخستین، لە پاشان 150 هەزار دیناریان دایە هەر ئەندامێک، هەستدەکەم ئەم پارەیە بۆ ئەوە بوویێت دیسان دەنگ بە مەلا محەممەد ئاکرەیی بدەین"، گوتیشی "من وەکو ئەندام کۆنگرەیەک زۆرم پێناخۆشبوو کۆنگرەکە دواخرا".

مەلا جەبار مەنتک، بەڕێوەبەری گشتی کارگێری یەکێتی زانایان، دواخستنی کۆنگرەی بە چەند هۆیەکی تەکنیکی بەستەوەو ڕایگەیاند "دواخستنی کۆنگرە تەنیا لەبەر چەند هۆیەکی هونەری بووە، کەی کێشەمان نەما ئەوکات بە بڕیاری دەستەی کارگێری هەردوولا کاتێک دادەنێین بۆ بەستنی کۆنگرە".

# گۆڕان داوای بودجەی حیزب دەکات

**هێمن مامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆمپانیای وشە، بزووتنەوەی گۆڕان داوا دەکات وەک حیزبەکانی دیکە بودجەی پێبدرێت .

ئاواتی شێخ جەناب، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە لەبارەی ئەوەی کە کۆمپانیای ناوبراو خەرجییە داراییەکانی خۆی لەکوێوە دابین دەکات، گوتی "ئێمە لەداهاتوودا داوای بودجەی حیزب دەکەین بەگوێرەی ئەو کورسیانەی کە لەپەرلەمان هەمانە، لەئێستاشدا گۆڕان خاوەنی بنکەیەکی فراوانی جەماوەرییەو بەو پشتیوانییە جەماوەرییە دەژیت".

ئاوات شێخ جەناب ڕەتیکردەوە کە خەڵکێکی زۆر لەناو گۆڕانەوە گەڕابنەوە ناو یەکێتی و گوتی "گۆڕان حیزبێک نییە تا دامەزراوەو کۆمیتەو ڕێکخستن و مەڵبەندی هەبێت، بۆیە ئەوانەی دەڵێن خەڵک لەناو گۆڕانەوە دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی درۆیەکی پەتییە".

سەبارەت بەو تەنگژە داراییەش کە بزووتنەوەی گۆڕان تێیکەوتووە، گوتی "ئێمە وەکو یەکێتی و پارتی فەرمانبەری حیزبیمان نییە، ئەوانەی لەگەڵ ئێمە کاردەکەن هەموویان خۆبەخشن و ئێمە نامانەوێت بەپارە خەڵک رابکێشین و هەڵەی یەکێتی و پارتی دووبارە ناکەینەوە، ئەو هەموو مووچەخۆرە لەخۆمان کۆبکەینەوە". گوتیشی "ژمارەی ئەو کەسانەی لەناو یەکێتییەوە دێنە ناو گۆڕان زۆر زۆر زیاترن لەو چەند کەسەی دەچنەوە ناو یەکێتی".

## ڕێککەوتنامەی جەزایر دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە



**رووداو-کونا**

**مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی داوایکرد ڕێککەوتنامەی جەزایری نێوان عێراق و ئێران هەڵبوەشێنرێتەوە" پێویستە ئەو ڕێککەوتنامەیە هەڵبوەشێنرێتەوە یا لانیکەم ئەو بڕگەیەی لێ لاببرێت کە باسی دژایەتیکردن وراونانی کورد دەکات". وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق لەتیف ڕەشید ئێستا لە ئێرانە بۆ گفتوگۆ لەبارەی دوارۆژی سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکانی نێوان عێراق وئێران.**

### نێچیرڤان بارزانی بۆ (رووداو):

# داوای فراوانکردنی هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەین لە تورکیا



**تایبەت بە رووداو**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کرانەوەدا بەرامبەر کورد بە "ئەرێنی" هەڵدەسەنگێنێ و هۆشداری دەدات کە PKK بە ئەنجامدانی رەفتاری ئیستیفزازیانە ئەو پرۆسەیە لەبار دەبات و هەڵوێستی شۆڤێنیست و دوژمنانی پرۆسەکە بەهێز دەکات.

نێچیرڤان بارزانی، لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو)دا سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی ئەو دواییەی تورکیا و ناردنەوەی دوو گرووپی ئاشتی لەلایەن PKKەوە بۆ تورکیا گوتی " ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەو هەنگاوانەی لەلایەن تورکیا دەنرێن بۆ کرانەوەی بەرەو کورد لەتورکیا و پێمانخۆشە ئەو هەنگاوانە فراوانتر بکرێن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، هەروەها خودی هەنگاوی چوونەوەی گرووپەکانی ئاشتی بە شتێکی باش دادەنێین و دەستپێکێکی گرنگە، بەڵام دان بەخۆداگرتن و لۆجیکیانە هەڵسوکەوتکردن زۆر پێویستە، چونکە ئەو کێشەیە خاوەن مێژوویەکی خوێناوییە و بەشەو و رۆژێک چارەسەر نابێ. بۆیەش ئێمە رێز لە هەنگاوەکانی بەڕێز سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گیول و بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەگرین، کە دوای 80 ساڵ لە ئینکارکردن لە بوونی کورد لە تورکیا، ئەو هەنگاوانە بۆ کرانەوەی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کورد دەهاوێژن، بەڕاستی هەنگاوەکانیان مایەی ئەوەن لەلایەن هەموو کوردەوە پشتیوانییان لێبکرێ".

هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی (رووداو)دا، سەبارەت بە ڤیزەنەدان لەلایەن تورکیاوە بە گرووپی سێیەمی ئاشتی کە بڕیاربوو لە ئەورووپاوە بگەڕێتەوە تورکیا، هەروەها دوای گەڕاندنی ئەو دوو گرووپەی دووەم بە چەند شارێکی باکووری کوردستاندا، هێزە بەرهەڵستکار و گرووپە شۆڤێنییەکانی تورکیاش چەندان خۆنیشاندانیان دژی ئەو پرۆسەیە دەستپێکرد، بەو هۆیەوە هەست بەوە دەکرێ جۆرە پاشەگەردانییەک بووە، بەپێچەوانەی سەرەتای هەنگاوەکە. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە گوتی " ناردنەوەی گرووپەکانی ئاشتی لەلایەن PKKەوە کارێکی باش بوو، هەنگاوێکی پیرۆزبوو لە رێگەی ئاشتی دا، بەڵام شێوازی ناردنەوەیان ئیستیفزازیانە بوو، پێویستە PKK بەشێوازێکی مەنتیقیانە و عاقلانە رەفتار بکات، چونکە PKK دەبێ هەنگاوی ناردنەوەی ئەو گرووپانە بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی کرانەوەی ئێستای تورکیا بەکاربێنێ، بۆ پێکەوەژیانی کورد و تورک بەکاربێنێ، نەک بۆ وروژاندنی رای گشتیی تورکیا دژی پرۆسەکە و بەهێزکردنی ئەوانەی دژی پرۆسەکەن، ئەو 36کەسەی نێردرانەوە، بە ئازادی چوونەوە وڵاتی خۆیان، بۆیەش دەبێ PKK بیر لە هەنگاوی دیکە بکاتەوە بۆ فراوانکردنی پرۆسەکە، نەک رەفتاری ئیستیفزازیانە".

لەساڵی 1999دا دوو گرووپ، گرووپێک لە ئەورووپا و گرووپێکی دیکەش لەچیاوە کە بریتیبوون لە 8 گەریلا لەسەر داوای سەرۆکی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان چوونەوە بۆ تورکیا، بەڵام ئەوکات ئەو دوو گرووپە یەکسەر خرانە زیندان و ئێستاش هەندێکیان هەر لە زیندان دان. دوران کالکان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK لە لێدوانێکیدا بۆ (رووداو) رۆژێک پێش چوونەوەی ئەو دووگرووپە لە 2009/10/19 دا بۆ تورکیا گوتی "ئێمە دەزانین تورکیا ئەو گرووپانەی ئاشتیش دەخاتە زیندانەوە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئامادەیی خۆمان بۆ ئاشتی دەیاننێرین". بەڵام جگە لە لێکۆڵینەوەیەکی چەند کاژێری کەس لەو 36 کەسە تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکران، کە هەندێکیان بەجلوبەرگی گەریلاوە هەتاوەکو ئامەد چوون.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی " هیوادارین PKK لەپێناو سەرخستنی ئەو پرۆسەیە، دەست لە هەموو جۆرە رەفتارکردنێکی ئیستیفزازیانە هەڵبگرێ، هیوادارین ئەو رەفتارانە دووبارە نەبنەوە، بۆ ئەوەی بەو رەفتارانەیان نەبنە هۆی راگرتنی ئەو پرۆسەیە کە دوژمنی زۆرە، چونکە بەو رەفتارانەیان دەبنە هۆی پەککستنی هەوڵەکانی هەموو ئەو کەس و ناوەندانەی هەوڵی چارەسەرکردنێکی سیاسی و ئاشتیانەی کێشەی کورد دەدەن لە تورکیا و هاوکاری ئەو کەسانە دەکەن کە نایانەوێ و لەبەرژەوەندیاندا نییە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێ".

### کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری حکومەت ناکات

# کچێکی گەرمیانی دەبێتە وەزیری شەهیدان




**رووداو- هەولێر، سلێمانی**

بڕیارە رۆژی چوارشەممەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان متمانە ببەخشێتە کابینەی شەشەم، بەڵام تائێستا گفتوگۆکانی د. بەرهەم و ئازاد بەرواری لەگەڵ لایەنەکان کۆتایی نەهاتووە.

لەلایەکی دیکەوە تەلەڤزیۆنی (الحره)، لەسەر زاری د. نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بڵاویکردەوە، کە کابینەی شەشەمی حکومەت لەرۆژی چوارشەممەدا رادەگەیێندرێت، بەڵام سەرچاوەیەکی یەکێتی گومان دەکات کە لەم هەفتەیەدا کابینەی شەشەم پێکبهێنرێت و، پێیوایە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان سەرکەوتوو نییە"ئەمەش کاتی زیاتری دەوێ".

سەرچاوەیەکی نزیک لە گفتوگۆی د. بەرهەم و ئازاد بەرواری لەگەڵ لایەنەکان بۆ (رووداو) ئاشکرای کرد، کە بەشداریکردنی هەریەک لەسۆسیالیست، زەحمەتکێشان، بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبی شیوعی یەکلایی بووەتەوە، بەڵام تائێستا کۆمەڵی ئیسلامی وەڵامی مەرجەکانی خۆی وەرنەگرتووەتەوە، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "مەرجەکانی کۆمەڵی ئیسلامی جێبەجێ ناکرێن، چونکە زۆرن". پێشتریش لەدیدارێکی رۆژنامەوانیدا، ئازاد بەرواری رایگەیاندبوو کە ئەوان مەرجی کەس قبوڵ ناکەن و هەر لایەنێک بەشداری حکومەت بکات وەڵام لای خۆیەتی.

محەممەدحەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، لەبارەی ئاکامی گفتوگۆکانیانەوە گوتی "کاک بەرهەم لەکاتی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان پێیگوتین لەو رۆژانەدا لەگەڵتان دادەنیشمەوە، ئەوە دوا هەواڵی بەشداربوون و بەشدارنەبوونی ئێمەیە لەحکومەت". بەڵام زانا رووستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بەشێوەیەکی راشکاوانەتر گوتی ئەوان وەک ئۆپۆزیسیۆن دەمێننەوەو لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "بڕیارە ئەمڕۆ (یەکشەممە) د.بەرهەم خۆی بێتە لامان و گفتوگۆ لەسەرداخوازیەکانمان بکەین، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئێمە بەشداری لە حکومەت ناکەین، بەتایبەتی دوای لێدوانەکەی ئازاد بەرواری کە وتویەتی هەر کەسێک دێت بەخێربێت و هەرکەسێک نایێت بەخێر نەیێت". رووستایی پێیوایە نە ئەوان ناچارن بەشداری حکومەت بکەن و نە لیستی کوردستانیش ناچارە بەشداریی بە کۆمەڵی ئیسلامی بکات و گوتشی " ئێمە بڕیارمانداوە وەک ئۆپۆسیۆن بمێنینەوە، ئەگەر داخوازیەکانیشمان جێبەجێبکەن، چونکە ئێمە هەر لەسەرەتاوە بڕیارماندابوو کە وەک ئۆپۆزیسیۆن بمێنینەوە، بەڵام دواتر برادەران داوایان کرد بەشداری لەحکومەت بکەین، ئێمەش نەمانویست داواکەی ئەوان رەتبکەینەوەو هەموو دەرگاکان دابخەین، ئێستاش کە ئەو لێدوانەی ئازاد بەرواریمان بینی، بەڕاستی بەهیچ شێوەیەک نامانەوێ بەشداری بکەین".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو )کەوتوون لە گفتوگۆکاندا بزووتنەوەو کۆمەڵی ئیسلامی باسی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقیان کردووەو ئەگەر کۆمەڵ بەشداری لەحکومەت بکات ئەوا لەو هەڵبژاردنەی داهاتوودا لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی دادەبەزێت، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش دەڵێ "پارتی و یەکێتی سوود لەدەنگی ئەندامانی کۆمەڵ وەرناگرن وئەزموونی رابردوومان لەبەردەستە". فەرید ئەسەسەرد گوتیشی "ئەگەر لە بەشداری پێکردنی کۆمەڵی ئیسلامیدا بۆ ناو حکومەت مەرجی ئەوەش هەبێت کە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لەگەڵ لیستی پارتی و یەکێتی دابەزێت، ئەوا بەپێی ئەزموونەکانی رابردوو کە لەبەردەستمانە، دەنگی ئەندامانی کۆمەڵ بۆ لایەنێکی دیکەی ئیسلامی دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی دەڕوات". وەک ئەسەسەرد باسیکرد "ئەوە کێشەی پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو کێشەی سەرکردایەتی کۆمەڵە، کە ناتوانێ ئەندامەکانی پابەند بکات بە بڕیاری سەرکردایەتییەکەیەوە"، هەروەها گوتیشی "هەر حیزبێک بەشداری لەحکومەت بکات، زۆر ئاسانتر لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەشداری دەکات".

بەپێی زانیارییەکان هەندێک لەو مەرجانەی کۆمەڵی ئیسلامی خستوویەتییە بەردەم د. بەرهەم و ئازاد بەرواری، وەرگرتنی دوو وەزارەت و زیادکردنی بودجەی کۆمەڵە لە 300 ملیۆنەوە بۆ یەک ملیارو دامەزراندن و خانەنشینکردنی 600 کەسی کۆمەڵی ئیسلامی و چەند مەرجێکی دیکەیە، بەڵام محەممەد حەکیم هیچ کام لەو مەرجانەی پشتڕاست نەکردەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، تەنها چوار وەزیری کابینەی پێشوو لە جێگەی خۆیان دەمێننەوە، سەرچاوەیەکیش لە یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "کچێکی گەرمیانی بە ناوی ئاسۆس نەجیب دەکرێتە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، د.تاهیر هەورامی بۆ وەزیری تەندروستی و د. دلاوەر عەلائەدین دەکرێتە وەزیری خوێندنی باڵا "، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "بایز تاڵەبانی، وەک وەزیری دارایی، شێخ جەعفەر مستەفا، وەک وەزیری پێشمەرگە لە بەشی یەکێتی دەمێننەوەو ئاشتی هەورامی وەک وەزیری سامانە سروشتییەکان و کەریم شنگاری وەک وەزیری ناوخۆ لەبەشی پارتی لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە".

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون پارتی ئەو ناوانەشی بۆ وەزیری پاڵاوتووە (عەلی سندی بۆ وەزیری پلاندانان، سەفین دزەیی بۆ وەزیری پەروەردە، رەئوف رەشید بۆ وەزیری داد، سەمیر ئاکرەیی بۆ وەزارەتی شارەوانی". لەلایەکی دیکەشەوە د. نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە.

دوای ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی سێ کاندیدی پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری، کاندیدەکەیان یەکلایی کراوەتەوە. ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "کامیلی حاجی عەلی، کاندیدی ئێمەیە بۆ وەرگرتنی وەزارەت، کە رەنگە وەزارەتی ئەوقافمان پێبدرێت، بەڵام هێشتا ئەوە 100% نییە".

حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانیش کە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پۆستەوگەیاندن و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی خرابووە بەردەم، دوا بڕیار وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پەسەند کردووە. عەبدوڵڵا حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "مەکتەبی سیاسی بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر یەکێک لەو سێ کاندیدەی کە بۆ وەرگرتنی ئەو وەزارەتە دەست نیشانمان کردووە کۆدەبێتەوە". ناوە دیارەکانی نێو کاندیدەکانی سۆسیالیست بریتین لە : سابیر جەباری و مامۆستا رزگار. عەبدوڵڵا حاجی مەحمود گوتی "هەرچەندە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بڕیار دەدەن کە کێ دەبێتە وەزیر، بەڵام من وای بۆ دەچم کاک سابیر جەباری پەسەند بکرێت".

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانیش دراوەتە حیزبی شیوعی و د. هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی دەبێتە وەزیر. سەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی ئەو هەواڵەی پشتڕاست کردەوەو گوتیشی "تاکە پاڵێوراوی حیزبی شیوعی د. هادی مەحمودە".

### تورکمانەکان یەک دەنگ نین سینان چەلەبی بکرێتە وەزیر

# سینان چەلەبی لە تورکیاوە دەهێنرێتەوە کوردستان و دەکرێتە وەزیر

**فریاد محەممەد**
**رووداو-هەولێر**

وا بڕیارە وەزارەتێکی کارا لە کابینەی داهاتووی حکومەتی کوردستان بدرێتە تورکمانان و بەهێزترین کەسیش بۆ وەرگرتنی پۆستی ئەو وەزارەتە سینان چەلەبییە، کە ئێستا نیشتەجێی تورکیایە. بەڵام حیزبە تورکمانەکان یەک دەنگ نین لەسەر دانانی سینان چەلەبی.

شێردڵ تەحسین، سەرۆکی لیستی تورکمانی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە قسە لەگەڵ خودی سینان چەلەبی کراوە تاوەکو ئەو پۆستە وەربگرێ و گوتی "90% سینان چەلەبی دەکرێتە وەزیر".

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بەپێی سیستمی کۆتا 5 کورسی بۆ تورکمان دانرا و، لیستی بزووتنەوەی تورکمانی 3 کورسی و لیستی تورکمانی هەولێر، 1 کورسی و لیستی چاکسازی تورکمانیش 1 کورسی بەدەستهێنا.

شێردڵ ئاماژەی بەوەدا لە کۆبوونەوەی سەرۆکی لیستە تورکمانییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان باس لەوە کراوە مەرج نییە ئەو وەزارەتەی دەدرێتە تورکمان بدرێتە ئەو لیستە تورکمانییەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە "بەڵکو بە کەسێک دەدرێ ناسراو بێ و خزمەتی شارەکەی خۆی کردبێ و خاوەن بڕوانامەی بەرز بێت، سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیرانی راسپێردراویش هەمان بۆچوونیان هەبوو".

راشیگەیاند"بنەماڵەی چەلەبی یەکێکن لە بنەماڵە بە نێوبانگەکانی شاری هەولێر و تائێستاش بە دەیان پرۆژەیان وەک نەخۆشخانەو قوتابخانە و لە بواری دیکەدا ئەنجامداوە،ئەمانە پاڵنەرن کە پۆستی ئەو وەزارەتە بدرێتە سینان چەلەبی".

تائێستا ناوی وەزارەتەکانی شارەوانی و پیشەسازی و بازرگانی و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دێن، کە یەکێک لەوانە بدرێتە تورکمان، شێردڵ گوتی "بەو پێیەی سینان چەلەبی ئەندازیارەو لە دوو بوار ماستەری بەدەستهێناوە، پێشبینی دەکەین وەزارەتی شارەوانی یاخود ئاوەدانکردنەوە بدرێتە نەتەوەی تورکمان".

کەرخی ئاڵتی بەرماخ، سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی، کە 3 کورسی لەپەرلەمان هەیە بە (رووداو)ی راگەیاند "تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە کام وەزارەت دەدرێتە تورکمان، لە کۆبوونەوەشمان لەگەل سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیرانی راسپێردراویش تەنیا باسی ئەوە کراوە وەزارەتێکمان پێدەدرێت، بۆیە هەر سێ لیستی تورکمانی نێو پەرلەمانی کوردستان هەر یەکەو کاندیدێکیان پێشکەش کردووە". بەرماخ، کە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی دەستنیشانکراوە تا پۆستی ئەو وەزارەتە وەربگرێ گوتی "لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوامان کرد پشتگیریمان بکات بۆ ئەوەی وەزارەتێکی کارامان پێ بدرێت، ئەگەر ئەو وەزارەتەی دەماندرێتێ، لەگەڵ بۆچوونی ئێمە گونجاو بوو هیچ گفتوگۆی لەسەر ناکەین، بەڵام ئەگەر گونجاو نەبوو ئەوکات گفتوگۆی لەسەر دەکەین".

زۆرینەی ئەگەرەکان دەریدەخەن سینان چەلەبی لە تورکیاوە بهێنرێتەوە کوردستان و پۆستەکە بدرێتە ئەو، بەڵام بەرماخ پێیوایە بە هەموو پێوەرێک بێت دەبێ زۆرینە پۆستە وەزارییەکە وەربگرێ، لەمبارەیەوە دەڵێت"بەپێی هەموو پێوەرێک لایەنی زۆرینە دەستنیشان دەکرێ بۆ وەرگرتنی پۆستەکە، رەواش نییە لایەنێک کە کورسییەکیان هەیە و کورسیەکەش بە دەنگە زیادەکانی لایەنەکانی دیکە بووەتە کورسییەک، بۆیە ئەگەر پۆستە وەزارییەکە بە لایەنی دیکە درا ئەو کات ئێمە هەڵوێستی خۆمان دەبێت".

بەڵام سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمانی عەبدولقادر بارزگان پێیوایە دانانی هەر کەسێک ئەگەر لەوانیش نەبێت بۆ خزمەتکردنە، بۆیە هیچ کێشەیان نابێت، بارزگان، کە لەلایەن حیزبەکەی بۆ پۆستە وەزارییەکە دەستنیشانکراوە دەڵێت"لە هەر سێ لیستە تورکمانەکە هەر کەسێک دابنرێ ئێمە بە ئاسایی وەریدەگرین"، گوتیشی "هەر سێ لیستە تورکمانیەکە لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو تەنیا باس لە چۆنیەتی پێکهێنانی کابینەکە کراوە، بۆیە هەر کەسێک دەستنیشان کرا ئێمە قبوڵمانە".

سەبارەت بە پێدانی پۆستی وەزارەتەکە بە سینان چەلەبی، بارزگان گوتی"منیش لە چەند شوێنێک گوێبیستی ئەوەبوومە کە سینان چەلەبی بۆ پۆستی وەزیر لە کابینەی شەش دەستنیشان کراوە، بەلامانەوە ئاساییە ناوبراو پۆستەکە وەربگرێ، چونکە ئەویش بۆ خزمەتکردن ئەو پۆستە وەردەگرێ". گوتیشی "راستە سینان چەلەبی ماڵی لە تورکیایە، بەڵام بەردەوام هاتووچۆی هەولێر دەکات و کەسێکی هەولێرییە".



**ئەگەر پۆستی وەزیری تورکمان بدرێتە لایەنێکی دیکە هەڵوێستمان دەبێ**

کەرخی ئاڵتی بەرماخ

## ڕیپۆرتاژ



**2 خاڵ ماوە لەسەری ڕێکبکەوین**

**ڕووداو-الشرق الاوسط**

**ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵ ڕایگەیاند کە گفتوگۆکانی نێوان لیستی حەدباو لیستی برایەتی نەینەوا لەسەر دوو خاڵە " ئەوان دەیانەوێ پۆستی بەرز وەربگرن لە ئەنجوومەنی پارێزگەو ئێمەش داوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەین لە موسڵ و دەوروبەری". نوجێفی گوتیشی لەسەر زۆربەی کێشەکان ڕێککەوتووین تەنها ئەو دوو خاڵەی سەرەوە نەبێت کە گفتوگۆ لەسەریان بەردەوامە. ئامادەییشی دەربڕی کە پۆستی باڵا لە ئەنجوومەنی پارێزگە بدرێتە لیستی برایەتی نەینەوا، ئەگەر پێشمەرگە لە موسڵ بکشێنەوە.**

# 86% ی گەنجانی کوردستان و عێراق بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

هەردوو وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان و عێراق، بە هاوکاری دەستەی ئاماری هەرێم و عێراق و ڕێکخراویUNFPA گەورەترین ڕووپێو لەسەر ژیانی گەنجان ئەنجامدەدەن بەناوی (ڕووپێوی نیشتمانی ڕواڵ و لاوان، المسح الوطني للفتوه و الشباب)

ئەو ڕووپێوە لە 2009/4/12 دەستپێکراوەو ماوەی 20 ڕۆژی خایاند، ڕووپێوەکە لەنێو خێزان ئەنجامدرا وەو ئەو توێژەی بووە ئامانجی پرۆژەکە تەمەنیان لەنێوان (10-30) ساڵیدایە. ئەمیر حاجی داود، بەرپرسی ژووری عەمەلیاتی پرۆژەکە لە کوردستان هۆکاری دەسنیشانکردنی ئەو تەمەنەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو تەمەنە زۆربەی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێ "بەپێی خەملاندنی ژمارەی دانیشتووان لەساڵی 2008دا نزیکەی 42%ی دانیشتووانی عێراق تەمەنیان لەنێوان 10-30 ساڵ دایە".

لەو ڕووپێوەدا 5650 خێزان لە عێراق و 1080 خێزان لە کوردستان بینراون و 19600 کەس بەشدارییان تێدا کردووە. لە هەر یەک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان 360 خێزارن بینراون کە 125 خێزان لە سەنتەری شار و 125 خێزان لە دەوروبەر و 110 خێزان لە گوندەکان.

سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕووپێوەکە لەنێو خێزاندا ئەمیر حاجی داود بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە "زۆربەی ئەوانەی تەمەنیان (10-30) ساڵە لە تەمەنی فێربووندان و لەباری خوێندندن دان، هەروەها بەشێکی زۆریان لە بازاڕی کارن، بۆیە هیچ چوارچێوەیەک ناتوانێ ئەمانە لە یەک شوێن کۆبکاتەوە جگە لە خێزان".

لەو ڕووپێوەدا فۆرمی زانیاری خوازی (استمارە استبيان) بەکارهێنراوە، کە فۆرمەکە لە 46 لاپەڕە پێکدێ و 13 تەوەری لە خۆ گرتووە، لەوانەش تەوەری کار، خوێندن، تەندروستی، تەندروستی منداڵبوون بۆ نێرو مێ، خواردن، تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، لاوان و وەرزش، کەمئەندامی، تەکنەلۆژیای زانیاری، لاو و ئاسایش، بەشداری لاوان و مافە مەدەنییەکانی هاووڵاتی بوون.

### 30 %ی گەنجان ئارەزووی زوو کار کردنیان هەیە

لە تەوەری کاردا ئاماژە بەوە دراوە کە لەکاتی ڕووپێوییەکەدا 49.7%ی کوڕان و 8.2%ی کچان لە عێراق و کوردستان لەسەر کار بوونە، کە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە بەو شێوەیە: هەولێر 53.3% کوڕو 6.2% کچ، دهۆک 57.3% کوڕو 3.1% کچ، سلێمانی 57.6% کوڕ و 12.1% کچ. هەر لە تەوەری کاردا ئاماژە بەوە دراوە ڕێژەی چوونە ناوەوەی بازاڕی کار لەم ساڵ و ساڵی ڕابردوودا 25.3% بووە. ڕێژەی ئەو لاوانەی لایەنگری کاری ئافرەتن 57.1%ە و ئەوانەی لایەنگری زوو کارکردنن 30.6%ە.

### 7.6%ی گەنجان ئامادەن لەگەڵ تووشبووانی ئایدز نان بخۆن

پرسیارەکانی ڕووپێوەکە لە تەوەری تەندروستی پتر جەخت لەسەر نەخۆشی ئایدز دەکاتەوە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەو تەوەرە، ڕێژەی ئەو لاوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە 4.8%ە. ڕێژەی ئەوانەی شارەزای ڕێگەیەکن بۆ پاککردنەوەی ئاو 90%ە. ڕێژەی ئەوانەی شارەزاییان دەربارەی ئایدز هەیە 74.6%ە. هەروەها 22.7%ی گەنجان شوێنێک پێدەزانن کە تاقیکردنەوەی تووشبوون بە ئایدزی لێدەکرێت. 86.6%ی گەنجان دەڵێن پێویستە تووشبووانی ئایدز لە کۆمەڵگە جیابکرێنەوە، بەڵام 7.6%ی گەنجانی بەشداربووی ڕووپێوییەکە ئامادەن لەگەڵ تووشبووانی ئایدز نان بخۆن. 14.3%ی گەنجانیش ئامادەن تەوقە لەگەڵ تووشبووانی ئایدز بکەن.

ئەنجامی ڕووپێوەکە دەریخستووە کە گەنجانی کوردستان ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (15-30) ساڵیدایە بە ڕێژەیەکی بەرز ناوی نەخۆشی ئایدزیان بیستووە کە بەو شێوەیەیە: لە هەولێر 89.9%، سلێمانی 76.1%، دهۆک 78.2%.

### کچان پتر لە کوڕان نیشانەکانی باڵقبوونیان دەزانن

لە تەوەری تەندروستی نێرو مێ چەند پرسێکی تایبەت بە شووکردن و ماوەی منداڵبوون و باڵقبوون وروژێندراوە. بەپێی ئەنجامی ڕووپێوەکە 94.5%ی کچان نیشانەکانی پێگەیشتنی مێ دەزانن، 91.4%ی کوڕانیش نیشانەکانی پێگەیشتنی نێر دەزانن. 57.8%ی کچان و 50.5%ی کوڕان زانیارییان لە بارەی منداڵبوونەوە هەیە. 33.2%ی کچان و 29.8%ی کوڕان پێیانوایە ژنخوازی لەنێوان خزماندا زیانی هەیە. 88%ی کچان پێیانباشە پێش شووکردن تاقیکردنەوەی پزیشکی بکەن. هەروەها تەنیا 13.8%ی کوڕان دەزانن کۆندۆم (فلاش) چییە؟.

### 33%ی گەنجان گرنگی بە کێشی لەشیان دەدەن

بەپێی ئەنجامەکانی تەوەری خواردن لە ڕووپێوەکەدا دەرکەوتووە 40.7%ی گەنجان بیرۆکەیەکیان لەبارەی خواردنی هاوسەنگەوە هەیە. 48.7%ی گەنجان هیچ ژەمێکی خێرا ناخۆن، 36.9%ی بەشداربووانی دەزانن چ خۆراکێک کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە. هەروەها 33%ی گەنجان گرنگی بەپاراستنی کێشی خۆیان دەدەن. ئەو تەوەرە دەریخستووە کە تەنیا 11.3%ی گەنجانی هەولێر دەزانن چ خۆراکێک کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە. ئەوەش نزمترین ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراق و کوردستان و پشکی شێریش بەر گەنجانی بابل کەوتووە کە 59%یە.

بەپێی ڕووپێوەکە گەنجانی بەسرە بە پلەی یەکەم دێن لە وەرزش کردن بە ڕێژەی 38.4%، دوای ئەویش گەنجانی هەولێر بە ڕێژەی 37.7% وەرزش دەکەن. سلێمانی بە ڕێژەی 35.4%، گەنجانی دیالەش کەم وەرزش دەکەن کە ڕێژەی وەرزشکاران لەو شارە 20.8%یە.

### گەنجانی کەربەلا لە گەنجانی دهۆک بەپەرۆشترن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن

### 75.5%ی گەنجان دڵیان خۆشە

لە تەوەری دەروونی و کۆمەڵایەتی گەنجان، ئەوە خراوەتەڕوو کە 75.7%ی گەنجان خۆیان بە دڵە. 58.7% هەست بە دڵخۆشی دەکەن. 85.1% ویستی دیاریکراویان هەیە. 88.4% ئامانجی دیاریکراویان لە ژیاندا هەیە. 60%ی لاوان گەشبینن. 68.7%ی گەنجان پێیانوایە پایەی ئافرەت بەگشتی لە پیاو کەمترە. 30.7% پێیانوایە کاری سیاسی تەنیا بۆ پیاو قۆرخ نەکراوە. 71.2% پێیانوایە ئافرەت دەتوانێ ڕۆڵی سەرکردە ببینێت. گەنجانی سلێمانی پتر باوەڕیان بەوە هەیە کە ئافرەت بتوانێ ڕۆڵی سەرکردە ببینێ بەڕێژەی 90.3%، دوای سلێمانی، پارێزگای سەلاحەدین دێ بە ڕێژەی 87.6%. ئینجا هەولێر بە ڕێژەی 85%، کەمترین ڕێژەش دیالەیە کە 53.7%یە.

### گەنجانی سلێمانی لە گەنجانی شارەکانی دیکە زۆرتر دەخوێننەوە

بەپێی ئەنجامی ڕووپێوەکە 96.7%ی گەنجان سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و کە 68%یان لە شەودا سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن و 80%ی گەنجانیش حەز لە تەماشکردنی فیلمە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بەڵام ڕێژەی ئەوانەی گوێ لە ڕادیۆ دەگرن 37.9%یە. هەروەها 47%ی گەنجان دەڵێن ڕۆڵیان لە پاراستنی کولتووردا هەبووە. ڕێژەی خوێندنەوەش لەنێو گەنجانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی کەمە کە دەگاتە 21.5%. لە خوێندنەوەدا گەنجانی سلێمانی پشکی شێریان بەردەکەوێ بە ڕێژەی 52.1%، دوای سلێمانیش، هەولێر بە ڕێژەی 43.5% دێت و دهۆکیش بە ڕێژەی 18.7%، گەنجانی دیالەش زۆر کەم دەخوێننەوە بە ڕێژەی 9.1%.



**ڕووپێوەکە لە کوردستان سەرکەوتووتر بوو لە عێراق**

ئەمیر حاجی داود، بەرپرسی ژووری عەمەلیاتی ڕووپێوەکە لە کوردستان

### 14 %ی گەنجان ئامادەن ژیانی هاوسەری لەگەڵ کەمئەندامان پێکبێنن

1.1%ی ئەوانەی بەشداریان لەو ڕووپێوەدا کردووە کەمئەندامن. 83.5%ی گەنجان ڕازین بە هاوڕێیەتی کەمئەندامان. 87% ڕازین بە خوێندن لەگەڵ کەمئەندامان، 76.8% ڕازین کار لەگەڵ کەمئەندامان بکەن. هەروەها 14.1%ی بەشداربووانی ڕووپێوەکە ئامادەییان تێدایە ژیانی هاوسەری لەگەڵ کەمئەندامێک پێکبێنن.

### 13%ی گەنجان ئینتەرنێت دەزانن

هەرچەندە لە وڵاتانی ئەوروپا بەکارهێنانی ئینتەرنێت بووەتە پێویستییەکی ڕۆژانە، بەڵام تەنیا 13%ی گەنجانی عێراق و کوردستان دەزانن ئینتەرنێت بەکاربێنن. هەروەها تەنیا 35.2%ش دەزانن کۆمپیوتەر بەکاربێنن. 44.6%ی گەنجان کۆمپیوتەر بۆ خوێندن و توێژینەوە بەکاردەهێنن. ئامێری مۆبایلیش کە سەرەتای 2000 لە عێراق پەیدا بووە، 51.3% ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 10-30 ساڵیدایە مۆبایل بەکاردەهێنن و 61.2%ی بەکارهێنەرانی مۆبایل تەمەنیان لەنێوان 15-25 ساڵیدایە. زۆرترین گەنجانی بەکارهێنەری مۆبایلیش گەنجانی کەرکووکن بە ڕێژەی 61.6%. کەمترین ڕێژەش لەنێو گەنجانی موسەننایە بە ڕێژەی 39.3%.

### 60 %ی گەنجان لە ژیانی خۆیان دڵنیان

بەپێی ئەنجامی ڕووپێوەکە 60.6%ی گەنجان بەدڵنیاییەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر دەبەن. 66.5%ی گەنجان پێیان وایە گرووپە تیرۆریستەکان هۆکاری ناجێگیری ئاسایشن. 53.2% پێیانوایە ئاوەدانکردنەوەو نەهێشتنی بێکاری دەبێتە هۆی جێگیربوونی ئاسایش. 39.2%ی گەنجان پێیانوایە داگیرکاری دەبێتە هۆی ناجێگیری ئاسایش.

ئایا بەرگری کردن لە وڵات ئەرکێکی نیشتمانییە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا 65.7%ی گەنجان بە ئەرکی نیشتمانی دەزانن. گەنجانی کەربەلا کەمترین ڕێژەیان لەو پرسیارەدا بەر کەوتووە کە 31.5%یە، پێش ئەویش دهۆک بەڕێژەی 38.5% دێت.

### 86 %ی گەنجان بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن

86%ی گەنجانی کوردستان و عێراق بە نیازن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بەشداری بکەن. زۆرترین ڕێژەی ئارەزووی بەشداریکردنیش لە پارێزگای کەربەلایە بەڕێژەی 96.3% و کەمترین ئارەزووی ڕێژەی بەشداریش لە پارێزگای ئەنبارە بە ڕێژەی 66.5%. هەرچی پارێزگاکانی کوردستانە ڕێژەکە بەو شێوەیە: دهۆک 91.5%، کەرکووک 90.7%، سلێمانی 83.1% و هەولێر 81.5%.

62.2%ی گەنجانی کوردستان و عێراق پێیانوایە پێویستە لاو لە چالاکی سیاسیدا بەشدار بێت، 41.1%ی لاوانیش متمانەیان بە کاری سیاسی نییە. 33.8%یش دەڵێن حیزبەکان لە ژیانی گشتی دا گرنگن.

### 16%ی گەنجان ئارەزووی کۆچکردن دەکەن

بە شێوەیەکی گشتی گەنجان لە ژیانی ئابووری و سیاسیان ڕازی نین، 64.2% پێیانوایە ساڵی ڕابردوو باری ئابووریان باشتر بووە. هەروەها 75.2 پێیانووایە لە ڕابردوودا زیاتر دەیانتوانی بیروبۆچوونەکانیان دەرببڕن. 9.3% پێیانوایە بەهۆی هەڵوێستی سیاسیەوە جیاوازن، 61.5% ئامادەن گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی جیاواز لە خۆیان بکەن. 56.7% لایەنگری گۆڕانکاری سیاسین. هەروەها 16.8%ی گەنجان ئارەزوو دەکەن وڵات جێبهێڵن.

### ڕووپێوەکە بێ کەموکوڕی نەبوو

ئەمیر حاجی داود، بەرپرسی ژووری عەمەلیاتی ڕووپێوەکە لە کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکەیان ڕووبەڕووی چەند گرفتێک بوونەتەوە لەوانەش ڕێگەنەدانی هەندێک خێزان بە لێکۆڵەرەکان. کێشەی ئامادەبوونی ڕێژەی (10-30) ساڵ لە ماڵ بەهۆی کار و یاخود خوێندن. زۆری پرسیارەکان و گەورەیی فۆرمەکان بووە هۆی ئەوەی هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان سەرجەم پرسیارەکانیان تەواو نەدەکرد. دواکەوتنی بودجەی پرۆژەکە. کەمی زانیاری لێکۆڵەرەوەکان. بەڵام ئەمیر حاجی داود گوتی "بەشێوەیەکی گشتی پرۆژەکە لە کوردستان سەرکەوتووتربوو، بۆ نموونە لە شارەکانی دیکەی عێراق هەندێک لە لێکۆڵەرەکان بۆ خۆیان فۆرمەکانیان پڕ کردبووەوە".




**16%ی گەنجانی کوردستان و عێراق حەزیان لێیە کۆچ بکەن**

# دۆسیەی سکاڵای ئارێز لەسەر بەرواری لە دادگای هەولێرە

**هێمن مامەند**
**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2009/9/12 ئارێز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی خوولی ڕابردووی پەرلەمان لە بەردەم دەستەی بەدواداچوونی داواکاری مافی گشتی سکاڵایەکی لەسەر تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوان تۆمارکرد و لەو سکاڵایەدا تۆمەتباری کردووە بەوەی کە موڵکی گشتی دەوڵەتی خواردووە.

هیوا فاروق حەسەن، سەرۆکی دەستەی بەدواداچوونی مافی داواکاری گشتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو سکاڵایەی لەسەر تەها بەرواری تۆمار کراوە، کارەکانی لای ئێمە تەواو بووەو ڕەوانەی دادگای هەولێر کراوەو، ئێستا ئەوان کاری لەسەر دەکەن".

دەستەی داوکاری گشتی ماوەی 3 مانگە دامەزراوەو دوو مانگیشە دەستبەکار بووە، لەو ماوەیەشدا 13 سکاڵا ئاراستەی دەستەکە کراوە. سەرۆکی دەستەی ناوبراو لەبارەی سکاڵاکان گوتی "سکاڵاکان جۆراو جۆرن، هەندێکیان لەلایەن هاووڵاتییانەوە لەسەر بەرپرسان تۆمارکراون، هەندێکیشیان ئێمە لە میدیاکان وەرمانگرتووەو بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

ڕاوێژکارێکی یاسایی لە دادگەی هەولێر کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە ڕایگەیاند "لەڕووی یاساییەوە هەر سکاڵایەک چ لەلایەن پۆلیس یان داواکاری گشتی ڕەوانەی دادگا بکرێت، دادگا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکات". ئەو ڕاوێژکارە لە بارەی بانگهێشتکردنی تەها بەرواری بۆ دادگا گوتی "پێشتر بۆ بانگهێشتکردنی وەزیر دەبووایە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگیرێت، بەڵام ئێستا دادگا دەتوانێت بەبێ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیر بانگهێشت بکات". گوتیشی "دادگا بەڵگەکان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت، جۆری تۆمەتەکە چییە، بەرتیل وەرگرتنە یان بەفیڕۆدانی سامانی دەوڵەتە". ڕاوێژکارە یاساییەکە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی "دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەو دیکۆمێنتەکان دەکرێت، ئەگەر دەرکەوت بەڵگەکان ڕاست نین، ئەوە دۆسیەکە دادەخرێت، بەڵام ئەگەر تۆمەتەکانی لەسەر ساخ بوونەوە، ئەوا ڕەوانەی دادگای تایبەتی دەکرێت".

بەپێی قسەی ئەو ڕاوێژکارە یاساییە ئەگەر ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ تەها بەرواری، بەسەریدا ساخ ببنەوە ئەوا 15 ساڵ زیندانی دەکرێ. ئەو سەرچاوەیە گوتی "بەپێی ماددەی 315ی یاسایی سزادانی عێراقی هەر وەزیرێک تاوانبار بێت بە بەفیڕۆدانی سامانی وڵات ئەوا 15 ساڵ بەند دەکرێت".

ئارێز عەبدوڵڵا، تا ئێستا چەندین جار لەڕێگەی میدیاکان و تەنانەت لەنێو دانیشتنەکانی پەرلەمان، وەزارەتی وەرزش و لاوانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە سامانی گشتی وڵاتی بەفیڕۆداوەو چەند جارێکیش داوای لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد، کە تەها بەرواری بانگهێشتی پەرلەمان بکرێ، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەتیکردەوە.

تاڤگە محەممەد بێتووشی، ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان لە خولی ڕابردووی پەرلەمان گوتی"لەخولی ڕابردووی پەرلەمان کۆمەڵێک شت لەسەر تەها بەرواری و وەزارەتەکەی هاتنە بەردەستی لیژنەکەمان، ئێمەش داوامان کرد کە وەزیری وەرزش و لاوان بێتە پەرلەمان و پرسیاری لێبکرێ، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باش بوو کە پرسیارەکان لە ڕێگەی نامەیەکەوە ئاراستەی وەزیر بکرێن".



**بەڵگەی دیکەم لەلان، بەڵام دەیکەمە موفاجەئە بۆ تەها بەرواری**

ئارێز عەبدوڵڵا

تاڤگە گوتیشی "پرسیارەکانمان بۆ وەزیر ناردن، بەڵام بە کەموکوڕی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو هەندێک لە وەڵامەکان نادیاربوون، بۆیە جاری دووەم داوامان کرد کە وەزیری وەرزش و لاوان بێتە پەرلەمان، بەڵام نەهات، ئەگەر بهاتبایە کارەکە نەدەگەیشتە دادگا". بەڵام تەها بەرواری لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (ڕووداو)دا ڕەتیکردەوە کە وەڵامی پرسیارەکانی بە تەواوی نەدابێتەوەو گوتیشی"ئێمە خۆمان چەند جارێک لە ڕێگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان داوامانکرد بچینە بەردەم پەرلەمان، بەڵام بەپێی بنەماکانی کاری پەرلەمان قبوڵ نەکرا"، چونکە بەپێی پەیڕەوی پەرلەمانی کوردستان هەرکاتێک وەڵامەکان جێی قەناعەتی پەرلەمان نەبوون، ئەوکات وەزیر بانگ دەکرێتە پەرلەمان. تەها بەرواری هەر لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێ "دە ساڵی دیکەش ئامادەم بچمە بەردەم پەرلەمان".

تەها بەرواری لەو هەڤپەیڤینەدا، ئارێز عەبدوڵڵا بەوە تۆمەتباردەکات کە تەشهیری پێکردووەو، ڕاپۆرتێک کەلەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە وەک ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان پەسەند نەکراوە، بەناوی ئەو لیژنەیەوە لە ڕاگەیاندن دا بڵاویکردووەتەوە.

ئارێز عەبدوڵڵا، دەڵێ دوای ئەوەی ئومێدبڕاو بوو لە بانگهێشتکردنی تەها بەرواری بۆ پەرلەمان پەنای بردە بەر دادگا و ئێستاش دڵنیایە دۆسیەکە لەدادگا بە قازانجی خۆی تەواو دەبێ. ئارێز بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێستا دۆسیەکە لەدادگایە، من دڵنیام دەیبەمەوە، چونکە بەڵگەکان و ئەو زانیارانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان دەیسەلمێنن کە تەها بەرواری سامانێکی زۆری ئەو میللەتەی بەفیڕۆداوەو گەندەڵی و گەندەڵکاریەکی زۆری لەناو وەزارەت کردووە، وەزیفەکەی خۆی بۆبەرژەوەندی تایبەتی بەکارهێناوە".

ئارێز عەبدوڵڵا گوتیشی جگە لەو بەڵگانەی لەمیدیاکان بڵاوکراونەتەوە چەندین بەڵگەی دیکەشی لەلایە "بەڵام دەیکەمە موفاجەئە بۆ تەهابەرواری و خەڵک، ئەوکات هەموو دەزانن ئەو پیاوە چەند گەندەڵ و بێسەروبەر بووە".



## دادگای ئەوروپا تورکیا لەسەر چوار ڕۆژنامەی کوردان سزادەدات

ڕووداو-AFP
دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، تورکیای بە شێوەی دارایی سزادا لەسەر ڕاگرتنی کاتیی دەرچوونی چوار ڕۆژنامە بەنێوەکانی (ئولکیدی ئوزگور گوندەم، گوندەم، گونجیل، گیرچیک دیموکراسی)، لە نۆڤێمبەری 2006 تاوەکو ئۆکتۆبەری 2007 بە تۆمەتی لایەنگیری کردنی PKK. دادگای ئەوروپا ڕایگەیاند هەواڵ کاڵایەکی ماوە بەسەرچووەو دواخستنی بڵاوکردنەوەی بێ کەڵکی دەکات. هەروەها دەڵێ تورکیا بە داخستن و ڕاگرتنی کاتیی ئەو ڕۆژنامە پێشێکاری یاسایی کردووە بەرامبەر ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەکان کە ڕۆڵی چاودێر دەگێڕن لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا.



# بۆ گەڕانەوەی گرووپەکانی ئاشتی پێشتر ڕێککەوتن هەبووە



هێمن خۆشناو
heminxoshnaw@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

دوو شەممەی ڕابردوو، دوو گرووپی سەر بە PKK کە بریتیبوون لە 34 کەس لەسەر پێشنیازی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەروەک PKK ڕایگەیاند بۆ دەربڕینی نیازپاکی و ئامادەیی ئەوان بۆ چارەسەری ئاشتیانە گەڕانەوە تورکیاو بە کەرنەڤاڵێکی جەماوەری پێشوازییان لێکرا. وەکو پاڵەوانی نەتەوەیی و مەسیحی ئاشتی نێونران.

ڕۆژی 2009/10/14 عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە ڕێگەی پارێزەرەکانی لە زیندانی تاکەکەسی ئیمرالی، ڕایگەیاند ئەو وای پێباشە بۆ دەربڕینی نیازپاکی و تەکاندان بە پرۆسەی کرانەوەی کورد، سێ گرووپ لە قەندیل، مەخمور و ئەوروپا بگەڕێنەوە تورکیا. هەر لەدوای ڕاگەیاندنی پێشنیازەکەی ئۆجەلان، لە 19ی ئەم مانگەدا دوو گرووپەکە بە کاروانێکی جەماوەری تا دەروازەی خابوور بەڕێکران و لەوێشەوە بۆ نێو تورکیا، بڕیارە گرووپی سێیەمیش لە ئەوروپا بەرەو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئیستەنبوڵ بەڕێبکەون. ئەو هەنگاوە کە بەدەستپێشخەری ئۆجەلان هاتە کایەوە، دەنگدانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

پرۆفیسۆر یاسین ئۆکتای، مامۆستا لە زانکۆی سەلجوق و پسپۆری سیاسی، گەڕانەوەی ئەو دوو گرووپە وەکو هێز بەخشین بە پرۆسەی کرانەوی کورد وەسفدەکات "گەڕانەوەی هەردوو گرووپی PKK، سەرکەوتنی پرۆسەی کرانەوەیە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن لە گۆشەنیگایەکی جیاواز وەکو سەرکەوتنی PKK سەیری دەکات، ئەو لێکدانەوەیەش لێکدانەوەیەکی نیشتیمانی نییەو تەنیا وروژاندنی ڕای گشتییە".

سەبارەت بە کاریگەری گەڕانەوەی ئەندامانی PKK لەسەر ڕای گشتی ئاکتای بۆ (ڕووداو) دەڵێت"گەڕانەوەیان پرۆسەی کرانەوەی جوانتر کرد، بۆ ئەوەی پرۆسەکە ئەم جوانییە لەدەست نەدات تورکیا پێویستی بەچەند هەنگاوێکی دیکەیە".

پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار بە پێچەوانەی ئۆپۆزسیۆن، ئەو هەنگاوەی بە هەنگاوێکی بایەخدار زانی. مەحمود ئەردۆغموش، پەرلەمانتاری شاری ئامەد لەسەر لیستی AKP دەڵێت گەڕانەوەی ئەو دوو گرووپە کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەبوو "ڕۆژی گەڕانەوەی ئەو گرووپە لە ئامەد، وەکو جەژنێک وابوو، تابلۆیەکی دەگمەن بوو لەمێژووی ئەو میللەتەدا کە چەندین ساڵ بوو چاوەڕێمان دەکرد، ئەگەر ئاشتی بەرقەرار بێت، پێویستە ڕۆژی 10/19 ببێتە جەژنێکی نیشتیمانی". هەروەها گوتیشی پێویستە هەستیاری دۆخەکە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە لەبەرچاو بگیرێ.

سەباحەت تونجەل، بەرپرسی پەیوەندییەکانی DTP و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا جەختی لەوە کردەوە ئەگەر دەوڵەت ڕێگەی لە ڕاگەیاندنی نەخشە ڕێگەی ئۆجەلان نەگرتبا، ئەو هەنگاوەی ئەمڕۆ دوو مانگ بەر لەئێستا دەنرا. تونجەل گوتیشی "بۆ ئەوەی بزانین دەوڵەت چەند ڕشتە لەسەر چارەسەری کێشەی کورد، دەبێ کەمێک چاوەڕوان بین و پەلە نەکەین لە بڕیاردان".

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم چارەسەری کێشەی کورد نەبوونی متمانەیە لەنێوان لایەنەکاندا. ئایهان ئاکتار، مامۆستای زانکۆ و شارەزا دەربارەی کێشەی کورد، دەڵێت گەڕانەوەی ئەو گرووپانە هەنگاوێکی باش بوو، لەناوەڕۆکیشدا پشتگیریکردنە لە پرۆسەی "کرانەوە بەرامبەر کورد"، هەروەها هەنگاوێکە بۆ کۆتایی هێنان بە بێ متمانەیی "ئەو هەنگاوە قەیرانی بێ متمانەیی کورد بەرامبەر دەوڵەت بەرەو چارەسەری دەبات، بەڵام پێویستە ئەو گرووپانەی گەڕاونەتەوە ڕەفتارێکی وا نەکەن ببێتە هۆی وروژاندنی ڕای گشتی، چونکە ئەوکات دەبێتە مایەی زیاترکردنی بێ متمانەیی دەوڵەت و کاریگەرییەکی خراپیشی دەبێت بۆ سەر هەوڵەکانی حکوومەت، ئۆپۆزسیۆنیش ئەوە دەقۆزێتەوەو بەو هۆیەوە ڕای گشتی دژی حکوومەت هاندەدات".



> **پێویستە ئەو گرووپانە ڕەفتارێکی وا نەکەن ببێتە هۆی وروژانی ڕای گشتی، چونکە ئەوکات ئۆپۆزسیۆن ئەوە دژی حکومەت دەقۆزێتەوە**
>
> ئایهان ئاکتار، مامۆستای زانکۆ و شارەزا دەربارەی کێشەی کورد

مەحمود ئەردۆغموشیش دەڵێت ئەو هەنگاوە بۆ متمانە بەیەکتر کردن زۆر گرنگە "هەر بۆیەش سەرۆک وەزیر لەکاتی گەشتەکەی بۆ ئاگری گوتی ئەو پرۆسەیە بەنیوەچڵی بەجێناهێڵین، تا دوایی کەشێکی پڕ لەمتمانە دروست دەکەین".

لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1999 کاتێک ئۆجەلان پێشنیازێکی لەم جۆرەی کرد، دوو گرووپی دیکەی سەر بە PKK گەڕانەوە تورکیا، بەڵام جگە لەزیندانیکردن شتێکی دیکە چاوەڕوانی نەکردن. بەر لەگەڕانەوەی هەردوو گرووپی ئەمجارەش دوران کالکان، ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی PKK لەلێدوانێکی بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاندبوو کە ئەوان دڵنیان هاوڕێکانیان دەستگیر دەکرێن، بەڵام بۆ ئەوەی هەرکەس بزانێت کە PKK ئاشتیخوازە، ئەوان ئەو هەنگاوە لەسەر پێشنیازی ڕێبەرەکەیان دەگرنەبەر. بەڵام ئەو پێشبینیەی کالکان ڕاست دەرنەچوو، چونکە جگە لە لێکۆڵینەوەیەکی چەند سەعاتی بۆ ئەندامانی ئەو دوو گرووپە، هیچیان بەرامبەر نەکرا و وەک مەسیحی ئاشتی لەناو ئاپۆرەی جەماوەرێکی بەرفراوان پێشوازییان لێکرا.

ئۆپۆزسیۆنی تورکیا ئەمە وەک ڕێککەوتنێکی پێشوەخت لەنێوان حکومەت و ئۆجەلان وەسفدەکات، هەندێک لەچاودێرە سیاسیەکانیش پێیانوایە حکوومەت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ گەڕانەوەی چەندین گرووپی دیکەی لەوشێوەیە بکاتەوە ئەو ئەندامانەی PKKی دەستگیر نەکرد.

ئایهان ئاکتار، ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ دەستگیرنەکردنیان پەیوەستە بە هەڵوێستێکی سیاسییەوە "چونکە ئارەزووی دەستگیرکردنیان نەبوو"، بەڵام ڕەتیکردەوە کە ڕێککەوتن لەنێوان PKK و دەوڵەت کرابێ بۆ ئەو کارە "پێموانییە ئۆجەلان بەر لە پێشنیازەکەی، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ دەوڵەت یان حکوومەت هەبێت، ئەگەر شتێکی لەوشێوەیەش هەبێت زۆر زەحمەتە لەو قۆناخەدا ئاشکرا بکرێت".

بەڵام ئەردۆغموش دەڵێت بەر لەگرتنەبەری ئەم هەنگاوە، دانوستاندێکی بەرفراوان کراوە "من ناتوانم ئەوە بڵێم کە ڕاستەوخۆ لەنێوان ئۆجەلان و دەوڵەت ڕێککەوتنێک هەبووە یان کراوە، ئەمەیان تەنیا شیمانەیەکە، بەڵام لە ڕاستیش دوور نییە، بەڵام بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە هەندێک سەرچاوە دزەی کردووە، لەنێوان ئەحمەد تورک و دەوڵەت دانوستاندن و گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەو بارەیەوە کراوە".

سەباحەت تونجەل، سەرسامی خۆی بەو جۆرە هەواڵانە دەربڕی و گوتی "من نازانم سەرچاوەی ئەو هەواڵانە کوێیە، بەڵام ئەگەر بەڕێز ئەحمەد تورک لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت دانوستاندنی کردبێت، شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە DTP بۆ ئاشتی و لە پێناو ئاشتی ئامادەی هەموو قوربانیدانێکە".



بەڕێکردنی گرووپی ئاشتی لە کەمپی مەخموور

(فۆتۆ:ڕووداو)

# 5000 کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ئایدز بوون



سابیر قادری
chuarehra@gmail.com

**تایبەت بە ڕووداو**

ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، باس لە بوونی نزیکەی 5000 کەسی گیرۆدەبوو بە نەخۆشیی ئایدز لەناوچە کوردنشینەکان دەکەن. ناوەندو دامەزراوە مەدەنییەکانیش دەڵێن ڕێژەکە لەوەی کە ڕاگەیێندراوە زیاترە.

ژمارەی قوربانیانی ئایدز لە جیهاندا هەروا ڕوو لە هەڵکشانە و تائێستا زیاتر لە 25 ملیۆن کەس گیانیان بەوهۆیەوە لەدەستداوە. ئەو نەخۆشییە کە تاوەکو ساڵی 1981 وەک نەخۆشییەکی نەناسراوبوو، لەساڵی 1987 بۆیەکەمجار لەئێرانیش سەری هەڵداو دوای تێپەڕبوونی 22ساڵ، ئێستا ڕێژەی تووشبوون بەو نەخۆشییە لەئێران، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروستیی بۆ 20 هەزار کەس بەرزبووەتەوە، هەرچەندە داوودەزگا ناحکومییەکان باس لەبوونی زیاتر لە 50 هەزار تووشبوو بەو نەخۆشییە دەکەن لە سەرتاسەری ئێران.

ڕێژەی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە چوار پارێزگایەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئاماری ناوەندە پزیشکییەکانی ئەو چوار پارێزگایە نزیکەی 5 هەزار حاڵەتە، لەکاتێکدا بەپێی ئاماری ناوەندە ناحکومییەکان، ژمارەی کەسانی تووشبوو بەو نەخۆشییە زیاتر لە9 هەزار کەسە.

ئەو نەخۆشییە بەهۆی پەیوەندی سێکسی، خوێن و زۆر ڕێگەی دیکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە. ئاماری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوە دەردەخات کە 80%ی گواستنەوەی ئەو نەخۆشییە لەڕێگەی سێکسەوەیە، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیێنن کە لەئێران تەنیا 4%ی ئەو کەسانە لەڕێگەی سێکسەوە گیرۆدەی ئەو نەخۆشییە بوونە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە پزیشکییەکانی چوار پارێزگا کوردنشینەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەردەکەوێ کە یەک لەسەرچواری تووشبووان بەو نەخۆشییە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین، ئەوە لەکاتێکدایە کە تەنیا 15%ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە کوردن، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەردەخات کە ئەو نەخۆشییە بەهۆی زۆر هۆکار لەپەرەسەندندایە.

نەبوونی ناوەندی کاریگەر بۆ بەربەرەکانێکردن لەگەڵ نەخۆشی ئایدز، نەبوونی ناوەندی ڕێنمایی و فێرکاری، هەژاریی کولتووری تاک و کۆمەڵگە، بایەخ پێنەدانی ناوەندە حکومییەکان بەو پرسەو تەنانەت شاردنەوە و ئاشکرا نەکردنی ژمارەی ڕاستەقینەی کەسانی تووشبوو، ئەو هۆیانەن کە لەبەرزبوونەوەی ژمارەی کەسانی تووشبوودا ڕۆڵ دەگێڕن.

فەخرەدین حەیدەری نوێنەری هەردوو شاری سەقز و بانە لە پەرلەمانی ئێران، پێیوایە لەگەڵ ئەوەی کە لە ئێران بەگشتی ڕێژەی کەسانی تووشبوو بەو نەخۆشییە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە کەمە، بەڵام پەرەسەندنی ئەو نەخۆشییە بۆ زۆر هۆکاری کولتووری و کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە ئەوەشی نەشاردەوە کە وەزارەت و ناوەندە تەندروستییەکان کەمتەرخەمن. حەیدەری لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بەداخەوە ناوەندەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ پێشگرتن لەو نەخۆشییە نادەنە خەڵک".

ڕەخنەی لەوەش گرت کە هیچ یەک لەداوودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی ئامادەنین ئامارێکی ڕوون و دروست لەبارەی ژمارەی تووشبووان ئاشکرا بکەن. بەپێویستیشی زانی کە وەزارەتی تەندروستی بایەخ بە ڕێنمایی خەڵک و هۆشیارکردنەوەیان بدات "دەبێ هەر لەقۆناخی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی ئەو ڕێنماییانە بدرێتە قوتابیان".

ژمارەی کەسانی تووشبوو بە ئایدز لەپارێزگای سنە نزیکەی 800-1500 کەسەو لە ئازەربێجانی ڕۆژئاوا (ورمێ) نزیکەی 1200-500 کەسە. هەروەها لە پارێزگای کرماشان 3000 کەس تووشی ئەو نەخۆشییە بوونە. ئەوە لەکاتێکدایە کە ناوەندە ناحکومییەکان ڕێژەی کەسانی تووشبوو بە زیاتر لە 9000 کەس مەزەندە دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لەچاودێرانی بارودۆخی کوردستان باس لەبوونی دەستی شاراوە دەکەن بۆ دواکەوتوو ڕاگرتنی دانیشتوونی ناوچە کوردنشینەکان. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی خۆی دەستی لەبڵاوبوونەوەی ئایدز و مادە بێهۆشکەرەکاندا هەیە، ئەوەش بە مەبەستی کپکردنی دەنگی نارەزایەتی خەڵک.

دکتۆر ڕەحیم فەرەهمەند، چاودێری بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێکاری، ماددە بێهۆشکەرەکان و پلانی داڕێژراوی هەندێک لایەن بە هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی نەخۆشیی ئایدز لەو ناوچانە دادەنێ "بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە کە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئایدز پەیوەندی سێکسییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماددە بێهۆشکەرەکان و ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئەو ماددانە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئایدزن".

ناوبراو باس لەهۆیەکانی پەرەسەندنی ئایدز دەکات و دەڵێ "بێکاری و دواکەوتوویی ئابووری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشییەوە هەیە".

فەرەهمەند گوتیشی بەداخەوە نەک لەکوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری ئێران، ئامارێکی ڕوون و دروست لەبەردەستدا نییە، نیشانی بدات تائێستا چەند کەس بەو نەخۆشییە گیرۆدەبوون.

فەرەهمەند لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ ئەو دەستە شاراوانە سەر بەکام لایەنن، گوتی "وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر لەوە ڕوونترە کە پێویستی بە وەڵامی من بێت".



کچانی ئێران داوای ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایدز دەکەن



## کاروباری سیاسی

## کورد ڤیتۆ لە دژی ئێمە بەکاردێنن



ڕووداو-ئیبا

محەممەد بەییاتی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە سەر لیستی ئیتیلافی یەکگرتوو، ڕایگەیاند کە کورد ڤیتۆیان لەسەر بەشداریکردنی ئەوان لە ئەنجوومەنی باڵای سیاسی عێراق داناوە. بەییاتی کە تورکمانە لەوبارەوە گوتی " چەند ساڵێکە داوا دەکەین تورکمانیش لەو ئەنجوومەنە بەشداربن، بەڵام کورد ڕێگرن و ڤیتۆ بەکاردەهێنن". بەییاتی گوتیشی "کورد سوورن لە سەر کوردستانییێتی کەرکووک و ئێمەش نامانەوێ هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێ بەبێ لێکۆڵینەوە لە تۆماری دانیشتووان".



### بۆ هەڵبژاردن لە کەرکوک

# ئەنجوومەنی سیاسی لە چارەسەرێکی کاتی دەکۆڵێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هاوپەیمانیی کوردستان ڕەتیکردەوە بۆ چارەسەری کێشەی هەڵبژاردن لە کەرکوک پێشنیازی ئەوەی دابێتە ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەو پارێزگایە وەک ئەنجامێکی سیاسی تەماشابکرێ نەوەک گوزارشت بێت لە دەلالەتێکی دیمۆگرافی.

ڕۆژنامەی (الحیاە) لەزاری چەند سەرچاوەیەکی نزیک لەئەنجوومەنی ناوبراو، بڵاویکردەوە کە لایەنی کوردی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی پەرلەمانی عێراق لەچارەسەرکردنیدا شکستی هێنا، کارنامەیەکی پێشکێش کردووەو تێیدا پێشنیاز دەکات تۆماری دەنگدەران لەپارێزگاکانی موسڵ و کەرکووک و هەموو ئەو ناوچانەی دیکە نوێ بکرێنەوە کە ڕاگواستن و گەڕانەوەی ڕاگوێزراوانیان بەخۆوەبینیوە. جگە لەوەش ئەنجامی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک وا تەماشابکرێ کە ئەنجامێکی سیاسییەو گوزارشت لەسروشتی دیمۆگرافیی ئەو پارێزگایە ناکات.

فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەتیکردەوە کە پێشنیازێک بەو فۆرمە لەلایەن ئەوانەوە درابێتە ئەنجوومەنەکەو بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە گوتوومانە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە پەیوەندی بەکێشەی کەرکووکەوە نییە". هەمان کات گوتیشی "ئەوە شتێکی سروشتییە کە ئەنجامی هەڵبژاردن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ماددەی 140 نابێت، چونکە ئەو ماددەیە میکانیزمی جێبەجێکردنی خۆی هەیە، ئەوە هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عێراق و پەیوەندی بەکێشەی کەرکووکەوە نییە".

هەر لەوبارەوە، مەحموود عوسمان پەرلەمانتاری سەر بەهاوپەیمانیی کوردستان گوتی "ئێمە ئەو پێشنیازەمان نەداوە، بەڵام ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی هەروایەو ئەگەر لە کەرکوک هەڵبژاردن بکرێ، ژمارەی نوێنەرانی کورد زۆربن یان کەم، گوزارشت لەباری دیمۆگرافی ناکات".

مەحموود عوسمان هەروەها گوتی "ئەوەی کاریگەریی لەسەر باری دیمۆگرافی هەیە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی 140ە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، هیچ کاریگەرییەکی نییەو بڵێین یان نا ئەوە هەروایە".

گوتیشی "دیمۆگرافیا بەم هەڵبژاردنە ناگۆڕێ، بەڵام ئەوان دەیانەوێ بیکەنە بیانوو بۆئەوەی یاساکە دوابخرێ و داوادەکەن بنووسرێ تۆماری دەنگدەران لەکەرکوک زۆر بووەو ساختەکاری تێداکراوەو دەبێ نوێ بکرێتەوە، لەکاتێکدا لە موسڵ و شوێنی دیکەش زۆربووە، بۆیە ئێمە دەڵێین با بنووسرێ ئەو پارێزگایانەی جێی گومانن، چاو بەتۆماری دەنگدەرانیاندا بخشێنرێتەوە".

مەحموود عوسمان، لەوەڵامی نوێنەرانی عەرەب و تورکماندا کە ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی بەدەزگایەکی "نادەستووری" ناودەبەن و بەرامبەر ڕەوانەکردنی یاسای هەڵبژاردن بۆ بەردەم ئەو ئەنجوومەنە ناڕەزایی دەردەبڕن، گوتی "ئەوە مانای وایە ئەوان هەر لەئێستاوە بڕیاریانداوە کە ئەگەر رای ئەنجوومەنەکە بەدڵی ئەوان نەبوو ڕەتیدەکەنەوە".

هەروەها بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەنجوومەنی سیاسی ڕاستە دەستووریی نییە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی دامەزراوە، با ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریش بێت، بەڵام هەموو سەرۆکەکانی تێدایەو سەرۆکی فراکسیۆنەکانی تێدایەو ئەنجوومەنێکی گرنگە، دەتوانێ ئەوکێشانەی سیاسین و بەپەرلەمان چارەسەر ناکرێن چارەسەری بکات، ئەوە تەنیا بیانووەو ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن دژی ماددەی 140و دژی ڕیفراندۆم و سەرژمێری و هەموو ئەو شتانەن کە بەلای کوردەوە پەسەندن".

ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی لە سەرۆک کۆمارو هەردوو جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان، حکومەت و سەرۆکی فراکسیۆنە سیاسییەکان و هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکدێ و ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییە.

پەرلەمانی عێراق کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو نەیتوانی لەبارەی یاسای هەڵبژاردنەوە بگاتە ڕێککەوتن، یاساکەی ڕەوانەی ئەو ئەنجوومەنە کرد تا بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەبارەوە بدات. لەکاتێکدا هاوپەیمانیی کوردستان پێشوازیی لەو هەنگاوەکرد، ژمارەیەک لەنوێنەرانی عەرەب و تورکمان ڕایانگەیاند کە ئەوە پەراوێزکردنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی نیشتمانییە وەک باڵاترین دەزگای یاسادانان. هاوکات ڕاشیانگەیاند کە ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی دەزگایەکی دەستووری نییەو یەکێک نییە لەدەزگاکانی دەوڵەت. کەمال ساعیدی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی حیزبی دەعوە، لەوبارەوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی "ئەنجوومەنی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان دامەزراوەو یەکێک نییە لە دەزگاکانی دەوڵەت، بۆ دەبێ بابەتێکی جێی ناکۆکی ڕەوانەی ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری بکرێت لەکاتێکدا دەزگایەکی دەستووریی هەیە کە پەرلەمانە".

هەروەها ڕایگەیاند کە مەبەست لە ڕەوانەکردنی یاساکە بەتاڵکردنەوەی پەرلەمانە لەنێوەڕۆکی خۆی و پەیامێکی پێدابن کە ئەم وڵاتە لەلایەن پەرلەمانەوە سەرکردایەتی ناکرێت، بەڵکو کەسایەتییەکانی دەرەوەی پەرلەمان سەرکردایەتی دەکەن.

ساعیدی ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەگەر لایەنە ناکۆکەکان بەکوردو عەرەب و تورکمانەوە تەنازول نەکەن، کێشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان پێشنیازی چارەسەرێکی کاتییان کردووەو گوتی "بەلایەنەکانمان ڕاگەیاندووە کە ئەوە چارەسەرێکی بنچینەیی نییە، بۆنموونە ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەکەرکووک بەوشێوەیە بکرێت کە کورد داوای دەکەن، یان بەو جۆرەی عەرەب و تورکمان داوای دەکەن، هەر شێوازێکیان بگرینەبەر شێوازێکی کاتی دەبێت، بەڵام هەندێ کەس دەترسێن ئەوە ببێتە شتێکی هەمیشەیی و ئیدی نەتوانن بیگۆڕن، بۆیە ئێمە پێشنیازمان کردووە ماددەیەکی دیکە بۆ یاسای هەڵبژاردن زیادبکرێ کە بڵێت ئەوە چارەسەرێکی کاتییەو هەمیشەیی نییە".

# خامنەیی لەنێوان مان و نەمان دا

**سابیر قادری**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرنەکەوتنی عەلی خامنەیی لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، میدیاکانی جیهانی هێنایە سەر باسکردن لە خراپی باری تەندروستیی ناوبراو و هاوکات بەشێک لە ڕیفۆرمخوازانی ئێرانیش ئەو هەواڵەیان پشتڕاستکردەوە، بەڵام بەرەی پارێزکار ئەوە بە چەواشەکاری نەیارانی ولایەتی فەقیە لێکدایەوە.



لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی نەخۆشکەوتنی عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە زۆربەی میدیاکانی جیهاندا بڵاوبووەوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەلایەن مایکل لدێن، نووسەری ئەمریکی کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل هەیە بڵاوکراوەتەوە، خامنەیی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی تایبەت، بەپێی سەرچاوەکان ناوبراو تووشی نەخۆشی پرۆستات و خوێن مەین هاتووەو باری تەندروستی زۆر خراپە. نەخۆشییەکەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران قسە و باسی جیای لەنێو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەناوەوەو دەرەوەی لێکەوتووتەوە.

ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، شارەزا لە کاروباری سیاسی ئێران هەرچەندە گومانی لە قسەکانی مایکل لدێن هەیە، بەڵام دەڵێ، ڕەنگە خامنەیی چیتر نەتوانێ درێژە بە ڕێبەرایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی بدات "ئەوەش سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی کێشە لەنێو بازنەی دەسەڵات". بەنی سەدر، یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێران، کە چەند ساڵێکە لە فەرەنسا دەژی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "لدێن پێشتریش ڕایگەیاندبوو کە خامنەیی تووشی وەستانی دڵ هاتووە، بەڵام ڕاست نەبوو، بەڵام بەپێی ئەو هەواڵانەی لەنێوخۆی ئێرانەوە بە دەستمان گەیشتوون، خامنەیی تووشی نەخۆشی گەدەو شێرپەنجەی پرۆستات هاتووە".

چاودێران و شارەزایانی کاروباری ئێران هەرچەندە سەبارەت بە چارەنووسی دوای مردنی خامنەیی بە گومانەوە دەدوێن، بەڵام لەسەر ئەوە کۆکن کە بە نەخۆش کەوتن یان مردنی خامنەیی ململانێیەکی نێوخۆیی توند لەنێوان پارێزکار و ڕیفۆرمخوازان دێتەکایەوە. هەروەها لەنێو خودی پارێزکارانیش دا ڕوودەدات. ئەوەش دەبێتە خێرا هەڵتەکانی ئەو سیستەمە.

عەلی ڕەزا نوری زادە، شارەزا لە کاروباری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و عەرەب، لە لێداونێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو)، ئاماژەی بە پێکهاتەی دەسەڵاتی دوای خامنەیی کردو گوتی "لێکدانەوەی ئەوەی کە ئێرانی دوای مردنی خامنەیی بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات شتێکی دژوارە، بەڵام من دڵنیام تەمەنی ولایەتی فەقیە بە مردنی خامنەیی لە ئێران بە یەکجاری کۆتایی پێدێت".

هاوکات بەشێک لەریفۆرمخوازانی ناو حکومەت هەواڵی تووشبوون بە کۆمای خامنەییان پشتڕاستکردووتەوە، بەڵام میدیاکانی کۆماری ئیسلامی ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەنەوەو ئەو دەنگۆیانە بەفیتنەی کەسانی ئاژاوەگێر و لایەنگری ئەمریکا لەقەڵەم دەدەن، ماڵپەری بازتاب کە ماڵپەرێکی زمانحاڵی کۆماری ئیسلامییە، بە دانانی وتارێکی بەپەلەو هێرش کارانە، ئەو دەنگۆیانەی بە درۆ خستەوە و ڕایگەیاند "بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیە، هەوڵێکە بۆشڵەژاندنی کۆماری ئیسلامی لەلایەن نەیاران و ناحەزانییەوە".

ئەو هەواڵە بۆ هەموو میدیاکان جێی بایەخ پێدان بوو، ئاژانسی هەواڵنێری ئیتاڵی لە هەواڵێکدا مردنی خامنەیی ڕاگەیاندبوو "هەواڵی مردنی خامنەیی لەلایەن ئایەتوڵڵا ناسری یەکێک لەئەندامانی (ئەنجوومەنی خیبرەگان)ی کۆماری ئیسلامیەوە پشتڕاست کراوەتەوە". ئەو هەواڵە یەکەم جار نەبوو لەمیدیاکاندا بڵاودەبووەوە، بەڵکو (تەلەڤزیۆنی تیشک)ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە کانوونی دووەمی 2007دا، هەواڵێکی لەوجۆرەی بڵاو کردبووە و تەنانەت USA Today، San Fransisco Times، Washington Post، Washington Times، Financial Times، Daily Express، Sun، Fax News، BBC، CNN، ئەو هەواڵەیان بڵاو کردەوە، دواتر هەواڵەکە لەلایەن محەممەد عەلی حوسێنی، وتەبێژی ئەو کاتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەدرۆ خرایەوە.

تائێستا دیار نییە دوای خامنەیی کێ ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکات. بەنی سەدر ئاماژە بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەکات و لەو باوەڕە دایە کە سوپای پاسداران دەتوانێ کەسێکی باوەڕداری خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ "بەپێی ماددە 111ی یاسای بنەڕەتی ئێران، ئەگەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نەخۆش بکەوێت و نەتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، ئەوە لێژنەیەکی سێ کەسی پێکهاتوو لەسەرکۆمار، سەرۆک پەرلەمان و مەلایەک کە ئەندامی ئەنجوومەنی چاودێرییە، ئەرکی ڕێبەر ڕادەپەڕێنن، ئەو ئەگەرە هەیە کە ناکۆکییەکە لەو یاسایەوە سەرچاوە بگرێ"، ناوبراو گوتیشی "باڵی پارێزکاران لەمێژە بڕیاریداوە کە موجتەبای کوڕی خامنەیی، بکاتە جێگرەوەی باوکی و سوپای پاسدارانیش دەتوانێ ئەو بڕیارە بسەپێنێت".

بەڵام عەلی ڕەزا نوری زادە لەو باوەڕەدایە دوای خامنەیی، ڕیفۆرمخوازانی ئێران کە یەکڕیزترن، بتوانن جێگەی خامنەیی بگرنەوە "لە دوای مردنی خامنەیی درزی نێو بەرەی پارێزکاران ئاشکراو قوڵتر دەبێتەوەو ئەوەش ئەو دەرفەتە بە لایەنگرانی ڕیفۆرمخواز دەدات ببنە جێگرەوەی خامنەیی".



### خۆپیشاندان بۆ گوڵاڵە دەستی گۆڕانی لە پشتە؟

# گۆڕان لە پەرلەمانەوە دێتە سەرشەقام



**نەوزاد مەحمود**
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

لەگەڵ دەست بەکاربوونی خولی نوێی پەرلەمان بەو 25پەرلەمانتارە ئۆپۆزسیۆنەکەی گۆڕانەوە، کە فراکسیۆنی گۆڕانیان پێکهێناوە، ڕۆژی 2009/9/14 یەکەمین خۆنیشاندانی ناڕەزایی بەرۆکی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی گرت و مامۆستا خۆنیشاندەرەکان، کە یەکێتی سەرکردەکانی گۆڕانی بەداینەمۆی وەجوڵەهاتنیان دەزانێ، داوای دوورخستنەوەی دەستی حیزبیان لەنێو فایلەکانی پەروەردە دەکرد، چەند ڕۆژێک دواتریش قوتابیانی خوێندنگەی سەفینی کچان، بەدروشمی (گوڵاڵە گوڵاڵە) چوونەوە هەمان شوێن و گواستنەوەی گوڵاڵەیان ڕەتکردەوە، بەرپرسێکی پەروەردە گوتی "ئەمانە هەمووی دەستی گۆڕانی لە پشتە".

بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بۆ شێوازێکی دیکەی کارکردن ئامادە دەکات، ئەویش بە بەکارهێنانی شەقام و ڕێکخراوە ناحکومییەکانە بۆ پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەکەیان، پەرلەمانتارێکی ئەو بزووتنەوەیەش وێڕای پشت ڕاستکردنەوەی ئەو ئامادەکارییە، باس لەوەدەکات سەرەتا دەیانەوێ تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان ئازاد بکەن. بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێ " کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێکخراوانە لەلایەن گۆڕانەوە، بۆ ئەوەیە کە حکومەت کاری لەبەر نەڕوات".

ئیسماعیل گەڵاڵی، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان دەڵێ " ئەگەر ڕێکخراوەکان زیندووبن، شەقامیش زیندوو دەبێت و کێشەکان بەبێدەنگی نامێننەوەو دێنە بەردەم پەرلەمان و پەرلەمانیش ناچار دەکرێت کاری لەسەر بکات". گوتیشی " لەبەر ڕێکخراوە کارتۆنییەکانی دەسەڵات شەقامی زیندوومان نەبووە".

دوای ڕەوینەوەی بەشێکی زۆری تەمومژی سەر ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی 25 تەممووز، هەریەک لە یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بەدەرکردنی بەیاننامەی توند، شەڕی ڕاگەیاندنیان دەست پێکردەوەو وەک سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەدوو کۆبونەوەی جیاوازدا هەریەک لە د.بەرهەم و مەلا بەختیار بە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیان گوتووە "ئیتر یەکێتی مووچەی بەلاش ناداتە کەس و هەرکەس نایەوێت شەڕی گۆڕان بکات بابچێتەوە بۆ ماڵەوە". بورهان ڕەشید پەرلەمانتاری گۆڕان هێرشەکانی سەر گۆڕان بەشکستخواردوو دەزانێ و دەڵێ با ئەوان وانەزانن کە ئێمە تەنیا دەچینە پەرلەمانەوەو هەر لەوێ کاردەکەین "ئێمە ئیعتیمادمان تەنها لەسەر فراکسیۆنەکەی خۆمان نییە بۆ ڕەخنەگرتن و گۆڕانکاری و پشت بەخەڵکیش دەبەستین".

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، گۆڕان هەموو هێزە بانگەشەکارەکەی خۆی لەسەرشەقامەکان کۆکردەوە، دابەزینەوەشی بۆ نێو شەقام دوای ئەوەدێت کە 25کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا. سەرچاوەیەکی نزیک لەئامادەکاریەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو گوتی "بڕیارە گۆڕان ڕاگەیاندنەکانی فراوانتر بکات و هەیکەلی ڕێکخستن لە هەموو ناوچەکان دروست بکات و پەیوەندییەکی توند لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان دروست بکات". گوتیشی "گۆڕان دەیەوێ تەنها لە سلێمانی نەمێنێتەوەو بەهاوکاری ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، دەچێتە هەولێرو دهۆک و ناوچەکانی دیکەش".

جۆرج یوسف، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوە بەناڕاست نازانێ کەبە ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەیی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بگوترێ کارتۆنی "دەکرێ بڵێی ئەکتیڤ نین، نەک کارتۆنی"، گوتیشی"ئەو ڕێکخراوانەی پارە لەحکومەت وەرناگرن، زۆر چالاکن". بەپێی ئامارێک زیاتر لە 1000 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان هەن. گۆڕان دەیەوێ شەقامەکانیش پڕ بکات لەدەنگی ناڕازی، پێدەچێت تیمەکانی پۆلیسی پارێزگاری چالاکییە مەدەنییەکانی سلێمانی، لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی شەشەمدا، زۆرترین کات لەسەر شەقامەکان بمێننەوە، بەپێی ئامارێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لە ساڵی ڕابردوودا 298چالاکی مەدەنی جۆراوجۆر ئەنجامدراون. عەمید لوقمان عەبدوڵلا بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی پۆلیس گوتی"کاتێک خۆنیشاندانەکان کاری ئاژاوەگێڕی بەخۆیەوە بینی، بەئاو یان جۆرە دەمانچەیەکی کارەبایی و ڕووناکی و گازی، بڵاوەیان پێدەکەین".

چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان، ئەو گۆڕانکارییەی لەپەرلەمانی کوردستاندا ڕوویداوە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆو ستونیش دەکاتە سەرشەقامی کوردی و لەمەودوا پارتی و یەکێتی حکومڕانێتی شەقامێکی بێدەنگ ناکەن. یوسف گۆران، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی بڕوای وابوو ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان شتێکی ئەوتۆی پێنەکرێت، دەتوانێ پەنا بۆ شەقام ببات "دوور نییە بەهۆی بێ ئەزموونیمان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن گرژی سیاسی بکەوێتە نێو شەقامەکانیشەوە، بەڵام ئەوەش شتێکی کاتییە و تێدەپەڕێت".

جەلال کەریم، بریکاری وەزیری ناوخۆ دەڵێت هیچ کەسێک ناتوانێ خۆنیشاندان و ڕێپێوان ئەنجامبدات، بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ "دەبێ مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ و کات و شوێن و ئامانج و ماوەی خۆنیشاندانەکە دیاری بکەن". بریکاری وەزیری ناوخۆ دەڵێ "خۆ گۆترەو بەرەڵڵایی نییە، هەرکەس ویستی بێتە سەرجادە، ئێمە دەزگای تایبەتمان هەیەو ناهێڵین ئارامی ئەم وڵاتە تێکبدرێت و ئاژاوە دروست ببێت".

بریکاری وەزیری ناوخۆ وەک ئاگادارکردنەوەیەک دەڵێ ناکرێت بەبیانوی داوای خەڵکییەوە بچیت ئاژاوە بگێڕیت. گوتیشی "ئەگەر بیانەوێت سیاسەت ڕابکێشنە ناو شەقام و بیانەوێت وەک ئۆپۆزسیۆن خەڵک بکەنە داردەستی خۆیان، ئەوە شتێکی ڕێگە پێنەدراوە".

**لەبەر ڕێکخراوە کارتۆنییەکانی دەسەڵات شەقامی زیندوومان نەبووە**
ئیسماعیل گەڵاڵی، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان

**خۆ گۆترەو بەرەڵڵایی نییە، هەرکەس ویستی بێتە سەرجادە**
بریکاری وەزیری ناوخۆ

## عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# تۆمەتەکان لەسەر پارێزگاری سلێمانی ساخ نەبوونەوەو بێ تاوانە



عیماد ئەحمەد دەڵێ، پارێزگاری سلێمانی زۆرجار بە منی گوتووە کە سەر بە گۆڕان نییە و نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات

(فۆتۆ: رووداو)

**عیماد ئەحمەد، دوای ئەوەی پێش هەڵبژاردنەکان بووە جێگری سەرۆکی حکومەت جێگەکەی تەنیا ژوورەکەی نەبووە لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵکو بەردەوام لە سەر پرۆژەکانی سلێمانی و گەرمیان دەبینرا. دەگوترا ئەوە بۆ هەڵبژاردنە، بەڵام دواتریش ئەو مەیدانیبوونەی بەردەوامبوو. ئەوکاتەی قسەمان لەگەڵ کرد بۆ دانانی کاتی ئەو هەڤپەیڤینە لە کەرکووک بوو، لە سلێمانی بەرێگەوەبوو بۆ هەولێر. لەکاتی هەڤپەیڤینەکەشیدا بە پەلە بوو بۆ دەرچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران. ئەوە پەسەندانی کەسێک نییە کە لەو رۆژانەدا بارەگەی خۆی لە حکومەتەوە تێکدەنێ بۆ بەرپرسیارێتی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی، بەڵکو نیشاندانی جموجۆڵیەتی.**
**لەو هەڤپەیڤینەدا، عیماد ئەحمەد وەک جێگری سەرۆکی حکومەت و وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) دەداتەوە:**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: چاوەڕواندەکرا لەکابینەی پێنجەم دا، بەهۆی ئەوەی یەکگرتنەوەکە لە دوای شەڕ بوو، لەنێو ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەهۆی ئەو باکگراوەندە کێشە و شەڕ دروستببێ، بەڵام ئەوە نەبوو، هۆی چ بوو؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەو گونجاندنە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کارکردنی کاک نێچیرڤان، کە مامەڵەیەکی باشی هەیە، هەردووکیشمان وەک یەک تیم کارمانکردووە، هەروەها کارمەندەکانی ئەنجوومەن بەهەمان رووحیەت کاریانکردووە. من کە سەرکەوتنێکیشم بەدەستهێناوە، بەهۆی هاوکاری برادەران بووە.

**رووداو: دەسەڵاتێکی زۆر درابووە عومەر فەتاح جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەت، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە تۆش؟**

**عیماد ئەحمەد:** هەمان دەسەڵاتەکان دراوەتە منیش. من لێرە وەک جێگری سەرۆک وەزیران کارم نەکردووە، بەڵکو وەک سەرۆک وەزیران کارم کردووە. چونکە سەرۆکی وەزیران هەموو دەسەڵاتەکانی داوەتە ئێمە، دووانیان نابێ، ئەویش لەڕووی یاساییەوە نابێ هەموو دەسەڵاتەکان بدات، دەبێ شتێکی لێبگرێتەوە. دوو شتی لێگرتووەتەوە، هەردووکیشمان کردووە، چونکە هەر خۆی مەجالی داوە، ئەویش مەسەلەی گرێبەستەکانی نەوت و دابەشکردنی زەوییە.

**رووداو: گلەییەکی زۆر لە کاری حکومەت هەبوو لە سلێمانی و گەرمیان، کەموکوڕییەکە لە ئێوەبوو یاخود لە ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگارەوەبوو؟**

**عیماد ئەحمەد:** کەموکوڕی جار هەبوو رۆژنامەکان دروستیان دەکرد، هەروەها تایبەتمەندی و سروشتی ناوچەکەش جیاوازە. ئەو ناوچەیە لە کاولکاریدا بەشێکی زۆری بەرکەوت، لەڕووی خەباتی چەکداری ناوچەکانیان نازێکیان هەیە، هەروەها لەوانەیە سروشتی خەڵکی سلێمانیش لە زۆر شتەوە جیاوازی هەبێ لەگەڵ ناوچەکانی دیکە. ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو واقیعە کردووە. کاری ئیدارەی کۆنی سلێمانیش پاشماوەکەی هەر ماوە. لەو ناوچەیە درێخی نەکراوە. ئێستا کە سەیری ژمارەی پرۆژەکان و پارە دەکەی، ئەو پارەیەی کە لەوێ خەرجکراوە، زۆربووە بۆ ژێرخان، بەڵام خەڵکی سلێمانی و گەرمیان هەستیارترن و هەندێجاریش یاخیترن، فەزایەکی ئازادتریش هەیە بۆ دەربڕین لە ناوچەکە.

**رووداو: بەڵام کەموکوڕییەکان لەسەر زەوی هەبوون؟**

**عیماد ئەحمەد:** هەبوون، بەڵام پرۆژەمان هەبووە کێشەی تێدابووە، کێشەکان بەشێکی لە گرێبەستەکان بووە، بەشێکی لە دیزاین و نەخشە

## جۆرە ئینشیقاقێک لە نێو یەکێتی دا دروستبووە بۆیە هەندێ پێشلکاری روودەدەن

ئەندازەییەکان بووە، بەشێکی لەکار بووە. ئێمە لەوێ چەندین پرۆژەمان زیندووکردەوە کە مردبوون و کێشەیان تێدابوو.

**رووداو: پارێزگاری سلێمانی دەڵێ 3000 پرۆژە لەکاتی مندا کراون، بەڵام هەموویان کێشەیان هەبووە؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەوانەیە پرۆژەکان لەوە زیاتربن، پارێزگا ئەگەر بودجەیەکی لا بوویێت، بودجەی حکومەت ئەگەر دە جار ئەوەندە نەبووبێ، کەمتر نەبووە. ئەگەر پارێزگا لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، دووسەت یان وەک ئەمساڵ سەت و شتێک ملیۆن دۆلاری هەبوویێت، ئێمە بە ملیارەها دۆلارمان هەبووە. بودجەی گەشەپێدانی ئێمە، لەناوچەکان بۆ ژێرخان و رێگەوبان، بۆ ئاو و بۆ کارەبا، بۆ شارەوانی زۆربووە. تەنیا لەو 6 مانگەی من بوومەتە جێگری سەرۆکی حکومەت لەسەروو 80 ملیۆن دۆلارمان بۆ شارەوانی خەرجکردووە لە سنووری سلێمانی، لەسەرووی 74 ملیۆن دۆلارمان بۆ رێگەوبان خەرجکردووە، 140 ملیۆن دۆلارمان بۆ کارەبا خەرجکردووە.

**رووداو: بەپێی ئەو بەدواداچوونەی لە رۆژنامەی (رۆژنامە) بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە عیماد ئەحمەد لەکاتی دەستبەکاربوونیەوە تاوەکو کاتی هەڵبژاردنەکان (2009/4/7 تاوەکو 2009/6/12) بایی 5 تریلیۆن و 230 ملیار و 519 ملیۆن دینار بەڵێنی ئەنجامدانی پرۆژەی بە خەڵک داوە، لەکاتێکدا هەموو ئەو بودجەی بەشی سلێمانی و گەرمیان (ئیدارەی سلێمانی) ئەوەندە نابێ، بۆیە ئەوان دەڵێن ناتوانیت ئەو بەڵێنانە بەجێبگەیێنی؟**

## 1تریلیۆن و 60 ملیار دینار لە بودجەی ئەمساڵ بۆ کابینەی شەشەم دەمێنێتەوە

**عیماد ئەحمەد:** ئەو ژمارانە راست نین، لەخۆیانەوە هێناویانە. بەپێی ئەو ژمارانەی لە وەزارەتی داراییەوە پێمدراون، لەوکاتەوەی من دەستبەکاربوومە داهاتمان چەندبووە و خەرجییەکانمان چەند بووە، ئەو داهاتە کە هاتووە چۆن هاتووە لەلایەن عێراقەوە و لەلایەن سەرچاوەکانی داهاتی خۆمانەوە، ئێمە بۆ بودجەی جاری و تەشغیلی چەندمان خەرجکردووە و بۆ بودجەی پەرەپێدان چەندمان خەرجکردووە دیارە. بەگشتی لەو ماوەیەدا، داهاتی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی لە سلێمانی لە 2009/3/1 تاوەکو 2009/9/30 بریتیبووە لە 2 تریلیۆن و 581 ملیار دینار، ئەوەی لێی خەرجکراوە بریتیبووە لە 2 تریلیۆن و 595 ملیار دینار. پاشکۆکەش بریتیبووە لە 13 ملیار و 270 ملیۆن دینار. 2 تریلیۆن لە پارەی خەرجکراو بۆ بودجەی جارییە، واتە مووچە و ئیشوکاری وەزارەتەکان خەرجکراوە. 581 ملیۆن دیناریش بۆ ژێرخانی ئابووری خەرجکراوە. ئەوەی من لە پێش هەڵبژاردن و کاتی هەڵبژاردن و دوای ئەوەش باسمکردوون، هەموویان پرۆژەی خزمەتگوزارین. ئەوەندە نییە کە ئەوان باسیان کردووە. خۆزگە بەڵێنەکانیان دەخستە بەرچاو، چونکە من نەمگوتووە دەریاچە و بەنداو دروستدەکەین، لەوانەیە بێخمەیان خستبێتە سەر ئەوە، کە ملیارەها دیناری تێدەچێت.

**رووداو: ئێوە کە ئەو هەموو پارەیەتان خەرجکردووە، هیچ پارە بۆ حکومەتی داهاتوو دەمێنێتەوە لە بودجەی ئەمساڵدا؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەڵێ ماوەتەوە. لە 2009/10/1 تاوەکو 2009/12/31 بودجەکە بەشێوەیەکی گشتیی بەو شێوەیە دەبێ : 766ملیار و 31 ملیۆن دینار بودجەی ئاسایی، 27 ملیار و 700 ملیۆن دینار بودجەی پرۆژەکان دەبێ . هەروەها بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش بریتی دەبێ لە 14 ملیار و 549 ملیۆن دینار . کۆی گشتیی پرۆژەکە بەمشێوەیە دەبێ : 1تریلیۆن و 60 ملیار و 280 ملیۆن دینار لە بودجەی ئەمساڵ بۆ کابینەی شەشەم دەمێنێتەوە. بەغدا بودجەکەمان هەمووی پێکەوە ناداتێ. پارەی سێ مانگی ماوە لەمساڵدا بەشێکی ماوە وەریبگرین لە بەغدا.

**رووداو: یەکتر تۆمەتبارکردن و جۆرێک لە ناتەبایی هەبووە لەنێوان ئێوەو پارێزگاری سلێمانی، بەتایبەتی کە لەسەر گۆڕان حسابکرا. دەگوترا پارێزگار پرۆژەکانی سلێمانی زیاتر داوەتە ئەو کۆمپانیایانەی لە کۆمپانیای وشەوە نزیکن، ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان لەسەر ئەوە هەیە؟**

**عیماد ئەحمەد:** من هەر کە دەستبەکاربووم دانیشتنێکم لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی کرد، پێمگوت ئێمە وەک حکومەت هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکت دەکەین، تۆش دەبێ پشتیوانی لە حکومەت و شارەکەت بکەی و کاری کارمەندەکانت بە شێوەیەکی باش بێ، چۆن نەوزاد هادی، سەرکەوتووبووە لە پارێزگای هەولێر و تەمەر کۆچەر لە دهۆک، ئێمەش داوای ئەوەت لێدەکەین. من لەو ماوەیەدا تاوەکو پێمکراوە هاوکاریم کردووە، هیچ تەگەرەم بۆ دروستنەکردووەو داواکانیم وەکو خۆی جێبەجێکردوون. لە ئەنجوومەنی وەزیران و لەلایەن برادەرانیشمانەوە درێخی نەکراوە. بەڵام ئەو ململانێ نێوخۆییەی خۆمان کە زیاتر لە سلێمانی دەرکەوتووە، پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا و داوودەزگاکانمان لەوێ بەشی خۆیان لەو ململانێیە بەرکەوتووە. ئینجا لەوانەیە دژایەتی ئەویش کرابێ، من لەوبڕوایەدانیم ئەویش بێ بەشبووبێت لەو ململانێیە، ئەویش بەشێوەیەک کاریکردووە لەوانەیە لایەنەکانی دیکەی رازیکردبێ یان رازینەکردبێ، ئەویش بووەتە لایەنێک لە ململانێکە. ئەو خۆی زۆرجار لای من باسیکردووە، کە سەر بە گۆڕان نییە و نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات.

**رووداو: دوای ئەوەی لە (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوەو وەزیری دادیش باسیکرد، کە پارێزگار فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە بەهۆی دیارنەمانی پارەی وشکە سالّی و بودجە، بەڵام دەگوترێ ئێستا بە رێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارێزگار بێدەنگی لەو دۆسیەیە کراوە، پاش ئەوەی پارێزگار هەڕەشەی کردووە زۆر کاری نایاسایی یەکێتی ئاشکرا دەکات؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە. ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکمان دروستکرد بەسەرۆکایەتی محەممەد قەرەداخی و ئەندامێتی مەلیحەخان لە وەزارەتی دارایی و ئەحمەد موسا لە وەزارەتی ناوخۆ، راپۆرتی خۆیان بەرزکردووەتەوە و پارێزگار بێ تاوانە لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی لەبارەی پارەی رووبەڕووبوونەوەی وشکە ساڵی. دادوەر وا دەڵێ . لیژنەکە راپۆرتەکەی پێشکەش کردووەو دەڵێ کەموکوڕی لە کاروباری ئیداری و توانای ئیداری پارێزگا هەیە، بەڵام هیچ مەسەلەیەکی پارە دزین لەسەر پارێزگار نییە.

**رووداو: تۆمەتبار بێ تاوانە تاوەکو تاوانەکەی لەسەر ساخ دەبێتەوە. هەستناکەن ئێستا ناوی پارێزگار لەو دۆسیەدا زڕێندراوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** رۆژنامەکان ئەوەیان کرد.

**رووداو: بەڵام ئەوە لە رۆژنامەکانی یەکێتی باسکراوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** من دڵنیام نە کاک نێچیرڤان ئەوەی کردووە، نە من کردوومە.

**رووداو: بەڵام وەزیری داد باسی ئەوەی کرد و گوتیشی بۆ بودجەی 2008 پارێزگا یەک لاپەڕەی نووسراوی نییە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەو لەسەر ئەوەی پارەیەکی زۆر لە بودجەی وشکە ساڵی براوە قسەی کردووە. ئێستا فەرمانبەر هەیە لەسەر ئەو پارەیە گیراوەو لە زیندانە، بەڵام پەیوەندی بە پارێزگارەوە نییە. ئەویتریشیان بودجەی 2007 ە کە ئێستا کۆمەڵێک فەرمانبەر لەسەری گیراون، ئەگەر لەو بوارەشدا بەڵگەنامەیەک لەسەر پارێزگار هەبووایە لەو رووەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرا، بەڵام وانییە. بەڵام ئێوە وەک رۆژنامەکان 2000 تۆمەت بۆ خەڵک دروستدەکەن و ناوی دەزڕێنن و دوایی دەردەکەوێت وا نییە. ئەو هەموو ملیارەش کە خراوەتە سەر بەڵێنەکانم یەکێکە لەو ناوزڕاندنانە.

**رووداو: دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی دەڵێ 2500 دۆسیەی داوەتە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بەدواداچوون، بەڵام وەک ئەندامانی لیستی گۆڕان لە زاری جەلالی ساماغای بەڕێوەبەری چاودێری دارایی دەیگوازنەوە، بەدواداچوونی ئەو دۆسیانە نەکراوە، لە پەرلەمان لە پەرلەمانتاران شاردراونەتەوە، لەسەر ئەوەش فراکسیۆنی گۆڕان دەیەوێ عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بداتە دادگا. ئەوە چۆن لێکدەدەیەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** من لەو بڕوایەدانیم کاک جەلال قسەی وابکات، چونکە کاک جەلال خۆی دەزانێ کە من دەستبەکاربوومە لیژنەیەکی باڵام بەسەرۆکایەتی کاک فاروق جەمیل دروستکردووە، بۆ بەدواداچوونی ئەو راپۆرتانە و دەست بەکاریش بووە، چاودێری داراییش سوپاسی ئێمە و فاروق جەمیلی کردووە کە ئەو لیژنەیە دەست بەکاربووەو زۆر لە کێشەکانی چارەسەر کردووە. حەزدەکەم ئەوەش روونبکەمەوە، راپۆرتی چاودێری تاوانبارکردن نییە. دۆسیەکان لەوە زیاترن، گەیشتوونەتە 7000. دیوانی چاودێری دارایی ئێمە، دیوانێکی چالاکە و ئێمە پشتیوانییەکی رەهایان دەکەین.

**رووداو: ئێوە کە ئەو لیژنەتان دروستکردووە، لەوکاتەدا دانی عەدنان موفتی بە دادگا، بە داوایەکی رەوا دەبینن؟**

**عیماد ئەحمەد:** کاک عەدنان سەرۆکی پەرلەمان بووەو، ئەوان لەسەر مەسەلەی دیکەی سیاسیش قسەی لەسەر دەکەن، گۆڕان کە داوای ئەو شتانە دەکات، ئەوە هەڵوێستێکی سیاسییە.

**رووداو: هەر پەیوەست بەو دۆسیانەوە، کێشەی زیاتر لە 18 ملیۆن دۆلارەکەی وێستگەی تەقتەق گەیشتە کوێ، کە سکرتاریەتی مام جەلال گوتی خەڵک دڵنیا دەکەینەوە بەو نزیکانە پارەکە دەگەڕێتەوە، گەڕاوەتەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** نەخێر.

**رووداو: کەی دەگەڕێتەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** نازانم.

**رووداو: هیچ بە دواداچوونێکی ئەو دۆسیەتان کرد؟**

**عیماد ئەحمەد:** وەزارەتی کارەبا راپۆرتی خۆی بەرزکردووەتەوەو، ئێمە لیژنەیەکمان دروستکردووە بەسەرۆکایەتی ئازاد عیزەدین مەلافەندی، کە بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە دەکات و راپۆرتێکمان بۆ بەرزدەکاتەوە، چاوەڕوانی راپۆرتی ئەوین.

**رووداو: ئەو دۆسیەیە لە توانای ئەو وەزیرەی هەرێمدایە، لەکاتێکدا دەگوترێ کەسانی باڵاتر لە عومەر فەتاحی تێدایە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەگەر لە توانای کاک عومەر فەتاح دا بوویێت پارەیەکی وا خەرج بکات، توانای ئەوەشی هەیە بیگەڕێنێتەوە. دەبێ کێ بێ نەتوانین لێیوەربگرینەوە، ئێمە حکومەتین و دەسەڵاتەکان بەشکراون و، هەموو کەس بەپێی دەسەڵاتەکانی کار دەکات. ئەوەی ئێوەش باسی دەکەن هەر تۆمەتە، چونکە بەوە خەڵک دەخەیە گومانێکەوە کە دەسەڵاتی سەرەوەی ئەو کێ بێت. ئەوە شتێکی شاراوە نییەو پارەکە بە فەرمان لە وەزارەتی دارایی دەرچووە. ئینجا هەر ئەو پرۆژەیە نییە کە جێبەجێنەکراوە، پرۆژەی دیکەش هەن و بەدواداچوونمان بۆ کردوون.

**رووداو: ئەو پرۆژانە چین؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئاخر ئێستا باسی بکەم سبەی دەیکەنە مانشێت.

**رووداو: پارەی کۆمپانیا ئیسپانییەکە گەڕێندرایەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئێمە بەدواداچوونمان بۆ 17 ملیۆن دۆلارەکەی کۆمپانیا ئیسپانییەکە کرد، من کە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بووم، ئەو پارەیە رۆیشتبوو، خۆم چوومە ئیسپانیا و کۆمپانیاکەمان دۆزیەوەو، کۆمپانیاکەش ئێستا لەگەڵ کۆمپانیایەکی دیکە پرۆژەی 1500 خانوومان بۆ جێبەجێدەکات لە سیتەک و زرگوێز.

**رووداو: بۆچی وا دواکەوت؟**

**عیماد ئەحمەد:** ناکۆکی هەبوو لەسەر ئەوە، خەڵک لەسەری خرایە زیندانەوە. جگە لەوە 35 ملیۆن دۆلاری دیکەش هەبوو لای کۆمپانیای دەنای ئێرانی بوو وەرمانگرتەوە. ئەوش پارەیەک بوو رۆیشتبووە دەرەوەو هێنامانەوە، کۆمپانیای دەنا ئێستا خەریکی تەسفیەی حیساباتن. زۆر پرۆژە هەبوون پەککەوتبوون، بەهیممەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەتایبەتی کاک عومەر فەتاح و وەزیری دارایی و ئاوەدانکردنەوەو دەزگای پرۆژە تایبەتەکان خستوومانەتە کارەوە. لەو ماوەیەدا زۆر هەوڵمانداوە، بەڵام هەندێکی ماوە. ئێستاش کۆمپانیایەکی کۆری 25 ملیۆن دۆلاری لایە بۆ نەخۆشخانە 400 قەرەوێڵەییەکە. کێشەی کارگەی مەڕمەڕەکەمان هەیە، ئێستا هاتوون و لە گفتوگۆدایین بۆ چارەسەرکردنی.

**رووداو: لەکێشەی نێوان بۆرسەی تۆسلۆ و کۆمپانیای DNO کە وەزیری سامانە سرووشتیەکانی کوردستانیشی پێوە پەیوەست ببوو، تۆ هیچ سەرنجێکت لەسەری هەیە؟**

**عیماد ئەحمەد:** وەزیر خۆی چووە پەرلەمانی کوردستان و، قسەی لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەکانیش کرد، منیش هەر ئەو قسانەم هەیە. من بە قەد ئەو بە ئاگانیم لە مەسەلەکە.

## 35 ملیۆن دۆلارمان بە کۆمپانیای دنای ئێرانی هێنایەوە

**رووداو: یەکێتی هیچ تێبینییەکی لەسەر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکان هەیە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەگەر تێبینیشمان هەبێ بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی باسمانکردووە.

**رووداو: واتە تێبینیتان لەسەری هەیە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەگەر هەمانبووبێ.

**رووداو: بەپێی ئامارەکانی پۆلیس رێژەی تاوان لە کوردستان زیادی کردووە. ئەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە بێکاری لە کوردستان زیاترە لەو رێژەیەی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراق خراوەتەڕوو کە لە هەولێر 4 و لە سلێمانی 5 و لە دهۆک 9%یە . چونکە هەر پۆینتێکی بێکاری 6 پۆینتی تاوان زیاد دەکات. بەو شێوەیە هەستناکەن رادەی بێکاری زیاترە؟**

**عیماد ئەحمەد:** لای ئێمە جۆری بێکاریەکە ئاشکرایە. ئێستا خۆمان دەچین کرێکار لە دەرەوە دێنین، تەماشاکەن چەند کرێکاری عەرەب و کرێکاری وڵاتانی دیکە لە وڵاتی ئێمە کاردەکەن لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا، بۆچی خەڵکی خۆمان نایکات. ئێمە بێکاریەکی داپۆشراو (مقنع) مان هەیە، کە مەترسیدارە، دووەم، ئێمە وامان لێنەهاتووە کارمان خۆشبوێت، هەندێ کار هەیە نایکەین و بە عەیبەی دەزانین و لە وڵاتی خۆمان نایکەین، بەڵام کە بچینە دەرەوە ئەو کارانە دەکەین. ئەوە حاڵەتێکە دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێین. خاڵێکی دیکە کە بنچینەییە، من هەر ئەوکات دانیشتنم کردووە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ئەمنییەکان و پۆلیس و پارێزگار، کە بۆچی دیاردەی دزی لە سلێمانی زیادی کردووە. ئێمە هەڵمەتێکمان کرد، زۆر دز و باندی دزی گیران، لەماوەی هەڵبژاردن و ململانێی نێوخۆمان و نەمانی مەرکەزیەت لەکارکردن دا، ببووە مایەی پاشاگەردانی و خاوبوونەوەی هەندێک لە داودەزگاکانمان، ئێستا چالاکمان کردوونەتەوەو پێشمانگوتوون کە ئێمە بەو هەزاران پۆلیس و داوودەزگایەی هەمانە بۆچی دزیەک بکرێ نەتوانین بیدۆزینەوە، بۆچی پێشێلکاری یاسایی بکرێ و ئێمە نەتوانین لێپێچینەوەی لەگەڵ دا بکەین، ئەوە پەیوەست بووە بە بارودۆخە سیاسییەکەوە.

## کۆمپانیایەکی کۆری 25 ملیۆن دۆلاری نەخۆشخانە 400 قەرەوێڵەیەکەی لەلایە

**رووداو: لەم ماوەیەشدا لە چەمچەماڵ تەقە دروستبوو لەگەڵ رەشید هەرێنەیی دا، بۆچی ئەو جۆرە ئاڵۆزییە دروستبووە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئێستا دۆخێک هاتووەتە پێشەوە مرۆڤ دەبێ نەیشارێتەوە، جۆرە ئینشیقاقێک لە نێو یەکێتی دا دروستبووە، کە ئینشیقاق لە دەسەڵات و حیزبێکی گەورەدا روودەدا، ئەم کێشانە سەرهەڵدەدەن. ئێمە نە ئەوە بە شتێکی زۆر ناسروشتی سەیری بکەین و نە بەشێوەیەکی واش پشتگوێی بخەین. دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوەو نەیێڵین کەمترین ئازار و پێشێلکاری ببێت. زۆر باسی نانبڕین و دەرکردنی خەڵک دەکرێ، ئەمڕۆ مامۆستایەک شتێکی دا یە من دەڵێ من لە ئیشراف بوومە، لەسەر ئەوە دەرکراوم کە گۆڕانم، بۆ وەزیری پەروەردەم نووسیوە کە لەو مەسەلەیە بکۆڵەوەو ئاگادارمان بکەوە. بۆ پۆلیسێکیش بە هەمان شێوە کە سکاڵای بۆ نووسیوم. لەوانەیە پێشێلکاری لە هەندێ بواردا کرابێ، بەڵام ئێمە لەگەڵیدا نین و دژین و خەریکین چارەسەری بکەین. ئەوەش بە هەردوولا یەکێتی و گۆڕان دەکرێ، چەپڵە بە دوو دەست لێدەدرێ. دەبێ لایەکەی دیکەش ئامادەیی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین کوردستانەکەمان چاکتر و جوانتر بکەین. دەبێ ململانێ لەسەر ئەوە بکەین کێ دەتوانێ نموونەیەکی جوانتر پێشکەش بکات، نەک یەکێکیان ئەویتر بباتە ناخی زەوییەوە، ئەوە هەڵەیە، چونکە ئەگەر ئەوە بکەین دەبێتە کارەساتێک کە ئێمە لە مێژووی کورددا زۆرجار زەرەرمان لێکردووە.

**رووداو: گوتت دەبێ پێکەوە کاربکەین، بەڵام یەکێتی تاوەکو ئێستا گۆڕانی وەک پێکهاتەیەکی سیاسی تازە قبوڵ نییە و لەگەڵی دانەنیشتووە؟**

**عیماد ئەحمەد:** بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوان ئێستا بزووتنەوەیەکی سیاسین کێ دەڵێ قبوڵمان نین. تائێستا لێدوانێکتان لە ئێمە بیستووە کە بڵێین گۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسی نییە.

**رووداو: بەڵام تائێستا نە ئێوە و نە پارتی وەک چۆن حیزبەکانتان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە پەیوەندی دەکەن و دادەنیشن، لەگەڵ ئەوان دانەنیشتوون؟**

**عیماد ئەحمەد:** نەخێر پارتی و گۆڕان دانیشتنیش دەکەن، بەڵام بەفەرمی نییە . هاتووچۆیان هەیە.

**رووداو: لە پلینیۆم چ دەکەن؟**

**عیماد ئەحمەد:** گۆڕانکاری دەکەین.

**رووداو: چ گۆڕانێک؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان کارەکانمان ئەنجامدەدەین.

**رووداو: چاوەڕێ ناکەن خەڵکێکی تازەی دیکەش لە ئەنجامی ئەو پلینیۆمە بتۆرێ، وەک فەرەیدون عەبدولقادر پێشبینی دەکات لە هەڤپەیڤینێکی (رووداو) دا؟**

**عیماد ئەحمەد:** هەموو پلینیۆم و کۆنگرەیەک، کۆمەڵێک رازیدەبێ و کۆمەڵێک ناڕازی دەبێ، بەڵام ئەوە قەدەرە و دەبێ بیکەی.

**رووداو: مووچەی ئەوانەی لە سەرکردایەتی بوون و ئێستا لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمپانیای وشەن ماوە یان نا؟**

**عیماد ئەحمەد:** ماوەو بەردەوامیشە .

**رووداو: هیچ بودجەیەک دەدەنە کۆمپانیای وشە؟**

**عیماد ئەحمەد:** نەخێر.

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (رووداونێت) دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

# ئابووری

## بۆ پەرلەمانی داهاتوو بە جێ دەهێڵرێت



رووداو - المدى
سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق حوسێن عەلی بەلۆ رایگەیاند کە پەسەنکردنی یاسای نەوت و گازی عێراقی دەکەوێتە ئەستۆی خوولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق " چەندین ئاستەنگ لە رێگەی پەسەندکردنی ئەو یاسایەدا هەن بۆیە چاوەڕێ دەکرێ پەسەندکردنی ئەو یاسایەو چەند یاسایەکی دیکە بۆ پەرلەمانی داهاتوو بە جێ بهێڵرێن". وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق عاسم جیهادیش ئاماژەی بەوەدا کە دواخستنی پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز بۆ پەرلەمانی داهاتوو کارناکاتە سەر بەرنامەکانی وەزارەتەکەیان لە بواری مۆرکردنی گرێبەست وپێشخستنی بەرهەمهێنانی نەوت.

| | دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|---|
| $ 100 | 118200 | $ 485 |  | |
| € 100 | 178200 | $ 114 |  | |

### سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی عێراق:

# باڵیۆزخانەی ئەمریکا چەند جارێک زانیاری وردیان پێداوین لەبارەی بوونی گەندەڵی لە داوودەزگاکانی دەوڵەتدا



## شەهرستانی: بەبێ فەرمانی مالیکی نایێمە بەردەم پەرلەمان

**میران حوسێن**
**رووداو-بەغدا**

شێخ سەباح ساعیدی سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوانەی تۆمەتی گەندەڵییان دایە پاڵ وەزیری دەرەوە، تائێستا بەڵگەیەکیان پێشکەش نەکردووە. گوتیشی کە لیژنەکەیان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی نەزاهەی گشتی خەریکی لێکۆڵینەوەن لە 620 دۆسیەی گەندەڵی، هەندێکیان بەئەنجام گەیشتوون و بەرزکراونەتەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و هەندێکیشیان هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان.

ساعیدی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لە نێوان لیژنەکەی ئەوان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق هەماهەنگی تەواو هەیە لەڕووی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گوتی"چەند جارێک هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی سەر بە باڵیۆزخانەی ئەمریکا زانیاریی وردیان پێداوین لەبارەی بوونی گەندەڵی لە داوودەزگاکانی دەوڵەتدا".

ساعیدی هەروەها لەبارەی بانگهێشتکردنی وەزیرەکان و لێپرسینەوەیان لەلایەن پەرلەمانەوە گوتی "سەرەڕای رێگرییەکان لەبەردەم کاری ئێمە کە لەلایەن حکومەت و حیزبەکانەوە دروست دەکرێن، ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت".

لەبارەی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقیش کەدوای چەند جارێک دواخستنی وادەکەی، بڕیاربوو 27ی ئەو مانگە بۆ لێپرسینەوە بچێتە بەردەم پەرلەمان گوتی"شەهرستانی ئامادەبوونی لەبەردەم پەرلەمان رەتکردووەتەوە و مەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێ نوری مالیکی رەزامەند بێت لەسەر بانگهێشتکردنی، ئەمەش پێچەوانەی دەستوور و یاسایە و پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەستوورە و لێی بێدەنگ نابین".

سەرۆکی لیژنەی نەزاهە ئەوەشی راگەیاند کە ئەوانەی هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە بە گەندەڵی و ئابڕووچوونی ئەخلاقی تۆمەتبار دەکەن تائێستا بەڵگەی پێویستیان پێشکەش نەکردوون. لەوبارەوە گوتی "داوامان لەو لایەنانە کردووە کە ئەو تۆمەتانەیان دایە پاڵ زێباری، بەڵگەی پێویست پێشکەش بکەن و ئێمەش لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین، بەڵام هەتا ئێستا نەیانتوانیوە بەڵگەی پێویست بخەنەڕوو".

ساعیدی لەگەڵ ئەوەشدا تێوەگلانی بەرپرسانی کوردی لەبەغدا لەکاری گەندەڵییەوە بەدوور نەزانی و گوتی "گەندەڵی و بەفیرۆدانی سامانی گشتی لەنێو داوودەزگاکانی دەوڵەتدا وەکو شێرپەنجە بڵاوبووەتەوەو هیچ دەزگایەکی دەوڵەت بەدوور نییە لە گەندەڵی، بەوەشدا کە کورد بەشدارێکی سەرەکین لە حکومەت، ئەوانیش بەرپرسن لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی".

هەروەها گوتیشی کە ئەوان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفەگەری و حیزبایەتی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی گەندەڵی ناکەن، هەربۆیە ئامارێکی وردیان لەبارەی ژمارەی ئەو بەرپرسە کوردانە نییە کە بە گەندەڵی تۆمەتبارکراون.

ساعیدی مانگی ئەیلوولی رابردوو، رەخنەیەکی توندی ئاراستەی حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی لەعێراق کردبوو کە لەدۆسیەی گەندەڵیدا دژی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت مل بۆ گوشارە سیاسییەکان کەچ دەکەن. هاوکات هۆشداریی ئەوەشی دابوو کە تووڕەیی و بێزاریی خەڵک لەبڵاوبوونەوەی گەندەڵی سەرەکیترین فاکتەری یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو دەبێت کە بڕیارە لە 2009/1/16دا ئەنجامبدرێن.

ساعیدی کە سەر بەحیزبی فەزیلەیە، نوری مالیکیی سەرۆک وەزیرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە "هیچ نیازێکی راستەقینەی نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی".

بەگوێرەی راپۆرتی ساڵی 2008ی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، جگە لە سۆماڵ و میانمار هیچ دەوڵەتێکی دیکە نییە هێندەی عێراق گەندەڵی تێیدا تەشەنەی کردبێت.

حکومەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گەندەڵییەی کە شارەزایان بەئاستەنگی سەرەکیی بەردەم پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەزانن، چەند دەزگایەکی پێکهێناوە، لەوانە لیژنەی نەزاهەی سەر بە پەرلەمان و دەستەی نەزاهەی گشتی و نووسینگەی پشکێنەرانی گشتی کە لەنێو وەزارەتەکاندا کاردەکەن، بەڵام هەموو ئەو راپۆرتە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی لەوبارەوە دەردەچن، وا پیشان دەدەن کە حکومەتی عێراق لەبەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیەدا شکستی هێناوە.



**ئەوانەی تۆمەتیان دایە پاڵ هۆشیار زێباری تائێستا بەڵگەیەکیان پێشکەش نەکردووین**

سەباح ساعیدی سەرۆکی لیژنەی نەزاهە

### سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری:

# کارمان ئەوە نییە حکومەت بەڕێوە ببەین بەڵکو دەمانەوێ حکومەتێک دروست بکەین



**دەشتی سەباح**
**رووداو – هەولێر**

لە یەکێک لە ژوورەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، گەنجێکی نیوە پەروەردە کوردی – بەریتانیایی، دانیشتووەو دەیەوێت لەرێگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، کوردستان بگەیێنێتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان. ئەو بەوشێوەیە پێناسەی تەکنەلۆجیای زانیاری Information Technology دەکات " تەکنەلۆجیای زانیاری بریتییە لە گەیاندنی زانیاری پێویست لەکاتی گونجاو، بە شێوازی گونجاو، بۆ بڕیاردان لەسەر کارەکان".

ئەوێ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاریی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، کە لەمانگی ئاداری 2007 بە راسپاردەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە. 40 کارمەند لە ئۆفیسی سەرەکی ئەو فەرمانگەیەدا کار دەکەن. بۆتان مەحموود عوسمان، سەرۆکی فەرمانگەکە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی رۆژەکان تا کاژێر 7 ی ئێوارە دەوام دەکەن. ئەو گەشبینە بە هەنگاوەکان و دانانی پلانی ستراتیژی و جێبەجێکردنی نەخشەی رێگا کە کوردستان لەڕووی تەکنەلۆجییەوە پێویستی پێیەتی" کارمان ئەوە نییە حکومەت بەڕێوە ببەین، بەڵکو دەمانەوێ حکومەتێک دروست بکەین".

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، هاوشێوەی ئاراستە نێودەوڵەتییەکان کاردەکات بۆ ئەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری ببێتە بەشێکی بنەڕەتی دامەزراوەکانی حکومەت بۆتان مەحموود عوسمان لە IT . لەرێگەی ماستەر پلانی هەڤپیەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "مەبەستی گشتی لە دامەزراندنی ئەو فەرمانگەیە بریتییە لەبەرزکردنەوەی ئاستی بایەخدان بە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

بۆتان مەحموود عوسمان، کە بەشی زۆری ژیانی لە بەریتانیا بەسەر بردووە، ئەو لەدوو بواردا پسپۆری بەدەستهێناوە، لەزانکۆی مانچستەر لەبەریتانیا، بڕوانامەی ئەندازەی سۆفتوێر Software Engineering و بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە لەبەڕێوەبردنی بزنس MBA Masters in Business Administration. هاوکاتیش لەبوارەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری، کارگێڕیو دارایی لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیای بەریتانیایی کاری کردووە. لەکۆتایی ساڵی 2006 بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان.

هەوڵو پرۆژەکانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بریتین لەئامادەکردنی ستراتیژی تەکنەلۆژیای زانیاریو نەخشە رێگای جێبەجێکردنی ستراتیژەکە. بۆ ئەم مەبەستە لە2008/7/2 حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیای نێودەوڵەتی بەنێوی (پرایس وۆتەرهاوس کوپەرز (PwC ئیمزا کردووە. بۆتان ئاماژەی بەوەشکرد کە لەساڵی 2010 حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەن ستراتیژیەتێکی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ پێنج ساڵی داهاتوو، هاوکات لەگەڵ نەخشە رێگایەک یاخود پلانێکی ورد کە بە بەشداری 600 کەس دادەنرێت " ئەوکات بەواقیعی دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە ئێمە کەی دەتوانین سیستمی دارایی ئەلیکترۆنی وردمان هەبێت لەکوردستان، بناخەی پەیوەندیکردن کەی چاک دەکەینەوە لەکوردستان". هاوکات کردنەوەی ئەکادیمیای تەکنەلۆجیای زانیاریو دامەزراندنی بانکی زانیاری فەرمانبەران و دروستکردنی ناسنامەی ئەلیکترۆنی ستاندارد بۆ فەرمانبەران لەو پرۆژانەن کە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەنجامیداون. بۆتان دەڵێت داخیلکردنی تەکنەلۆجیای زانیاریو گەیاندنی بۆ نێو داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یارمەتی خێراکردنی هاتووچۆی زانیاری دەدات و، بڕیاردان بە پشت بەستن بە زانیاری، باشتر پلاندانان، گەیاندنی خزمەتگوزاری بە شێوازێکی کارامەترو خێراکردنی هەنگاوەکان بەرەو حکومەتی ئەلیکترۆنی لەکوردستان، ئامانجی کاری ئەوانن.

لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا کە فەرمانبەرێک دادەمەزرێ بڕوانامەی ICDLی هەیە کە تایبەتە بەشارەزایی لە بواری کۆمپیوتەردا، ئایا فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بیری لەپرۆژەیەکی لەم جۆرە کردووەتەوە؟ بۆتان ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان لەگەڵ سەرۆکی ICDLکە ئۆفیسی سەرەکیان لەئیرلەندایە لەپەیوەندیدان و هەوڵدەدەن لەرێگەی ئەکادیمیاکەوە ICDL بهێنینە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان" ئێستا زۆر زەحمەتە بڵێی کەس نابێ دابمەزرێت پێش ئەوەی بڕوانامەی ICDL هەبێت، بەڵام لەئایندەدا دەتوانرێ ئەو کارە بکرێت".

بناخەی IT، بریتییە لەگەیاندنی زانیاری دروست، لەکاتی دروست بۆ لایەنی پێویست. بۆ نموونە تۆ لەناو فەرمانگەکە دەتوانی سیستمی پەیوەندی لەبری نووسراو بە ئیمەیڵ بەڕێوەببەی، ئیمەیل خێراترە، ئاسانتر ئەرشیف دەکرێت. بۆتان گوتیشی "لەلایەکی دیکەشەوە تۆ ئەگەر سیستمی دارایی دابنێی لەو حکومەتە، لەجیاتی ئەوەی وەسڵێک پڕ بکەیەوەو کۆمەڵێک ئیمزای لەسەر بکرێ، دەبێ پرۆسەی کاریگەرتر بنیات بنێین و دواتر بیکەینە ئەلیکترۆنی، تاوەکو خێرایی مامەڵەکانی حکومەت زیاد بکات". بۆتان ئەوەشی گوت کە هەنگاوێکی دیکەی کردەیی تەکنەلۆجیای زانیاری کە لەهەموو دونیا هەیە، ئەوەیە کە"نووسراوی فەرمی لەبری کاخەز بە ئەلیکترۆنی وەردەگری، ئەوکاتیش شەفافیەت دروست دەبێ، رۆتین ناهێڵێت، گەندەڵیش کەمدەکاتەوە".

یەکێک لەو زاراوانەی کە لەم ساڵانەی رابردوو خزایە نێو میدیای کوردییەوە زاراوەی (حکومەتی ئەلیکترۆنی) بوو، لەبەرئەوەی کوردستان لەڕووی تەکنەلۆجیاوە لەسەرەتای رێگەدایە، بۆیە ئەو زاراوەیەش کۆمەڵێک ئاڵۆزی لەبەکارهێنانو تێنەگەیشتنی لێکەوتەوە، لەپێناسە گشتییەکەیدا حکومەتی ئەلیکترۆنی بریتییە لەپەیوەندی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان بەشێوازی ئەلیکترۆنی، یاخود خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی لەنێوان حکومەتو کەرتی تایبەت، لەنێوان حکومەتو حکومەت، ئەویش لەرێگەی تەکنەلۆجیا" ئەو پەیوەندییە رەنگە زۆر ئاسان بێت وەکو ماڵپەڕێک، ماڵپەڕیش بەشێکە لەحکومەتی ئەلیکترۆنی، لەوانەشە زۆر ئاڵۆز بێت بۆ نموونە وەکو وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری لەسەر ئینتەرنێت، وەرگرتنی مۆڵەتی ئیشکردنی کەرتی تایبەت لەهەرێم". بە باوەڕی سەرۆکی ئەو فەرمانگەیە دەبێ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە "بە شێوەیەکی وریایانە" بێت، ئەو دەڵێت "حکومەتی ئەلیکترۆنی زاراوەیەکی خۆشە، زۆر کەس حەز دەکات بەکاری بێنێت".

"ئێمە هەوڵدەدەین حکومەتی ئەلیکترۆنی بەکاربێنین بۆ ئەو ئامانجە گشتییەی کە دەبێ هەمان بێت، وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەئایندەدا پێیدەگەین". بۆتان گوتیشی "حکومەتی ئەلیکترۆنی ئامانجێکە تەواو نابێت، دەتوانی وەک هەندێک خزمەتگوزاری دەست پێ بکەی، هیچ وڵاتێک نییە لەدونیادا بڵێت من حکومەتی ئەلیکترۆنیم تەواو کردووە، تەکنەلۆجیا پێشدەکەوێتو دەبێ لەگەڵی بڕۆی".

هەوڵەکان لەسەرەتادانو سەرۆکی فەرمانگەکەش دان بەوە دادەنێت کە کارێکی ئاسان نییە لەجیاتی کاغەزی نووسراو کار بە ئەلیکترۆن بکەی "ئێمە نایشارینەوە لەشوێنێکین چەند ساڵێک لەمەوبەر دەبوایە بە قاچاخ کۆمپیوتەر بهێنیتە ئەو سنوورە"، لەلایەکی دیکەوە بۆتان ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە یاساو ئارەزووی سیاسییە " لێرە کێشە بنەڕەتییەکە تەکنەلۆجیا نییە، بەڵکو کێشەکە ئەو خەڵکەیە کە بەکاری دەهێنێت، ئەو کادیرانەیە کە بەڕێوەی دەبەن، هەروەها ئەو خەڵکەیە کە لەئەنجامدا شێوازی ئیشکردنی خۆی دەگۆڕێت، ئەوەش کارێکی سەختە".

**هیچ وڵاتێک نییە لەدونیادا بڵێت من حکومەتی ئەلیکترۆنیم تەواو کردووە**

# 10 هەزار فەرمانبەری کەرکووک مووچە لە حکومەتی کوردستان وەردەگرن

رێژەی فەرمانبەران لە کەرکووک :

| عەرەب | کورد | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| %50.31 | %23.41 | %25.12 | %1.43 |

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**رووداو-کەرکووک**

عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک چەندین جار پێشنیازیان کردووە، پۆستە ئیدارییەکانی شاری کەرکووک بە یەکسانی بەسەر نەتەوەکانی شارەکە دابەشبکرێ، بەڵام دژی یەکسانکردنی رێژەی فەرمانبەرانی نەتەوەکانن لە شارەکە.

حکومەتی عێراق ئامادە نییە ئەو فەرمانبەرە کوردانە بخاتە سەر میلاکی وەزارەتەکانی کە لەسەردەمی رژێمی لەنێوچووی بەعس لە شاری کەرکووک دەرکراون، بەسەتان عەرەبی هاوردەش لە پۆستە ئیدارییەکان دامەزراون.

ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک 1 ملیۆن و 386 هەزارو 539 کەسە، کە نزیکەی 56%ی ئەو ژمارەیە کوردن. بەڵام لە زۆربەی فەرمانگەکان رێژەی کورد کەمە و تەنانەت لەهەندێک فەرمانگە ناگاتە 5%.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (رووداو) کەوتووە 65136 فەرمانبەر لە شاری کەرکووک هەن. کە 50.31% ی ئەو ژمارەیە عەرەبن. 23.41% کوردن، 25.12% تورکمان و 1.43%ش مەسیحین.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەڵێ ئەوان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ زیادکردنی رێژەی فەرمانبەرانی کورد لە کەرکووک "چونکە کورد زۆرینەیە لە کەرکووک". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە عەرەب و تورکمان بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە پۆستە ئیدارییەکانی شارەکە بە یەکسانی بەسەر نەتەوەکانی کەرکووک دابەشبکرێن بەبێ رەچاوکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەڵام دژی زیادکردنی رێژەی فەرمانبەرانی کوردن"ئێمە گوتمان دابەشکردنی پۆستەکان با فەرمانبەرانیش بگرێتەوە، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، چونکە بە زیانی ئەوان تەواو دەبوو"، گوتیشی "وەکو ئەنجوومەنی پارێزگا لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

محەممەد خەلیل، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لەسەر لیستی گردبوونەوەی عەرەبی، زۆری فەرمانبەرانی عەرەب لە شارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە عەرەبەکان خاوەن بڕوانامەن و داوای دامەزراندنیان کردووە و دامەزرێندراون. گوتیشی "لە سیاسەتی هیچ حکومەتێکدا نییە، فەرمانبەرانی خۆی دەر بکات، ئێمە دژی ئەو پێشنیازەین کە دەڵێت رێژەی فەرمانبەران یەکسان بکرێ، با دامەزراندن بۆ نەتەوەکان وەک یەکی لێبکرێت".

ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی کەرکووکی لەلایەن رژێمی بەعسەوە کاتی خۆی دەرکراون و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلای خۆی دووبارە دایمەزراندوونەتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئامادە نییە ئەو فەرمانبەرانە بخاتەوە سەر میلاکی وەزارەتەکانی. بەپێی ئامارێکیش نزیکەی 10 هەزار فەرمانبەری کەرکووکی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەیان دەدرێتێ. ئەمەش بارێکی دارایی قورسی بۆ حکومەت دروستکردووە.

سەیفەدین عەبدولڕەحمان، فەرمانبەری وەزارەتی رۆشنبیری، لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوتی "ئێمە نزیکەی زیاتر لە 200 فەرمانبەری سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرین و خەڵکی کەرکووکین، بەڵام فەرمانگەکانی حکومەتی عێراق ئامادە نین بمانخەنە سەر میلاکی خۆیان. لەکاتێکدا رێژەی فەرمانبەرانی کورد، لە شارەکەدا زۆر کەمە"، سەیفەدین داواکارە هەرچی زووە ئەو گرفتە چارەسەر بکرێ "بۆ ئەوەی چیدی نەبینە بار بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە".

حکومەتی عێراق جگە لەوەی ئامادە نییە ئەو فەرمانبەرانە بگوازێتەوە شاری کەرکووک، لە هەمانکاتدا کاربە پشتگیری فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ناکات. عوسمان عەلی حەمەد، کە مامۆستایە لەسەر میلاکی پەروەردەی کوردستان لە شاری کەرکووک، لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە لەگەڵ مامۆستایانی کەرکووک، کە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی عێراقن، جیاوازی لە نێوان مووچەکانماندا هەیە، مووچەی ئەوان زیاترە، بۆ وەرگرتنی سولفەی خانووبەرەو هاوسەرگیریش پشتگیری فەرمانگەکانی کوردستان نایخوات".

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری بەشی کوردی لە پەروەردەی کەرکووک نزیکەی 3 هەزار مامۆستا کە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانن لە سنووری پارێزگای کەرکووک دەوام دەکەن "بە دەیان جار داوامان کردووە بخرێنە سەر وەزارەتی پەروەردەی عێراق، بەڵام گرفت بۆ ئەو مەسەلەیە دروست دەکرێت"، مامۆستا یوسف سەعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووک ئاماژەی بەوەشدا "نەگواستنەوەی ئەو مامۆستایانە لە چەندین مەسەلەدا گرفتی زۆری بۆ دروستکردوون".



شۆڕش حاجی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# پارتی خۆی بە بێلایەن ڕاگرتووە بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان

**شۆڕش حاجی، یەکێکبووە لە کادیرە دیارەکانی یەکێتی و یەکێکبوو لە چوار کادیرە دامەزرێنەرەکەی رەوتی گۆڕانی دیموکراتی (رەگ) کە مەکتەبی سیاسی بە گرووپێکی تێکدەر ناوزەدی کردن و لە ریزەکانی یەکێتی دەریکردن. (رەگ) پێش هەڵبژاردنەکان خۆی هەڵوەشاندەوەو چووە نێو گۆڕان، ئێستا ئەو یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان.**
**رووداو-سلێمانی**

**رووداو: هەستدەکرێ لەدوای هەڵبژاردنەکەی تەمموزەوە ئێوە کەمتر دەجوڵێن، بۆچی؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە پێش هەڵبژاردنی 7/25 ئەوەمان روونکردەوە کە هەوڵەکانمان بۆ چاکسازی لەنێو یەکێتی نیشتمانی، گەیشتوونەتە بنبەست، بۆیە بڕیارماندا بەهەموو هەوڵ و تواناکانمانەوە لیستی گۆڕان سەربخەین و ئەو چوار برادەرەی کاتی خۆی بەیاننامەی رەگمان راگەیاندو زۆر لەو هاوڕێیانەی کە پشتیوانیان لێکردین گەڕاینەوە کوردستان بۆ پشتیوانی گۆڕان. لەو کاتەوەش تائێستا چالاکیمان بەناوی رەگەوە نەماوە.

**رووداو: ئەوەی ئێوە دەیڵێن بەڕاستی یەکێتی لەو قۆناخەدایە یان بۆ ئەوەیە رەوایی بدەنە پشتیوانی خۆتان لە گۆڕان؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە بەڕاستی بەو

> **ئێمە ڕێگر نەبووین لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی و پارتی**

ئەنجامە گەیشتووین وڕامان وابوو بەرنامەی گۆڕان، لەگەڵ بەرنامەو ئامانجەکانی ئێمە یەکدەگرێتەوەو ئەو قەوارەیەش بانگەشە بۆ ئەو ئامانجانە دەکات کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی.

**رووداو: ئێوە وەک رەگ، بەتەواوی دەستبەرداری یەکێتی بوون؟**

**شۆڕش حاجی:** لە بەیاننامەکەماندا بە روونی باسی ئەوەمان کردووە، کە هەوڵەکان بۆ چاکسازی لەنێو یەکێتی و لەم هەلومەرجەدا بەم واقیعەی کوردستان، ئەگەر کارێکی نەکردەش نەبێ ئەوا زۆر ئەستەمە.

**رووداو: ئەم قسانەتان هێشتا لێلییەکی تێدایە لەوەی یەکێتی نەبن، وادەردەکەوێت تەنیا لەوبڕیاروبۆخەدا سەروسەوداتان لەگەڵ یەکێتی نەبێ، بەڵام هێشتا سەیری دوارۆژی ئەو حیزبە دەکەن، بۆچی؟**

**شۆڕش حاجی:** دەمەوێ راشکاوانە لەم بارەوە قسە بکەم، ئێمە ئیستیقالەمان لە یەکێتی نەکرد، بەڵکو هەوڵی گۆڕینیماندا، بەڵام مەکتەبی سیاسی ئێمەی لە یەکێتی دەرکرد. هەرچەندە شانازی بە یەکێتی بوونی جارانی خۆمەوە دەکەم، هەرچیم کردبێت لەنێو یەکێتی لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەم کردوومە. بەڵام پێموایە ئێستا یەکێتی ئەو حیزبە نییە کە تەعبیر لە بیروباوەڕی من بکات، هەر بۆیە ئێستا ئێمە شتێکی نوێین کە پێی دەوترێت بزووتنەوەی گۆڕان.

**رووداو: ئەو بزووتنەوەیە دەتوانێ پشوو درێژ بێت؟**

**شۆڕش حاجی:** بەو هیوایەم و دڵنیام زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کار لەناو گۆڕان دەکەن، تا ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە نەیێنەدی، ناسرەون تا سەردەکەون. ئەم بزووتنەوەیەی ئێمەش نە حیزبە و نە ڕێکخستنی هەیە، بەڵکو وەک شەمەندەفەرێکە، خەڵکیشی لێ بێتە خوارەوە، خەڵکی دیکە سەردەکەون و هەر دەگاتە مەنزڵ.

**رووداو: ئەو واقیع و هەلومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان و دەوروبەر هەیە، ئایا دەرفەتی پێشکەوتنی زیاتر بە گۆڕان دەدات یان پاشەکشە؟**

**شۆڕش حاجی:** هەلومەرجی جیهانی و ناوچەکەو بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری خەڵک و بوونی میدیای ئازد و ئەو گوشارەی گۆڕان بە هۆی سەرکەوتنەکانیەوە دروستی کردووەو لایەنەکانی ناچار کردووە حسابی بۆ بکەن، هەموو ئەوانە وادەکەن کە ئەستەمە ئەم بزووتنەوەیە پاشەکشە بکات و من چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەم رۆژ بە رۆژ بەرەو پێش بچێت.

**رووداو: زیاتر یەکێتی لەڕێی نانبڕین و سزادانی ئیداریی و سیاسی (وەک ئەوەی میدیاکانی کۆمپانیای وشە ناویان لێناوە) گوشار دەخاتە سەر بزوتنەوەی گۆڕان، ئەی پارتی هیچ گوشارێک دەخاتە سەرتان،خۆ ئەوانیش رکابەرتانن و فەرشی سورتان بۆ راناخەن؟**

**شۆڕش حاجی :** ئەوەی لە میدیاکانی پارتی و لێدوانی بەرپرسەکانی پارتی بەرچاو دەکەوێت، ئەوان تاڕادەیەک بێلایەنیان لەو مەسەلەیەدا هەڵبژاردووەو وا پیشاندەدەن کە ئەو ململانێیە شتێکە لە سنووری دەسەڵاتی جارانی یەکێتی نیشتمانی روویداوە. ئێستا لێپێچینەوەکان زیاتر لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە دەکرێن و پارتی خۆی بە بێلایەن ڕاگرتووە.

**رووداو: بەڵام لە دوو هەفتەی رابردوودا لە راگەیاندنی پارتییەوە، هێرشی زۆر توند کرایە سەر گۆڕان و نەوشیروان مستەفا؟**

**شۆڕش حاجی :** ئەوەی من بەشێوەیەکی گشتی دەیبینم ئەوەیە کە راگەیاندنی پارتی و لێدوانی بەرپرسەکانی پارتی بەم شێوەیە نییە. پێموایە پارتی حیزبێکی تۆکمەیەو میدیای رەسمی پارتی تەعبیر لە رای سەرکردایەتی پارتی دەکات. هیوادارم ئەو جار جار هێرشانەی تۆ باسیان دەکەی بۆ سەر بزووتنەوەی گۆڕان لە میدیاکانی پارتییەوە، رای سەرکردایەتی پارتی نەبێت.

**رووداو: ئێوە دروشمی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیتان بەرزکردووەتەوە، ئەوەی کە پارتی وا پیشاندەدات گۆرانکارییەکانی ئەم دواییە زیاتر کێشەی سلێمانی و بەتایبەت کێشەی ناو یەکێتییە، ئایا ئەوە بۆ بچووککردنەوەی بزووتنەوەکەی ئێوەیە لە ناوچەیەک و لەگەڵ حیزبێکی دیاریکراو؟**

**شۆڕش حاجی :** ئەوان وای نیشاندەدەن کە گوایە گۆڕان کێشەیەکە لەسنووری دەسەڵاتی یەکێتیدایە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە گۆڕان لە سەرتاسەری کوردستاندا پشتیوانی هەیە، هەر بۆ نمونە لە بادینان زیاتر لە 12 هەزار دەنگ و لە هەولێریش زیاتر لە 110 هەزار دەنگمان بەدەست هێناوە. ئەگەر ڕێگەبدرایە کوردانی هەندەرانیش بەشداری هەڵبژاردن بکەن، خەڵکێکی زۆری بادینان و ژێر قەڵەمڕەوی پارتی لە وڵاتانی دەرەوە دەنگیان بە گۆڕان دەدا کە رەنگە ئەوکات هاوکێشەکە بەجۆرێکی دیکە بگۆڕایە.

**رووداو: واهەستدەکرێ چالاکییەکانی گۆڕان لە کوردستان بە ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و لە دەرەوەش بە رەگ سپێررابێت، ئەو شێوە دابەشکردنە چۆن دروستکراوە؟**

**شۆڕش حاجی:** کارەکانی دەرەوە بە رەگ نەسپێردراوە، بەڵکو ئەو چالاکوانانەی بەرەگ ناسراون و ئەو کەسانەی پێشتر پشتگیرییان لە باڵی ریفۆرم دەکردو خەڵکانی دیکەی دەرەوەی یەکێتی، هەموو پێکەوە چالاکییەکانی لیستی گۆڕان بەڕێوەدەبەن. لە زۆر شاری وڵاتانی ئەورووپا ئەنجوومەنی پشتیوانی لە گۆڕان هەیە ئەو ئەنجوومەنانە لە خەڵکی جیاجیا پێکهاتوون کە هەندێکیان نە یەکێتی بوون و نە رەگ بوون و نە حیزبی بوون. تەنانەت لەهەندێ شوێن خەڵکی سەر بە حیزبەکانی دیکە بوونەتە ئەندامی ئەنجوومەنی گۆڕان.

**رووداو: نزیکەی نیو ملیۆن هاووڵاتی لە کوردستان دەنگیان بە گۆڕان دا، کە ئەوانە زۆربەیان ئەندامی یەکێتی نەبوون، ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە گۆڕان بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە، لەکاتێکدا سەرکردایەتییەکەی هەر یەکێتییە؟**

**شۆڕش حاجی:** جارێ لە گۆڕاندا پەیکەرێکی رێکخراوەیی نییە تاکو بڵێین ئەمە سەرکردایەتییەو ئەمەش قاعیدەیە. دیارە زۆربەی چالاکوانەکانی گۆڕان کە لە میدیاکان باسیان دەکرێ، پێشتر لەناو یەکێتی بوون، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە خەڵکی دەرەوەی یەکێتی تێدا نییە. من ئومێدم زۆرە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو چالاکوانانەی دیکەش دەردەکەون و خەڵک زیاتر بۆی روون دەبێتەوە کە پێکهاتەی گۆڕان چییە. لەو تەشکیلەیەی کەوا خەریکە لە شارەکان دروست ببێ، کەسانی دیکەی زۆری تێدایەو هەر دەبێ واش بێ. رەنگە دەرکەوتنی ئەو کەسایەتییە نوێیانە وا بەپەلە نەبێ، بەڵام من دڵنیام کە خەڵکی بەتوانای نوێ دەردەکەون. ئەندام پەرلەمانە چالاکەکانی لیستی گۆڕان باشترین نمونەن بۆ ئەم بۆچوونە.

**رووداو: دەوترێت ئێوە لە دەرەوە بە تەنگ درووستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانەوەن لەگەڵ لایەنە عەرەبییە عێراقییەکان، بەڵام رۆژ بەرۆژ پەیوەندییەکانتان لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان ئاڵۆزتر دەکەن، بۆچی؟**

**شۆڕش حاجی:** راست نییە. ئێمە لە دەرەوە هەوڵمانداوە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان و هێزە عێراقییەکانیش پەیوەندی دروست بکەین و ڕێگر نەبووین لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی یان پارتی، بەڵام ناکرێ ئەوان خەریکی نانبڕین

> **تائێستا یەکێتی هیچ دەستپێشخەرییەکی نەکردووە بۆ وازهێنان لە نانبڕینی لایەنگرانی گۆڕان**

و گواستنەوەی دەنگدەرانی گۆڕان بن، لەلایەکی دیکەشەوە چاوەڕێ بکەن من دەستپێشخەری بکەم بۆ دروستکردنی پەیوەندی ئاسایی. بۆیە پێویستە ئەوانیش دەستپێشخەری باشکردنی هەڵوێست بکەن و مامەڵەیەکی واقعی لەگەڵ گۆڕان و ئەو هەلومەرجە نوێیەدا بکەن کە هاتووەتە پێشەوە، ئەویش بوونی 25 کورسی پەرلەمانییە سەرەڕای کەموکورتی و ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن. من لەڕێی رۆژنامەکەی ئێوەوە ئەو پرسیارە لەوان دەکەم کە بۆچی مامەڵەی دۆستانە لەگەڵ لایەنێک دەکەن کە 3 کورسی یان کەمتریشیان هەیەو هەوڵدەدەن پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبێت لەگەڵیان و، نایەن لەگەڵ گۆڕان پردی پەیوەندی دروست بکەن و مامەڵەیەکی واقعی لەگەڵ بکەن؟بۆچی بۆ حیزب و لایەنەکانی دیکە و بە تایبەتیش بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان رەوایە کە پەیوەندی بە حیزب و لایەنە عێراقی و تەنانەت حکومەت و وڵاتە عەرەبییەکان و رۆژئاواییەکانەوە بکەن، بەڵام بۆ ئێمە رەوا نییە پەیوەندی لەگەڵ حیزبێک یان لایەنێکی سیاسی دروست بکەین کە پێمانوایە پشتیوانی لە دۆزی گەلەکەمان دەکات؟

**رووداو: کەواتە بۆچی یەکێتی و پارتی ئەو مامەڵەیەتان لەگەڵ ناکەن، لەکاتێکدا لە موسڵ و بەغدا دەیکەن؟**

**شۆڕش حاجی:** خۆزگە ئەو پرسیارە لە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی بکەن. ئێمە وەک گۆڕان بەهیچ جۆرێک رێگرنین لە دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانەو واقیعیانە لەگەڵ هەموو ئەو حیزب و هێزانەی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەن. ئێمە ناواقعی نین و دەزانین کێ لە ساحەکەیە، بۆیە ئێمە واقعیانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکان دەکەین و پێمانوایە دەبێ پەیوەندی ئاساییمان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی کوردستان هەبێ لەپێناوی بەرژەوەندی گەلەکەمان.

**رووداو: یەکێتی چۆن ڕێگرە لەدروستبوونی ئەو پەیوەندییە؟**

**شۆڕش حاجی:** تائێستا لەلایەن یەکێتییەوە هیچ دەستپێشخەرییەک نەکراوە بۆ ئەوەی واز لە ئیجرائاتی نانبڕین و سزادانی سیاسی لایەنگرانی

> **بۆچی مامەڵە لەگەڵ لایەنێک دەکەن کە 3 کورسی یان کەمتری هێناوە بەڵام پەیوەندی لەگەڵ گۆڕان دروستناکەن**

گۆڕان بێنن و هەوڵی دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ گۆڕان بدەن.

**رووداو: ئەگەر گریمان بەرهەم ساڵح لە ئیدارەکردنی کابینەکەی شکستی هێناو حکومەت هەڵوەشایەوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئێوە لەگەڵ پارتی حکومەت پێکبێنن؟**

**شۆڕش حاجی :** ئەگەر ئەو واقیعە هاتە پێشەوە، ئەوکات بڕیاری خۆمان دەدەین.

**رووداو: واتە ئەو هەڵوێستەی ئێستاتان کە بەشداری حکومەت ناکەن، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەشداری حکومەتێک ناکەن خۆتان یەکێک نەبن لە دوو لایەنەکە، ئەگینا ئەگەر یەکێک بن لە لایەنە سەرەکییەکەی، بەشدار دەبن؟**

**شۆڕش حاجی :** خەڵکی کوردستان بۆیە دەنگی بە ئێمە داوە تاوەکو بەشدار نەبین لە حکومەتێک کە ئەو هێزانە بۆ ماوەی 18 ساڵ بەڕێوەیان بردو بوونەتە جێگەی گلەیی و ناڕەزایی خەڵک. خەڵک دەنگی بە ئێمە داوە یان خۆمان حکومەت دروست بکەین یان وەکو ئۆپۆزیسۆن بمێنینەوە.

**رووداو: ئەو بڕیارەتان دابوو هەر بۆیە بە نەفەسێکی تورەوە چوونە پەلەمان، ئایا ئەوە کاردانەوەیەکی بۆ یەکێتی و پارتی دروست نەکرد؟**

**شۆڕش حاجی :** ئێمە بە نەفەسێکی تورەوە نەچووینە پەرلەمان، بوونی ئەم شێوە بەرهەڵستکارییە چونکە دیاردەیەکی نوێیە بە نیسبەت واقیعی سیاسی کوردستان و ئەوانەوە، بۆیە وا هەستدەکەن کە تورەین. لەگەڵ رێزم بۆ خولەکانی پێشووتری پەرلەمان، ئۆپۆزیسیۆنێکی لەم جۆرەی تێدا نەبووە بەم بەدەنگە زوڵاڵەی کە ئێستا هەیە. ئەمە تورەبوون نییە، ئەوە واقعی موعارەزەبوونەو موعارەزە دەبێ هەر بەوجۆرە بێت.

**رووداو: یەکێتی پلینیۆم دەبەستێت، لەسەر ئاستەکانی (ئامادەکارییەکان، ئامانجەکان، ئەنجامەکان) راتان چییە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئەوە پلینیۆمی یەکێتییەو پەیوەندی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە نییە.

**رووداو: لەدوای هەڵبژاردنەکەوە یەکێتی پەیوەندی پێوە کردوون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناوی؟**

**شۆڕش حاجی :** نەخێر. بەحسابی یەکێتی ئێمەیان لە یەکێتی دەرکردووە، نەک ئەوەی ئێمە بە ئارەزووی خۆمان چووبینەوە ماڵ و عاجز بووبین. ئەوان رایان وایە ئێمە مافی ئەوەمان نییە جارێکی دیکە بچینە ناو پلینیۆمەوە. ئێمەش ئەوندە بە تەنگ ئەوەوە نین یەکێتی پلینیۆم دەبەستێت یان نا، بانگمان دەکەن یان نا. ئێمە ئێستا شتێکی دیکەین کە پێمان دەوترێت بزووتنەوەی گۆڕان.

**رووداو: ئەگەر لقێکی پارتی بەتەواوی بڕوای بە دروشم و ئامانجەکانی ئێوە هێناو لە رۆژانی پێش هەڵبژاردن پەیوەندی پێوەکردن، ئایا لای خۆتان جێگەیان دەکەنەوە؟**

**شۆڕش جاجی:** ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە هیچ جۆرە تەشەنوج و گرژییەک لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانی درووست بکەین، ئەگەر شتێکی لەو جۆرەش هاتە پێشەوە ئەوکات بیر لەوە دەکەینەوە کە ئایا پێشوازی لێکردنیان لەگەڵ سیاسەتەکانی گۆڕان دەگونجێت و دژی بەرژەوەندی گەلەکەمان نابێت، ئەوکات بڕیاری لێدەدەین.

**رووداو: لەناو رێکخستنەکانی یەکێتی لە دەرەوە، ئایا رێژەی گۆڕان زۆرترە یان یەکێتی؟**

**شۆڕش حاجی:** من باسی رێکخستنەکانی یەکێتی ناکەم، باسی هەموو ئەو کوردانە دەکەم کە لەتاراوگە دەژین، پێموایە زۆربەی هەرەزۆری ئەو خەڵکانە دەنگ بە گۆڕان دەدەن، ئەگەر وەک ئێرە غەلوغەشی تێدا نەکرێت.

**رووداو: دەستەواژەی"زۆربەی زۆر"، بەرامبەر پلەی "زۆر باشە"یە بۆ نمرەی خوێندکار لە زانکۆ، کە ئەوەش لە سەروو 80% دەکات، ئایا ئێوە ئەو رێژەیە دێنن؟**

**شۆڕش حاجی :** من پێموایە ئەگەر ساختەکاری نەکرێت و یاری بە دەنگەکان نەکرێ، لە سەرووی 75%ی کوردانی هەندەران دەنگ بە گۆڕان دەدەن.

**رووداو: دەوترێت ئێوە لە دەرەوە لەسەر بنەمای نابووتکردن و ناشیرینکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد ئیش دەکەن و لەسەر ئەو بنەمایەش خەڵکی لەدەوری خۆتان کۆدەکەنەوە، بۆچی؟**

**شۆڕش حاجی:** بەهیچ شێوەیەک کارێکمان نەکردووەو کارێک ناکەین کە رووی میللەتەکەمان ناشیرین بکەین، بەداخەوە ئەوەی ئەو ئیشەی کردووە، دەسەڵاتە، هەر بۆ نمونە، ئەو خۆپیشاندانەی لە بەریتانیا لەبەردەمی سەرۆکایەتی وەزیران کرا، ئەوە لەخۆڕا نەبوو بۆ ئەوەی بڵێین دەسەڵاتداران و حیزبەکانی کوردستان خراپن، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەوەبوو کە ئەوان لە کوردستان نانی خەڵکیان بڕیوە، لەسەر جیاوازی بیرورا ئیجرائاتی سیاسی و ئیدارییان کردووە، نانی منداڵی ئەو تێکۆشەرانەیان بڕیوە کە بە حسابی خۆیان تا دوێنێ لە ریزی خەڵکە تێکۆشەرەکەدا بوون. ئێمە چوونە ئەو جێگەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانەی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ دەکەن، گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتی کوردی واز لەو مامەڵە هەڵەیە بێنێت.



> **شانازی بە یەکێتی بوونی جارانی خۆمەوە دەکەم، بەڵام یەکێتی ئێستا تەعبیر لە بیروباوەڕی من ناکات**

---



ڕێبوار
کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# تۆپبارانی ئیسلامی

بەدرێژایی 8 ساڵی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، کۆماری ئیسلامی و برایانی موسڵمانی پاسدار بەقەدەر ئەم چەند ساڵەی دوایی تۆپبارانی ئەودیوەی کوردستانیان نەکردووەو تۆپیان نەگرتووەتە خاکی عێراقی دووژمنیان. لە دوای پرۆسەی رزگاری عێراق، ئێران نەیهێشتووە لوولەی تۆپەکانی سارد ببنەوە، بەدەردی کابرای هەولێری دەڵێ هەندێجار"هەر لۆ فشەی" سەت تۆپێکمان تێدەگرێت.

ئاغایانی ئێرانی هەر کە باسی کورد دەکرێت، خێرا بەچاومان دادەنەوە کە 18 ساڵ خانەخوێمان بوونە و پەنایان داوین، بەڵام وەختە پیاوەتییەکە بێتام دەبێ، خۆ چەند نانی بێخوێی بەلاشیان دابینێ خەریکە بەقەدەر ئەوە تۆپمان تێدەگرنەوە.

ئەو شوێنانەی ئێران لە تۆپبارانەکانیدا دەیانکاتە ئامانج هەمووی ئەو ناوچانەن کە خەڵکی مەدەنی و گوندنشینی هەژاری لێ نیشتەجێن و، مەڕدار و کۆچەری بە شاخانەوە نەهێشتووە. هەموو جارێکیش بیانووی ئێران ئەوەیە کە گوایە پژاک لەو ناوچانە هەیە! ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئێران خۆی یارمەتیدەرێکی لۆجستکیی پەکەکە بووەو ئێستاش پەیوەندییان بە تەواوی نەپچڕاوەو پژاکیش لە بن باڵی پەکەکەیە، کە بێتە سەر ئەوەی ئازووقە و عیتاد بۆ پەکەکە بنێرن ئادرێسیان پێدەزانن، بەڵام کە دێتە سەر لێدانیان تۆپەکان لە ناوچەکانی سیدەکان و حاجی ئۆمەران و قەلادزێ دەگرێ!

کەم کەس هەیە نەزانێ ئێران بۆ وادەکات: ئامادەیی بەردەوامی سەربازیی لەسەر سنوور بە بیانووی بوونی پژاک، راگەیاندنی حاڵەتی سەربازی لە ناوچە کوردییەکان و دەستگیرکردنی خەڵکی کورد، نائەمن نیشاندانی سنوورەکان بۆ دزەپێکردنی ئیسلامییە ئینتیحارییەکان بۆ ناوخاکی کوردستان و عێراق، گووشاری بەردەوام بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری و سیاسی و....هتد.

تورکیا دوو ساڵ بەر لە ئێستا هەزاران سەربازی خۆی لە سنووری هەرێمی کوردستان کۆکردەوە و ئێستا کە بۆی دەرکەوتووە چیدیکە ناتوانێ بە چەک کێشەی کورد چارەسەر بکات کەوتووەتە خۆ بۆ چارەسەری ئاشتییانە و هەنگاوی ئەرێنی دەنێ، کەچی ئێران کە دەبینێ تورکیا تۆپمان تێناگرێت، تۆپبارانەکانی خەستتر دەکات و تۆڵەی تورکیاش دەکاتەوە و نایەڵێ هەست بە مەغدووری بکەین! و بایی تورکیاش تۆپمان پێوە دەنێت.

دەستدرێژی و پەلامارەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک تائێستا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیدانە نەکراوە. کە کار بگاتە سەر مەسەلەی دەسەڵات مالیکی بست بە بستی عێراق بە هی خۆی دەزانێ، بەڵام کە ئێران تۆپی پێوە بنێت خۆی لێ ناکاتە خاوەن. ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق کە بێدەنگییە بەرامبەر تۆپبارانەکانی ئێران، بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە بۆ وڵاتێک کە خۆی بە خاوەنی سەروەری بزانێت.

ئاغایانی ئێرانی لەبری ئەوەی بوونی دەیان هەزار کوردی عێراق وەک پەنابەر لە حەفتاکان و هەشتاکان وەک خاڵێکی بەهێز لە درووستکردنی پەیوەندیی کولتوری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بەکاربێنن، خۆیان وا لە پێش چاوی خەڵکی کوردستان ناشیرین کردووە کە وایلێهاتووە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستانیش بێزاری خۆیان نیشاندەدەن، نەک هەر گوندنشینانی هەژاری بەر تۆپەکانی کۆماری ئیسلامی.

ئینجا لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە ئاغایانی ئێرانی دوای ئەو هەموو تۆپبارانە چاویان لەوەیە کە هەرێمی کوردستان پشکی شێر لە پرۆژەکانی بنیادنانەوە بە کۆمپانیاکانی ئەوان ببەخشێت!بەڕاستی حیکایەتی ئێمە و ئەوان وەک گیسکەکەی هەیاسە کە رۆژێک پاروە نانێکیان داوینەتێ ئێستا بە زەبری تۆپ دەیانەوێ لە قورگمان دەربێننەوە.



## ڕێز لە حەمە جەزا دەنرێ

ڕووداو - هەولێر

ئەمڕۆ 2009/10/26 لە هۆڵی پێشەوا، لە ئاهەنگێکی ڕێزلێناندا، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان، ڕێز لە هونەرمەندی ناسراو محەممەد جەزا دەگرێت. محەممەد جەزا کە پێشمەرگەیەکی دێرینیشە ماوەیەکە تەندروستی باش نییەو چەند ڕۆژێکە لە دەرەوەی وڵات گەڕاوەتەوە کە بۆ چارەسەری وپشکنینی پزیشکی چوو بوو. بڕیارە لە ماوەیەی داهاتوودا دووبارە بگەڕێتەوە دەرەوە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

### هەولێر سەیری سینەما دەکات

# فەرەنسییەکان کورد لەگەڵ سینەما ئاشت دەکەنەوە







**دەشتی سەباح**
**ڕووداو — هەولێر**

ئەو ڕۆژە منارە لەناو شەپۆلی ڕەنگەکاندا بەخێرهاتنی خەڵکی هەولێری کرد، دیمەنەکە تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش بوو، بەسەدان کچ و کوڕ و منداڵ و بەساڵاچوو، لەگۆڕەپانە تایبەتەکەی پارکی منارە، سەیری سینەمایان کرد. فێستیڤاڵەکە بەو شێوەیە ڕێکلامی بۆ کرابوو کە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری فەرەنسی لەهەولێر دەیەوێ خەڵک لەگەڵ سکرینی سینەما و بینینی فیلم ئاشت بکاتەوە.

دەکرێ وەک ڕووداوێکی مێژوویی سەیری بکەین، ئایا ئامادەبوونی زیاتر لە 3000 کەس لەپارکی منارەی شاری هەولێر بۆ سەیرکردنی فیلم ئاسایی بوو؟، وات هەستکرد خەڵکی کوردستان هەمووی حەزی لە سینەما و بینینی فیلمە، کوڕێکی گەنج پێش دەستپێکردنی فیلمەکە کە لەسەر یەکێک لەکورسییە پلاستیکە ڕەنگ سوورەکە دانیشتبوو گوتی "من نازانم بۆچی هاتوومەتە ئێرە، نازانم مەسەلە چییە".

هاتنە ژوورەوە بۆ نێو پارکی منارە، جیاواز لە ڕۆژانی دیکە بە ئاسایی نەدەهاتە بەرچاو، بە لێشا و خەڵکی تەمەن جیاواز ڕوویان لە دەرگاکەی پارکی منارە دەکرد، پشکنینەکان لەژێر چاودێرییەکی توندی ئاسایش بەڕێوەدەچوو، پارکەکە چۆڵ بوو، تەنیا ئەو شوێنە نەبێت کە بە هەزاران کورسی پلاستیکی بۆ ئامادەبووان تەرخانکرابوو، بەڵام لەو ئێوارەیەشدا شوێنی تایبەتی کە ڕێک لەژێر سکرینی پیشاندانی فیلمەکە بوو، لەنێو پەرژینێک بۆ خەڵکانی پلە بەرز و لێپرسراو ئامادەکرابوو.

وەک ئمیلی بۆنزێ، بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی پێش نمایشکردنی فیلمەکە ئاماژەی پێکرد مەبەستیان لەبەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی سینەما دروستکردنی پردێکی کوولتوورییە لەنێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستاندا. بۆنزێ سوپاسی هەریەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سپۆنسەرانی فیستیڤاڵەکە کرد، کە زیاتر لە 7 کۆمپانیا وەک سپۆنسەر پشکداری فیستیڤاڵەکەیان کردووە.

فیستیڤاڵی سینەمایی سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی، لە 21 — 2009/10/24 لەپارکی منارەی شاری هەولێر بەردەوام بوو، ڕۆژانە کورتە فیلمێکی کوردی و فیلمێکی فەرەنسی بە ژێرنووسی کوردییەوە بۆ ئامادەبووان پیشاندەدرا، فیلمە فەرەنسییەکان بریتی بوون لە (لارگۆ وینچ، بەخێرهاتن، ئازور و ئاسمر و توخمی پێنجەم) کە لەفیلمە بەنێوبانگەکانی سینەمای فەرەنسی بوون.

فیلمەکان لەسەر سکرینێکی قەبارە گەورە نمایش دەکران، کە بۆ یەکەمین جارە شاشەیەکی لەو جۆرە لەهەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینرێت، ئەو سکرینە وەک نەریتێک لەوڵاتی فەرەنسا لەشوێنە گشتییەکاندا بۆ نمایشکردنی فیلمی سینەمایی دادەنرێ. پانی سکرینەکە 24 مەتر و، بەرزییەکەشی 17 مەتر بوو.

کامەران ئەحمەد، جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی لەهەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بەوەکرد کە لەسەرەتای کردنەوەی کۆنسولخانەی فەرەنسا لە 2008/6/1 لە هەولێر، هاوکات سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسیش هەر لەنێو بینایەی کۆنسولخانەکە کرایەوە "بەڵام بڕیارە 2 هەفتەی دیکە، سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی لە بینایەکی تایبەتیدا بە فەرمی بکرێتەوە". کامەران باسی لەوەکرد کاتێک چەند دەرهێنەرێکی بەنێوبانگی فەرەنسا سەردانی هەولێریان کرد، پێیان سەیربوو کە ئەو وڵاتە سینەمایەکی نییە "ئەوەش هاندەربوو بۆ زیندووکردنەوەی هونەری سینەما لەکوردستان و ئەنجامدانی ئەو فیستیڤاڵە".




د. فرێدریک تیسۆ، کۆنسولی گشتیی فەرەنسا لەهەولێر، بە دەنگێکی بەرز و بەزمانی کوردی گوتی "بەخێرهاتن". دواتر بە فەرەنسی قسەکانی کرد و لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیریی کوردستان و 3000 کەس سەیری فیلمەکەیان کرد.

کونسولی فەرەنسا، کە لەساڵانی هەشتاکان وەک پزیشک بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە هاتبووە کوردستان و کەمێک فێری کوردی ببوو، لەو فیستیڤاڵەدا گوتی " ئێمە ئەمڕۆ باسی سیاسەت ناکەین، بەڵکو دەمانەوێ چەند کاتێکی خۆش بەسەر بەرین".

ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری گشتیی سینەما لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، وێڕای هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما و سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی، گوتی دەمانەوێ خەڵک بگەڕێتەوە بۆ هونەری سینەما، هەروەها گوتیشی "بەداخەوە لەبەر خراپی ڕەوشی عێراق سینەما بەرەو لاوازی ڕۆیشت، کە شەڕیش دەبێ کەرتی تایبەتیش ئامادە نییە کار بکات، سینەماکانیان رووخاند بۆ بینایە و مۆڵ و گەراج، ئەمەش کاریگەری نەرێنی کردە سەر بینینی فیلمی سینەمایی". ناسر حەسەن گوتیشی " ئەو فیستیڤاڵە هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی بینەر بۆ سینەما، بەردەوام دەبین بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان ئەو نمایشە بکەین، بەڵام ئەوە هەوڵی زیاتری دەوێ".

ناسر حەسەن، کە زۆر دڵخۆش بوو بەو فیستیڤاڵە و ئامادەبوونی ئەو خەڵکە زۆرە. گوتی ئەو شاشەیە بۆ یەکەمجارە لە عێراق و کوردستان دادەنرێ، ئەوەش فیستیڤاڵەکەی بردە ئاستی فیستیڤاڵە جیهانییەکان و گوتیشی " ئێستا لە هەوڵداندانین بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو فیستیڤاڵێکی لەو جۆرە بۆ فیلمی کوردی لەژێر بورجەکەی ئیڤل دا سازبکەین".

# کەلەپووری میللەتێک ئاوی توالێتی بەسەردا دەبارێت




شوێنی بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کورد ژێرزەمینە (فۆتۆ: ڕووداو)



**ئەگەر کەسێک شتێکی کۆنی لایە بە قیمەت یان بە هیممەت با بۆمان بێنێ**

بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کورد

**وریا بوداغی**
**ڕووداو- هەولێر**

لەژێر زەمینی بینایەکی تێکدراو کە پێشتر کتێبخانەی گشتی کۆنی هەولێر بووە، بەڕێوەبەری کەلەپووری کورد و چەند کارمەندێکی دیکە عاشقانە ئێشکگری لەپاراستنی کەلەپووری کورد دەکەن، ئەوان بەشێک لە پاراستنی کەلەپوورەکەیان بە دژوارترین ڕێگەکان تێپەڕاندووە و زۆر سەختییان بینیوە بۆ پاراستنیان، لەم شوێنە تەنگەبەر و تاریک و نووتەکەدا کە تکەی ئاوی توالێتی نهۆمەکانی سەرەوە بەشێک لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی تەڕ کردبوو، بۆنێکی ناخۆش لەبەشێک لەژوورەکانیش دەهات.

بەڕێوەبەری کەلەپووری کوردی بەئاماژەدان بەو ژوورەی کە دڵۆپە دەکات دەپرسێت "ئایا کەی ڕەوای هەقە کەلەپووری میللەتێک لە شوێنێک بێت ئاوی توالێت بەسەریدا ببارێ؟ ئەمە کارەساتە".

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەساڵی 1997 لەشاری هەولێر دامەزراوە. هونەرمەند وریا ئەحمەد کە ئەوە دووساڵە بەڕێوەبەری ئەوێیە، ئاماژەی بەوەکرد کە لەسەرەتای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکە هونەرمەندی کۆچکردووسەید ئەحمەد بەرزنجی بووەتە بەڕێوەبەری و پاش ئەویش سەید جەعفەر بەرزنجی بووە، دواتریش ئامانج غازی و ئینجا ئەو.

گرنگترین ئەو کارانەی کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا کراون، خاوێنکردنەوەی سەدان کەلوپەل و جلوبەرگ بووە و تێیدا بەدەیان و سەدان شتی دەستکردی کۆنی بەنرخی کوردەواری دەبینرێ. وریا ئەحمەد باسی لەوەکرد کە پێشتر بەڕێوەبەرایەتییەکەیان شوێنێکی زۆر پیس بووە، ئەو بە نیگەرانییەوە باسی ژێر زەوییەکەی کرد " ئەوکات کە هاتم لەپیسیان نەتدەتوانی تەماشای ئەو جلوبەرگانە بکەی، هەتا ئێستاش بە بنمیچی ژوورەکاندا ئاوی توالێت دێتە خوارەوە".

بەشێک لەم کاڵایانە خەڵک خۆی هێناویتی و بەشێکیشیان پارەیان پێدراوە، بەتایبەت جلوبەرگەکان، بەڕێوەبەری کەلەپووری کوردی بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە جلوبەرگی بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی کوردستانمان هەیە، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کاتی خۆی خاتوو ملوکی وەکیلی، کە خەڵکی شاری سەقزە دیزاینی کردووە و بە پارەیەکی زۆر کەم لێیان کڕیوەتەوە، تەنانەت کە گەڕابووەوە گریابوو، چونکە ئەوەندە ئەو جلوبەرگانەی خۆشویستبوو".

وریا ئەحمەد، کە سەرنووسەری گۆڤاری (چلاوازە)یشە، کە تاوەکو ئێستا 41 ژمارەی لێدەرچووە و دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد دەریدەکات، چەند ساڵێکە لەگەڵ د. محەممەد زازا و ئامانج غازی و چەند کەسێکی تەکنیکاری دیکە سەرقاڵی تۆمارکردنی سەدان ئاواز و گۆرانییە کۆنە کوردییەکانە، ئەو گۆرانیانەی کە تەنیا لەدڵی پێرەژن و پیرە پیاوەکانی کورددا ماونەتەوە، کە لە ڕاستیدا سیحراویترین دەنگ و ئاوازن "ماوەی سێ ساڵە بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەگەڕێین، گۆرانی پیرەمێرد و پێرەژنەکان تۆمار دەکەین و هەموویانمان ئەرشیف کردووەو بۆ چاپ ئامادەن، بەڵام هەتا ئێستا لە وەزارەت چاپیان نەکردووە".

مامۆستا وریا دەمێکە خەم لە فۆلکلۆری کوردی دەخوا و زۆر شوێن و ناوچەش گەڕاوە بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی ئاواز و دەنگە سیحراویەکان، لەمبارەوە دەڵێ "من بەر لەساڵی هەشتا چاوپێکەوتنم لەگەڵ زۆر شوان و پێرەژن و پیرە پیاوی شاری کۆیە کرد، زۆر خەڵک هاوکارییان کردم، کەسانێکی وەکو سەدرەددین خۆشناو لە ناوچەی برادۆست، د.مستەفا زەنگەنە لە ناوچەی کەرکووک و دەوروبەری، میرزا کەریم خۆشناو لەناوچەی خۆشناوەتی، سماییل سیایی کە خەڵکی مەهابادە، هەر هونەرمەندێکی وەکو ڕەسوڵی نادری و ئیبراهیمی قادری و سەید عەلی سەردەشتی کە دەهاتنە ئێرە ئاگاداری دەکردمەوە و دەچووم دەمبینین و هەرچی پێیان بوو لێم تۆمار دەکردن و ئێستا ئەوانەم هەمووی ماوە و پیر خدر پیر سلێمانیش لە نێو ئێزدییەکان زۆر هاوکاری کردووم".

هەرچەندە وریا ئەحمەد و هاوڕێیانی زۆر ئیشیان لەم بوارەدا کردووە، بەڵام بۆ ئەوان هیچ شتێک سەختر نییە لەوەی کە شتە کۆنەکان لەناو بچن "زۆر سوپاسی خەڵک دەکەین ئەگەر کەسێک شتێکی کۆنی لایە بە قیمەت یان بە هیممەت بۆمان بێنێ و ئەوەندەیی بتوانین ئێمە بودجەشی بۆ وەردەگرین".



رووداو

# تاراوگە



## 2 کوردی ئەمریکی دەبنە کلای

رووداو- Journal Star

**عەلی و کارزان تەنها کە خەڵکی هەرێمی کوردستانن و ماوەیەکە لە ئەمریکا دەژین، ئێستا خولیای یاری مشتەکۆڵەن( بۆکسینگ) لە بنکەیەکی وەرزشی نزیک ماڵیان لە ئەمریکا سەرقاڵی مەشق و راهێنان بۆ ئەوەی ببنە مستەکۆڵێکی پرۆفیشناڵ. عەلی دەڵێ باوکیان کە ناوی بەهزاد تەهایە حەز ناکات ئەوان ئەو وەرزشە بکەن " ئەو پێی گوتین ئەو یارییە مەکەن ئەگینا وەکو محەممەد عەلی کلایتان لێدێت و مێشکتان زیانی پێدەگات، بەڵام ئێمە دەمانەوێت هەر ئەو یارییە بکەین".**

## پۆلیس هەفتەیەک زیاتر هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەکان شاردەوە

# خاوەن کافێیەکی کورد لە ئارنهێم دەڕفێندرێ



**هەرچەندە دوو هەفتەیە بێسەروشوێنە، بەڵام پۆلیسی هۆڵەندا کۆتایی هەفتەی رابردوو ئاشـــکرای کرد کە کوردێکی دانیشتووی شاری ئارنهێم لەلایەن گرووپێکی نەناســـراوەوە رفێنـــدراوە. مەتین ئایدن،45 ســـاڵ، خاوەنـــی کافێیەک و چەند دەزگایەکی ئۆتۆماتیکی قومار بوو لەو شارەدا. تاکو ئێستا کەس نازانێت مەتین چیی بەسەرهاتووە و ئەو گرووپەی رفاندوویانە کێن.**

**رووداو-ئارنهێم**

دانیشـــتووانی گەڕەکـــی رایکەرســـڤوود لە شاری ئارنهێم مەتین وەک "پیاوێکی دڵســـۆز و بەڕێز بـــۆ خەڵکـــی گەڕەکەکەی" دەناســـن. یەکێک لە کڕیارەکانی مەتین کە وەک خۆی دەڵێ دە ســـاڵ زیاترە سەردانی کافێکەی دەکات بە رۆژنامەی (تەلەگراف)ی هۆڵەنـــدی راگەیاند"مەتین وەک باوکێک بوو بـــۆ من، ئەو هـــاوکاری کـــردم خوێندنێکی باش بخوێنم، ئێســـتاش تێناگەم کە بۆچی رفێندراوە". دراوسێیەکی هۆڵەندیشی دەڵێت: "هەرچەندە تێکەڵاوییەکی وام لەگەڵ مەتین و خێزانەکەی نەبووە، بەڵام قەت شتێکی خراپم لەبارەیانەوە لە گەڕەکەکەماندا نەبیستووە".

**گڵۆپە شینەکان**

چوار شەو بەر لەوەی بڕفێندرێت، شەوی 9- 2009/10/10، کاتێک مەتین کافێکەی دادەخات و دەگەڕێتەوە ماڵەوە، خێزانەکەی ئـــاگادار دەکاتەوە کە دوو ئۆتۆمبێل بەدوای کەوتـــوون و تـــا نزیک ماڵەکەیـــان لەگەڵی هاتـــوون. ئێـــوارەی 2009/10/13 حەوت پیاو دێنە بەردەرگای ماڵی مەتین و بەزۆری رایدەکێشنە نێو ئۆتۆمبێلەکەیانەوە. پیاوەکان لەسەرئۆتۆمبێلەکانیان گڵۆپی شینی پۆلیسی دادەنێن و وای نیشاندەدەن کە سەر بە (تیمی دەستگیرکردن)ن لە هۆڵەندا. ئەو تیمە ئەرکی ئەوەیە کە تۆمەتبار و تاوانبارە گەورەکان کە پۆلیسی ئاســـایی توانای دەستگیرکردنیانی نییە، راپێچی زینـــدان بکات. دواتر خەڵکی گەڕەکەکـــە، کە بەچاوی خۆیان پرۆســـەی راپێچکردنەکە دەبینن و شایەتی ئەوەش دەبن کە حەوت پیاوەکە ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکەی مەتین لەگەڵ خۆیـــان دەبەن، گومان پەیدا دەکەن. چونکە مەتین دەست بە هات و هاوار دەکات و ئامادە نابێ لەگەڵیان بڕوات. بۆیەش پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن.

**پۆلیس هەواڵەکەی ئاشکرا نەکرد**

پۆلیســـی هۆڵەندی بۆ ماوەی هەفتەیەک هیچ زانیارییەکی لەبارەی رفاندنەکەوە نەدایە میدیاکانی هۆڵەندا. تائێستاش کە چیرۆکەکە زاندراوە و رۆژنامەکان لەهۆی بێدەنگبوونەکە دەپرســـن وەڵامێکـــی روون لە پۆلیســـەوە نابیسترێت.

خێزانی مەتین بەپێچەوانەوە بە پێویستی دەزانن کە تا بکرێ میدیا زۆرتر لەسەر دۆزەکە بنووســـێ. چونکە وەک خۆیان دەڵێن: "بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆرتر دەتوانن هاوکار بن لە دۆزینەوەی مەتین دا". محەممەد ئایدین، برا بچکۆڵـــەی مەتین، دەڵێ ئەو شـــەوەی کە چاودێریـــی براکەی کرابـــوو و لەماڵەوە چیرۆکەکەی بۆ گێڕاونەتەوە، زۆر حەپەساو بووە.

محەممەد نازانێت هۆکاری رفاندنی براکەی چییە. ئەو گومانی ناچێتە سەر کەس. چونکە "مەتین کەســـێکی زۆر راســـتگۆ بوو. رقی لەکەس نەبوو. کێشەشی لەگەڵ کەسدا نەبوو. ئەو ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نەبووە و تەنیا کاری بازرگانی دەکرد". بەڵام مێژووی ئەو کافێیەی مەتین خاوەنیەتی دەریدەخات کـــە هەمان کافێ لە دە ســـاڵی رابردوودا لە یەککاتـــدا 12 خاوەنی هەبوون. رەنگە ئەوە سەرەداوێکی باش بێت بۆ پۆلیسی هۆڵەندا بۆئەوەی مەتینی رفێندراو بدۆزێتەوە.

## پەناخوازێکی کورد چیرۆکی بەزۆر گەڕانەوەیان بۆ بەغدا و دووبارە ناردنەوەیان بۆ لەندەن دەگێڕێتەوە

# "بە شەق وتێهەڵدان ئێمەیان گەڕاندەوە لەندەن"



**رووداو- لەندەن**

سێ لەو پەناخوازە عێراقیانەی هەفتەی رابردوو لەلایەن بەرپرســـانی ئاژانسی سنووری بەریتانیا Ukba خرانە نێـــو فڕۆکەیەکـــەوە، رایانگەیاند لەلایەن پاسەوانانی بەریتانییەوە لێیاندراوە و هیچ وەرگێڕێکی عەرەبیشیان لەگەڵدا نەبووە.

بەپێی قســـەی ئەو ســـێ پەناخـــوازە کە بە رۆژنامـــەی (The Guardian) ی بەریتانییـــان راگەیاندووە بەرپرسی فڕۆکەخانەی بەغدا ئەوەندە تووڕە بـــووە لەبەرامبەر گەیشـــتنی ئەم فڕۆکە ناوەختە کە هەڕەشەی لێکردوون ئەگەر هەتا دوو کاژێـــری دیکە فڕۆکەخانەکە بەجێ نەهێڵن، ئەوا گڕ بەردەداتە فڕۆکەکە. نزیکەی 100 پاسەوانی تایبەتـــی لەنێـــو فڕۆکەدابوون لەگـــەڵ نزیکەی 40 پەناخـــوازی رەوانەکراو. بەڵام بەرپرســـانی ئاژانسی ســـنووری بەریتانیا و ئەو پاسەوانانەی بەشداریان لەو سەفەرەدا کردووە تۆمەتی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ پەناخوازانیان رەتکردووەتەوەو دەشڵێن تائێستا هیچ سکاڵایەکییان لەوبارەیەوە پێنەگەیشتووە.

هەواڵی رەوانەکردنـــەوەی پەناخوازان، رۆژی 2009/10/19 بڵاوبـــووەوە، بـــەڵام وەزارەتـــی ناوخۆی بەریتانی ئـــەو هەواڵەی دوای چوار رۆژ پشتڕاســـت کردەوە. کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران لە نەتەوەیەکگرتـــووەکان UNHCR ئەو کارەی حکوومەتـــی بەریتانیـــای ســـەرکۆنەکرد کـــە پەناخوازی بۆ ناوچەکانی باشوور و نێوەڕاستی عێراق گەڕاندووەتەوە، ئەمەش بەهۆی مەترسی رفاندن و تەقینەوە و شەڕی تایفەگەری. هەتا پێش ئەم سەفەرە سیاسەتی بەریتانیا دیاربوو کە پەناخوازانی عێراقییان تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان دەناردەوە، چونکە پێیانوایە ئەو هەرێمە زۆر ئارامە و هیچ مەترسییەکی تێدا نییە.

ئێســـتا بە هەزاران پەناخوازی عێراقی لە بەریتانیا چاوەڕێـــی رەوانەکردنەوەی بەزۆر دەکەن، بەڵام حکوومەتی عێراقی هەڵوێستی خۆی توووند کردووە بەرامبەر پرۆسەی بەزۆر ناردنەوە.

کاوە عەلـــی ئـــازاد، تەمـــەن 33 ســـاڵ، کە لەو فڕۆکەیەی بەغدادابوو ئێستاش گەڕاوەتەوە کەمپی پەنابەری (کۆڵنبرۆک) لەلەندەن کە لە نزیکی فڕۆکەخانەی "هیترۆ"یە، دوای ئەوەی بەناچـــاری ئەو گەشـــتی 6 هەزار میلـــەی بۆ بەغداکردو لەوێشـــەوە برایە ئیتاڵیا، ناوبـــراو لە رێگەی تەلەفۆنەوە بە گاردیانی راگەیاند" دوای ئەوەی بـــە پاس رەوانەی فڕۆکەخانەی ستانستید کراین کە هەر لە رفاندن دەچوو، بۆ ماوەی 12 کاژێر نانمان پێنەدرا و لە فڕۆکەخانەش بەنهێنی بردیانین بۆ نێـــو فڕۆکەیەکی بچووکی ئیتاڵی، کاتێکیش گەیشتینە بەغـــدا، فەرماندەیەکـــی عێراقی لێبـــوو کە هەموو سەر شـــانی ئەستێرەبوو. ئەو بەرپرسە بەریتانیەی لەگەڵمان بوو دەستیکرد بە قســـەکردن لەگەڵی، بـــەڵام ئینگلیزییەکەی تەواو نەبوو، بۆیە مـــن چووم یارمەتیمدان وەک وەرگێڕێک، چونکە بەرپرسە بەریتانییەکە وەرگێڕی عەرەبـــی لەگەڵ نەبوو". لە درێژەی قســـەکانیدا کاوە گوتی "بەرپرسەکەی فڕۆکەخانە پێیگوتین کە پەیامێکی پێگەیشتووە لە بەرپرسەکەیەوە کە فڕۆکەیەکی ئیتاڵـــی دەگات، بەڵام نەیزانیوە کە پڕیەتی لە پەناخـــوازی عێراقی، ئەگینا هەرگیز نەیدەهێشت ئەو فڕۆکەیە بنیشێتەوە".

هەروەها کاوە ئەوەشی درکاند کە "بەرپرسەکەی فڕۆکەخانە بەرپرســـە بەریتانییەکـــەی ئاگادار کردەوە کە تەنیا دوو کاژێـــری لەبەردەمدایە بۆ بەنزین کردنە نێو فڕۆکەکە تا فڕۆکەخانەکە بەجێ بهێڵێت ئەگینا کاری دیکـــە دەکەن، ئەو ئامادە نەبوو بەرپرســـیارێتی گەڕانەوەی ئەو پەناخوازە عێراقیانە بگرێتە ئەســـتۆ لەبەر مەترسی رفاندن و تەقینەوە، کاتێک بەرپرســـە بەریتانییەکەش لێیپرســـی ئەگەر نـــەڕۆن چی دەکـــەن، گوتی فڕۆکەکە دەسووتێنێت بە خەڵکەکەی ناویشیەوە ئەگەر ئێرە بەجێ نەهێڵن".

کاوە لـــە درێـــژەی گێڕانەوەی گەشـــتەکەدا دەڵێ " کاتێک زۆربـــەی پەناخوازەکان رەوانەی نێو فڕۆکەکـــە کرانەوە، تەنیا 10یـــان لە بەغدا مانەوە، پاشان پەیوەندی پەناخوازان و پاسەوانە بەریتانییەکان کە لە فڕۆکەکەدا مابوونەوە، خراپ بوو، پاسەوانەکان ئینگلیزی سپی پێست بوون، زۆر قسەی ناشرینم پێگوترا، دواتر من دەستم کرد بە گریان و پێمگوتن هیچم نەکردووە".

دواتر ئـــازاد کە لە ســـاڵی 2002وە چووەتە بەریتانیا گوتی" پاشان زللەیەکیان لە ناو دەمدام و دەستیان بەســـتمەوە، کاتێکیش فڕۆکەکە لە ئیتاڵیا نیشـــتەوە و فڕۆکەکەمـــان گۆڕی، گوێم لێبوو لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشـــی ئیتاڵیا قسە دەکەن و پێیانگوتن کە کۆمەڵێک تیرۆریستمان پێیە دەیانگوازینەوە، پاشان چاکەتێکیان بەسەر ســـەرمدا و شـــەقیان تێهەڵدام، ئینجا فڕۆکەکە گەیاندنییەوە فڕۆکەخانەی ستانســـتیدی شاری لەندەن".

کۆمپانیای پاســـەوانەکانی نـــاو فڕۆکەکە کە بە کۆمپانیای G4S ناســـراوە دەڵێ هەتا ئێستا هیچ رەخنەیەکیان بەدەســـت نەگەیشتووە و لەو بارەیـــەوە " ئێمە هەر رەخنەیەکمان بەدەســـت بگات، بە وردی لێیدەکۆڵینەوە".

## نەسرین عەلی خەڵاتێکی گرنگ لە ئەڵمانیا وەردەگرێت

# دەیەوێ ئەڵمانیا رێگەی پێبدات ببێتە تەباخ و منداڵ دروست بکات



سیروان حەجی بەرکۆ
sirwan@amude.com



**رووداو- بەرلین**

لە مانگی رابـــردووەوە، نەســـرین عەلی لە سەرتاســـەری ئەڵمانیا بووەتە کەسێکی ناســـراو. ئەو لەبەر هەوڵدانە بەردەوامەکانی بۆ مافی پەنابـــەران لە کەمپەکاندا، لەلایەن ناوەندی Pro Asyl پرۆئاســـیەل خەڵاتکرا. ئەوە یەکەمجاربـــوو پەنابەرێک ئەو خەڵاتە گرنگە لە ئەڵمانیا وەربگرێت.

چەنـــد مانگێکـــە پەناخوازانـــی کـــورد لە ئەڵمانیـــا لە تـــرس و دڵەڕاوکێی بەزۆر گەڕاندنەوەیان بۆ ســـووریادا دەژین، ئەویش بەهـــۆی ئەو رێککەوتنـــەی لەنێوان وەزیری نێوخـــۆی هـــەردوو وڵات دا مۆرکـــراوە. ژمارەیەک کەس و خێـــزان کە لەو رۆژانەدا رەوانەی ســـووریا کرانـــەوە، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ســـووریاوە دەســـتگیرکران. نەســـرین عەلی یەکێکە لەو کچانەی لە نێو ترســـی گەڕاندنـــەوە بۆ ســـووریادا دەژی. ئەوە حەوت ســـاڵە نەســـرینی 20 ساڵی و خێزانەکـــەی کە لە ویلایەتی بایرنی ئەڵمانیا دەژین.

چاوەکانی نەسرین خەمگین دیارن، بەڵام لێوەکانی بە زەردەخەنەن. کاتێک نەسرین چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێی لەوانەیە بە شارەزایی وابکات. بە ئەڵمانییەکی زۆر باش لە ئەکادیمیای هونەر، کە دەکەوێتە تەنیشت باڵیۆزخانەی ئەمریکا، باسی ئەو پەناخوازانە دەکات کـــە لە کامپە بە کۆمەڵەکاندان. ئەو لە هەفتەی رابردوودا زۆرجار باســـی ئەوەی کردووە، چونکە ئـــەو پەناخوازە کوردە بۆ زۆر دەزگای راگەیانـــدن لە ئەڵمانیا باســـی رەوشـــی پەنابەرانی نێـــو کامپەکانی کرد، دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

نەســـرین عەلی، دەڵـــێ لەبەرئەوەی ئەو کوردە، ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ " ئێمە کوردی بێ ناسنامەین، نە لە سووریا مافمان هەبوو، نە لـــە ئەڵمانیاش ئـــەو مافانەمان پێـــدەدەن، هەقـــی خۆمانە لـــە ئەڵمانیا بمێنینەوەو پێویستە دەوڵەتی ئەڵمانیا ئەو مافەمان پێبدات".

بەڵام ئەڵمانیا تاوەکو ئێستا مافی مانەوەی نەداوەتە نەسرین و خێزانەکەی کە لە هەشت کەس پێکدێـــت. لەوکاتەوەی ئەو کۆچبەری ئەڵمانیـــا بووە، خێزانەکەیـــان لە کەمپێکدا لە باشـــووری ئەڵمانیـــا دەژی. ئەو خێزانە هەموو کات لەژێر هەڕەشـــەی دەرکردندان. رەوشی ســـەختی نێو کەمپی پەنابەران وای لە نەســـرین کـــرد چالاک ببـــێ و خۆڕاگری بنوێنـــێ. بەشـــداریی لـــە چالاکییەکانـــی رێکخراوەکانـــی پەنابەران دا کرد و ئێســـتا لەگەڵ ئەوان لە کاردایە بۆ نەهێشتنی کەمپە پەنابەرییـــە بە کۆمەڵییەکان. نەســـرین لە هەڤپەیڤینێکدا لەگـــەڵ (رووداو) گوتی ئەو هێزی خۆی بۆ ئەو مەبەستە لە خێزانەکەی وەردەگـــرێ و روونیدەکاتەوە بۆچی ئەو لە هەمووان زیاتر لێهاتووترە لەنێو خێزانەکەیدا " خوشکەکانم شەرمنن، منیش پێشتر وەک ئەوان بووم، بەڵام دواتر لە خۆمم پرســـی : تاوەکو کەی ئەو رەوشە تەحەممول دەکەی؟ دەبووا شـــتێک رووبدات". نەسرین درێژەی پێدەدات و دەڵێ " بەبێ پشتیوانی خێزان و برادەرەکانم، نەمدەتوانی بەوشێوەیە هەنگاو بهاوێژم".

نەسرین ئاواتی ئەوەی دەخواست کە ئەو هێشتا لە پێشـــتر بووایە. بەڵام نەدەتوانێ بچێتە قوتابخانەی کار، نە مافی ئەوەشی هەیە فێری کارێک ببێ، چونکە مافی پەنابەرییان پێنەدراوە لە ئەڵمانیا. نەسرین دەڵێ خەونی ئەو ئەوەیە ببێتە تەباخ " من لە منداڵییەوە خواردن دروســـتدەکەم، دەمەوێ رۆژێک لە رۆژان رێستۆرانتێک بۆخۆم بکەمەوە. نامەوێ لای کەس کاربکەم، دەمەوێ بەخۆم بەرپرس و سەرکاری ئیشەکەی خۆم بم".

هێشـــتا دیارنییـــە ئایا نەســـرین عەلی دەتوانێ ئەو خەونەی بێنێتەدی یان نا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ تەسلیمی بکات، ئەو دەڵێ کە ئەو بەردەوام خۆڕاگری دەنوێنێ و خەباتـــی خۆی بۆ پەنابەران درێژە پێدەدات " کـــە مافی مانەوەش (اقامە)م وەرگرت هەر درێـــژە بە بەرگریکردن لـــە مافی پەنابەران دەدەم".

نەســـرین لـــەو هەوڵدانانـــەی خۆیدا زۆر کەسی ناسیون لە شار و هەرێمەکانی دیکە. ئەو دەڵێ ئەو چالاکڤانییەی ئەو ئەوی فێری زۆر شت کرد " بڕوام بەهێزتر بووە، کاتێـــک دەچمە بازاڕ، دەبینم زۆر کەس دەمناســـن و بەخۆشحاڵییەوە باسی خەباتی من دەکەن، ئەوە زۆر دڵخۆشـــم دەکات، چونکە ئەوکات تێدەگەم زەحمەتییەکانـــی من بە خۆڕایی نەڕۆیشـــتوون و مـــن بەڕاستی شتێکم کردووە".

لەگەڵ ئەو خەباتە بەردەوامەدا بۆ راکێشانی سەرنجی رای گشتیی بۆ سەر رەوشی پەناخوازان، نەسرین عەلی دەیـــەوێ ژیانێکی ئاســـایی بژیـــت. هیوای ئـــەو ئەوەیە ئەو و خێزانەکەی مافی پەنابەری وەربگرن. چاوەکانـــی دەنوقێنـــێ و دەڵێ " داخوازی من ئەوەیە کە ئەزیش وەک هەموو کەســـێکی دیکە بژیم، دەمەوێ فێری کارێک ببم، هەموو رۆژێک بچمە ســـەرکارەکەم و شـــوو بکەم و منداڵ دروستبکەم، جگە لە ژیانێکی ئاسان و بەختەوەر هیچی دیکە ناخوازم".

دوای شەش هەفتەی دیکە، وەزیرانی نێوخـــۆی ویلایەتەکانـــی ئەڵمانیـــا، کۆبوونەوەی وەرزی پاییز ئەنجامدەدەن. نەســـرین و برادەرەکانی لە ماوەی ســـێ رۆژدا لە شـــاری برێمن هەوڵدان و چالاکی زۆر ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی ســـەرنجی وەزیرەکانی نێوخۆ بۆ رەوشی خۆیان رابکێشن و داوای مافی پەنابەری بۆ هەموو ئەو پەناخوازانە دەکەن کە ئێســـتا لە ئەڵمانیان. لەوانەیە بڕیاری ئەرێنی لەو کۆبوونەوەیە بدرێن و کەسانی وەک نەسرین بتوانـــن لـــە ئەڵمانیا بمێننـــەوە. لەوانەیـــە ئەوکات هۆکارێک هەبێ کە نەتەنیـــا لێوەکانی نەســـرین، بەڵکو چاوە خەمگینەکانیشـــی پێ بکەنن.









## دیسان پرێمێز تاوانبارکرا

ڕووداو-هەولێر
ڕۆژی 2009/10/22 لە گەڕەکی باداوەی هەولێر، ئافرەتێک بەناوی ش.م 23ساڵ، ژنی ماڵەوە، سووتا. ئەو ئافرەتە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێر کراو دوای 7کاژێر مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. هەرچەندە گومان دەکرێت کردووەکە خۆکوژی بێت و بەهۆی کێشـەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بێ، بەڵام کەسـوکاری دەڵێن بەهۆی پەرمێزەوە سووتاوە، تائێستا کەس دەستگیر نەکراوە لەسەر سووتانی، بەڵام لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

# مۆبایل خێزانێک وێران دەکات

## دوو کچ کوژران، باوک و دایک لە زیندانن و دوو کوڕیش لە خانەی نەوجەوانانن



کاوە شێخ عەبدوڵلا
Kawashex@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

مریەمی تەمەن 61 ساڵ، ئێستا دوایین ساڵەکانی تەمەنـی لـە زیندانی چاکسـازیی ژنان لەشـاری سلێمانی دەباتەسـەر، کەمتر لە کیلۆمەترێک دوور لە زیندانەکەی مریەم، (ک)ی مێردیشـی خەریکی ژماردنی ڕۆژەکانی زیندانییەتی لەبەشی پیاوان، سزای هەردووکیان حوکمی هەتاهەتاییە بەتاوانی کوشتنی کچە گەورەکەیان.

ئـەم ژن ومێردە یەکێکن لـەو خێزانانەی بوونە قوربانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل. خێزانە شـەش کەسـییەکەی (ک) و مریـەم، وەک ئاردی بابردوو هەریەکەیان کەوتنە بن دڕکێک، دووانیان بۆ زیندان، دووانیـان بۆ ژێرخـاک، دووانیان بۆ ژێر دەسـتی فەرمانگەکانی حکومەت بۆ بەخێوکردن. مریەم دەڵێ "هەموو شتێکمان لەدەستدا".

### ماڵوێرانی لێرەوە دەستپێیکرد

وەک هەمـوو ڕۆژەکانی دیکە (ک) چووە سـەر کارەکەی لە پێشـانگەی فرۆشـتنی ئۆتۆمبێل لە خۆرئاوای شاری سلێمانی، لەوێ یەکێک لە هاوڕێکانی پێیدەڵێ "ئێوارە دەعوەتی ماڵێکین ژنەکەی گەنجێکی جوانەو لەشفرۆشـە، تۆش وەرە کەمێک ڕابوێرین"، هاوڕێکـەی (ک) مۆبایلەکەی دەکاتەوەو وێنەی ئەو ژنە لەشفرۆشەی پێنیشـاندەدات، (ک) بەبینینی وێنەی نـاو مۆبایلەکە پاڵەپەسـتۆی خوێنی بەرز بووەوە و یەکڕاست چووەوە بۆ ماڵەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بدرکێنێ.

دوای بیسـتنی ئەو قسانە (ک) هەموو شەوێک دەچێتە خانوویەکـی تەواو نەکـراوی نزیک ماڵی شەهلای کچی، تاوەکو بزانێ ئەو قسەیەی هاوڕێکەی کردی ئەسـڵی هەیە یان نا، لـەوێ خۆی دادەگرێ بێ ئەوەی بهێڵێ کەس پێی بزانێ "بەڵام دەرکەوت ئەوەی گوترا ڕاسـت بوو، خەڵکێکی زۆر دەچوونە ماڵی شـەهلا". ئیدی (ک) ڕاسـتی مەسەلەکە بۆ مریەمی ژنی دەگێڕێتەوە.

ڕۆژێکی دیکە هەمان ئـەو هاوڕێیەی وێنەی ناو موبایلەکەی نیشاندابوو، بێ ئەوەی بزانێ ئەوە کچی (ک)ی هاوڕێیەتـی تەلەفۆنی بۆ دەکات و پێیدەڵێ "ئەو ژنە جوانەی باسـمکرد ئێستا لەگەڵ دوو کچی جوانی عەرەب لای منن، ئەگەر تاقەتت هەیە وەرە، حەز دەکەی قسـەی لەگەڵ بکە". (ک)یش قسـە لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکەدا دەکات "خۆی بوو، تەواو دڵنیابوو ئەو دەنگە دەنگی شەهلا بوو". شەهلایش دەنگی باوکی دەناسێتەوە خێرا تەلەفۆنەکە فڕێدەدات، ئەویش ئیدی لەحەوسەڵەیدا نامێنێ لەناخی خۆیدا بیهێڵێتەوەو لەگەڵ مریەمی ژنی ڕاست دەچن بۆ ماڵی کچەکەیان لە گەڕەکێکی لاپەڕگەی سلێمانی.

مریەم دەیگێڕێتـەوە (ک) بەپەلـە خۆی کرد بەژووردا و یەکسەر پەلاماری هاوڕێکەی خۆیدا، دواتر پەلاماری زاواکەشیانی دا، دواتر شەهلا لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە.

### بە تەکلیفی مەلا ناردییەوە

دوای 20 ڕۆژ لەهێنانەوەی کچەکەیان، زاواکەیان دەسـت دەکات بەتەکلیفکـردن و پاڕانەوەو خەڵک ناردن تـا ژنەکـەی بدەنەوە، شـەهلاش زۆر بەو ڕۆشتنەوەیە خۆشـحاڵ دەبێ، بەڵام باوکی هەموو ئەو عاقیبەتە خراپانە دەخاتە بەرچاوی کچەکەی کە ئەگەر بچێتەوە لای مێردەکەی "شەرەفمان دەچێ من کەسێکی ناسراوم، خاوەن عەشیرەتم، ئەو مێردەت گەوادی بەسـەر تۆوە دەکات وازی لێبێنە"، بەڵام شـەهلا هیچ لەو قسانەی بە مێشکدا ناچێ و سوور دەبێ لەسەر ڕۆیشتنەوە، بەتەکلیفی مەلایەکی ئاینی باوکی دەهێننە سەر ئەو باوەڕەی کچەکەی بنێرێتەوە لای مێردەکەی.

شـەهلا و مێردەکەی ئەو تۆبەیە دەشکێنن کە لەبـەردەم باوکیاندا دایان، بۆ ئـەوەی واز لەکاری لەشفرۆشـی و دەڵاڵی بێنن، ئەوجار سـەرەداوەکە لەدەستچوو، شەوێک یەکێک لەموشتەرییەکانی شەهلا بە مۆبایل هەموو پەیوەندییە سێکسـییەکان تۆمار دەکات، زۆر نابات گرتەی سێکسی شەهلا دەکەوێتە گیرفانی زۆر لە گەنجان و دانیشتوانی شاری سلێمانی و تەنانەت شارەکانی دیکەش.

ڕۆژێک کوڕێکی خوشکەزای (ک) بەنیگەرانییەوە خۆی دەکات بەماڵیاندا و دەستدەکات بەسەرکۆنەکردنی خاڵی "ئەوە تۆ بەنیازبووی ببی بە سەرۆک عەشیرەتی ئێمە، کەچی ئێسـتا بەرەڵڵایی کچەکەت بەهەموو شـاردا بڵاوبووەتەوە". (ک) دوای ئەوەی سـەیری گرتە سێکسییەکەی کچەکەی دەکات بەخوشکەزاکەی دەڵێ "لایبە ئیتر کاتی ئەوەیە چارەی بکەین". دایکی شەهلا دەڵێ "خۆی بوو شەهلا بوو لەگەڵ کەسێکی دیکە ئیشی خراپیان دەکرد، چاک دەناسرایەوە، هی ئەوە نەبوو گومانمان لێی هەبێ". دواتر شەهلا لای دایک وباوکـی دان بەوە دادەنێ 600 دۆلاری لەبری ئەو گرتەیە وەرگرتووە.

### کوشتن دواین بڕیارە

ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم باوکیدا نەمایەوە جگە لەوەی کچەکەی بەتەڵاقدان بدات، شەش مانگ دوای تەڵاق وەرگرتن، دەمەوبەیانێک شەهلا لەماڵ هەڵدێ و دیسـان دەگاتەوە مێردەکەی و دەسـتدەکەنەوە بەکارەکەی پێشـوویان، ئەمجارە جگە لەسلێمانی دەچنە کەرکووک و موسڵیش.

دواترلەڕێگەی ژنەدەڵاڵێکەوە شەهلادەگەیێنرێتەوە دەستی باوکی. هەرچەندە زیندانیکراوەکان نایانەوێ وەک تاوانبار دەربکـەون و زۆر کەم لەوان ئامادەن چیرۆکی ڕاستەقینەی تێوەگلانی خۆیان لەو تاوانەی پێـی حوکمدراون بگێڕنەوە. بـەڵام مریەمی دایکی شـەهلاش وەک هـەر بەندییەکی دیکـە چیرۆکی کوشتنی کچەکەی بۆ (ڕووداو) بەم شێوەیە گێڕایەوە "لەدەمەوبەیانێکی زوودا بەناوی بردنی بۆ سەردانی ماڵی خزمان لەهەولێر، (ک) لەگەڵ خوشکەزایەکیدا شەهلا دەبەن و خوشـکەزاکەی (ک) هەر لە ڕێگە بەدەمانچەی (ک) شەهلا دەکوژێ و دواتر تەرمەکەشی دەسووتێنێ". مریەم دەڵێت ئەو دەستی لە کوشتنی شەهلادا نەبووە، بەڵام خوشکەزاکەی (ک) ئیعترافی لەسـەر ئەویش کردووە گوایە لەگەڵ مێردی پیلانی کوشتنی کچەکەیان داڕشتووە.

(ک) و مریـەم کچێک و دوو کوڕی دیکەشـیان هەبوو. (م)ی کچیان شـووی بە پیاوێک کرد، بەڵام پێکەوە نەگونجان، لەبەر ئەوە خۆی سووتاند و گیانی لەدەستدا. ئێستا دوو کوڕە بچووکەی مریەم لەخانەی کوڕان لەشاری سلێمانی بەخێو دەکرێن.

# سەنتەری نەوا ژنانی لەشفرۆش وەرناگرێت

سۆران بەهائەددین
ڕووداو-هەولێر

ڕەدووکەوتن، خیانەتی هاوسـەری، بەزۆر بەشـوودان، ژنبەژنی، خۆشەویستی، دەیان ژنی گەیاندووەتە سـەنتەری نەوا، ئەوانەی لە سـەنتەرەکەن داهاتوویان دیار نییە، هەندێک شەو لە داخان گۆرانییەکی هەڵپەرکێ لێدەدەن و کچێک کە ڕەدووی کوڕێک کەوتووەو پاشان کوڕەکە جێیهێشتووە لە سەنتەری نەوا لەخەمی ئەوەی قۆڵی بڕدراوە، دەسـتدەکات بەشایی، ئەوان زۆر شەوی وا بەسەر دەبەن.

سەنتەری نەوا، بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان و پەنادانی ئەو ئافرەتانەی هەڕەشەی کوشـتنیان لەسەرە، لە دوای داخستنی ماڵی خانـزاد، لـە ڕۆژی 2007/9/18 لەهەولێـر کرایەوە. ئەو سـەنتەرە سـەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، لە سێ مانگی 2007دا، 75 ئافرەتی وەرگرت، لەسـاڵی ڕابردووشدا، 150 ئافرەت، بەڵام لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا 140 حاڵەتی بۆهاتووە.

ئێسـتا 12 کـەس (6کـچ و 6ژن) لـە سـەنتەرەکەن. ئـەو سـەنتەرە 4 توێژەری کۆمەڵایەتی هەیەو، هەفتەی ڕۆژێکیش پزیشک سـەردانیان دەکات، جگە لـەوەی پارێزەری تایبەتیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان لە دادگا.

سـەنتەری نەوا ئەو ژنانـە وەردەگرێت، کـە بەهۆی کێشـەی کۆمەڵایەتـی لەلایەن بنەماڵەکەیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت یان لە ماڵ دەردەکرێن و بێ شوێن دەمێننەوە. بەڵام نیگار بەکر بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا ئاماژەی بەوەدا ئەو ئافرەتانەی کە کێشـەی یاسایی یان لەشفرۆشـی هەبێت وەرناگرن "تەنیا بێ تاوانەکان لێرە وەردەگیرێن".

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەی ژنان بەکارهێنانی مۆبایلە. بە بڕوای بەڕێوەبەری سـەنتەرەکە، 70%ی ئـەو ئافرەتانـەی هاتوونەتە سـەنتەرەکە، کێشەکەیان بەهۆی مۆبایلەوە بـووە "هەر تاوانێک دەکەن بەهۆی مۆبایلەوەیـە، وەک خیانـەت، ڕەدووکەوتن، هەڵاتن". جگە لە مۆبایل ئێستا ئەنتەرنێتیش بووەتە کێشە، نیگار باسـی لەوە دەکرد ژن هاتووەتە لایان لەڕێگەی چاتەوە خیانەتی لە مێردەکەی کردووە.

سـەنتەری نەوا ڕاسـتەوخۆ ئافرەتەکان وەرناگرێت، بەڵکـو داوودەزگاکانی حکومەت بە تایبەتیش پۆلیس، ئافـرەت ڕەوانەی ئەو سـەنتەرە دەکەن، نیگار هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دەیانەوێ کارەکانیان بە فەرمی بێت و ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بکرێت.

یەکێک لەو کێشـە سـەرەکیانەی کچان بەرەو سـەنتەری نەوا دەبـات ڕەدووکەوتنە. لە کۆمەڵگەی کوردسـتان ئاستەنگ زۆرە لە بەیەکگەیشـتنی ئارەزوومەندانـەی کچان و کـوڕان، بۆیـە زۆرجار بڕیـاری ڕەدووکەوتن دەدەن و پاشان پەشیمان دەبنەوە. بەگوێرەی قسـەکانی نیـگار زۆرجار کوڕەکـە کچەکە بەجێدێڵێ "پاشـان هەڕەشـە لەسەر ژیانی کچەکە دروسـتدەبێت، ئـەوکات ڕوو دەکەنە سـەنتەری نەوا، لێرە پەشـیمان دەبێتەوە، بەڵام تازە شـتەکەیان لەدەسـت دەرچووە، مەگەر بەپێی یاسا وا لە کوڕەکە بکەن کچەکە بخوازێت".

دوای ئەوەی حاڵەتەکان دەچنە نەوا، زۆرجار بنەماڵەی ئەو کچ و ژنانە دەچنە لایان و قسەی خۆشـیان بۆ دەکەن کە هیچیان لەوان ناوێت. بەڵام بەپێی ئەو ئامارەی دەسـت (ڕووداو) کەوتووە تائێسـتا 7 ئافرەت لە سـەنتەری نەوا دوای گەڕانەوەیان لەلایەن کەسـوکاریان کوژراون.

لەبەرئەوەی هەڕەشـەیەکی زۆر لەسـەر حاڵەتەکانی نەوا هەیە، ئێسـتا لە ترسی ئەو هەڕەشانە گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی نهێنی و ستافی سەنتەرەکەش لە دەرەوەی سەنتەرەکە کارە ئیدارییەکان دەکەن. سەرەتای ئەمساڵیش سەنتەری ئاسوودە لە سلێمانی کە هاوشێوەی سـەنتەری نەوایە، ڕووبەڕووی هێرشـکردن بووەوە لەلایەن کەسوکاری یەکێک لەو ژنانەی لە سەنتەرەکە پارێزرابوو.

یەکێک لەو کچانە کە پێشـتر لەسەنتەری نەوا بوو باسـی لەوە دەکرد تەلەفۆن کردنیان زۆر زەحمەتە، بەتایبەتی کە ئێستا خۆیان لە شوێنێکن و بەڕێوبەرەکانیان لە شوێنێکی دیکە. بەڵام بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا ڕەتیکردەوەو گوتـی "تەلەفۆنەکەمان بـەردەوام کراوەیە، ئەوەی بیەوێت بێتە لایان دەبێ حاڵەتەکە ڕازی بێت و پاشان دەیهێنینە سەنتەرەکە و ناهێڵین شوێنە نهێنییەکە بزانێت".

یەکێک لەو کچانـەی کە ماوەی دوو مانگ لە سـەنتەری نەوا بووە، باسی لەوە دەکرد، شـەوان لەبەر دەنگە دەنـگ خەویان نەبوو، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا هۆکاری ئەوەی بۆ ئەوە گەڕانـدەوە کە ئافرەتەکان لەناو خۆیان هەرایانە "هەندێک شەو دەبووە دەنگەدەنگیان، تەلەفۆنـم دەکـرد، دەمگوت بـۆ وا دەکەن دەیانگوت گۆرانی لێدەدەین و شایی دەکەین، بەڵام ڕێگریم نەدەکرد چونکە ئەوە چارەسەرێک بوو بۆ دڵتووندی ئەوان".

شـەهێن، ناوی خـوازراوی ژنێکی تەمەن 22سـاڵانە، زیاتر لە 3 مانگە لە سـەنتەری نەوایـە، دەڵێـت هەموو ژن و کچـەکان لە سـەنتەری نەوا بە خەمەوە ژیان دەگوزەرێنن و نازانن کێشەکانیان بە کوێ دەگات و چییان بەسـەر دێت "هەسـتدەکەین لێرە زیندانین، زۆربـەی ژنەکان هەوڵی خۆکوشـتن دەدەن، خۆشم زۆرم هەوڵدا خۆم بکوژم".

ژنەکانی سەنتەرەکە گلەیی ئەوەیان دەکرد ئەگەر بە شـەوان پێویستیان بە نەخۆشخانە بێـت، دەبـێ چاوەڕوانـی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی بکەن، بیانگەیێنێتە نەخۆشـخانە، چونکە لە نەوا شەوان ئێشکگر نییە.

نەقیب ژیلەمـۆ عەبدولقـادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، ئاماژەی بەوەدا هەرچەندە کاری ئەوان نییـە، بەڵام هەمـوو کات ئامادەن ئۆتۆمبێل و پاسـەوان بنێرن بـۆ گەیاندنی ئافرەتەکان بۆ نەخۆشـخانە. نیگار پشتڕاستیکردەوە کە شـەوان لەکاتی نەخۆشی ناکاو پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژییەوە دەکەن "حاڵەتی منداڵبوونیشمان هەبووە".

ئەوانەی لە سەنتەرەکەن زۆربەیان پەشیمانن لەو کارەی کردوویانە. خ.ج کچێکی 18ساڵە، باوکی چەنـد جارێک مۆبایلی لـێ گرتبوو، ئەویش لە ماڵ هەڵاتبوو، زۆر پەشیمانبوو کە هەڵاتووە "دەمەوێ بچمەوە ناو ژیانی ئاسایی خۆم، هەڵەبووم، پەشیمانم".

## نەوا پەناگەی ناچاری



- سەنتەری نەوا لە 2009/9/18 کراوەتەوە
- تـا ئێسـتا 365 ژن و کچ ڕوویان لە سـەنتەرەکە کردووە و ئێستا 12 کچ و ژنی لێیە
- 70%ی ئەو ژنانەی چوونەتە سـەنتەرەکە بەهۆی کێشـەی مۆبایل بووە
- سـەنتەرەکە لەشـفرۆش و ئەو ژنانە وەرناگرێ کە کێشەی یاساییان هەبێ
- تـا ئێسـتا 7 ئافـرەت دوای دەر چوونیان لە سـەنتەرەکە لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون

ژنێکی سـەنتەری نەوا: تەلەفۆنکردن لـە سـەنتەر زۆر زەحمەتە

شەهێن: هەستدەکەین لێـرە زیندانین، چەند جـار هەوڵمـداوە خۆم بکوژم

بەڕێوەبەری سەنتەری نـەوا: ئێسـتا ژنان لە ڕێگـەی ئینتەرنێتیش خیانەت لە مێردەکانیان دەکەن



نەقیـب ژیلەمۆ: هەموو کات ئامادەین ئۆتۆمبێل و پاسـەوان بنێریـن بۆ ئەو ژنانەی پێویستیان بە نەخۆشخانەیە

# گومان لە سووتانی جوان دەکرێت




**ڕووداو-هەولێر**

لـە بەیانییەکدا هـاوارو قیـژە لە ماڵـی جوان بەرزدەبێتەوە، دەبینن ئاگر خۆی لە جەسـتەی جوان ئاڵاندووە، دراوسـێکانی ماڵی جـوان گومان دەکەن کە جـوان بەهـۆی دەرهێنانی لـە قوتابخانە خۆی سووتاندووە، بەڵام جوان بەر لەوەی گیان لەدەستبدا گوتبووی نەوتم پێدا ڕژاوە، بۆیە ئاگرم تێبەربوو.

لەگەڕەکـی شۆڕشـی هەولێر، کچێک بـە ناوی جوان مەهدی ئیبراهیم، 15سـاڵ، لە ناو چێشتخانەی ماڵەکەیان ئاگری تێبەربوو. 65%ی جەستەی سووتا، دوای شـەش ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر، ڕۆژی 2009/10/16 گیانی لەدەستدا.

سووتانی ژنان لە کوردستان دیاردەیەکی بەربڵاوەو زۆربـەی ئەوانەی دەسـووتێن خۆیان دەسـووتێنن، بەڵام زۆربەیان خۆسوتانەکەیان دەشارنەوە، تەنانەت هەندێکیان لە کاتی سـەرە مەرگیشـدا باسی ناکەن و دەڵێـن قەزاو قـەدەر بوو، بەبـڕوای بەڕێوەبەری بەدواداچوونـی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر 85%ی ئەو ژنانەی دەسووتێن، خۆیان سووتاندووە.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر کە نەخۆشخانەیەکە تایبەتە بە سوتان و برینداران، لە ساڵی 2007، بەگشتی 355ژن و کچ بەسووتاوی چوونەتە نەخۆشخانەکەیان، بەڵام لەسـاڵی ڕابردوودا ڕێژەکە کەمێک نزمبووەتەوە کـە 311ژن و کچی سـووتاو سـەردانیان کردوون. هەروەها بەپێی ئاماری بانکی زانیاری مافی مرۆڤیش لـە ماوەی 9 مانگی ڕابـردوودا 135 ژن لە هەر چوار پارێزگای کەرکووک، دهۆک، هەولێرو سلێمانی خۆیان سووتاندووەو 198 ژنیش سووتاون.

ئیسـماعیل ئیبراهیم، دوای پێنـج ڕۆژ لە مەرگی برازاکەی لە ماڵ دانیشتبوو، بەخێرهاتنی ئەو میوانانەی دەکرد، کە نەیانتوانی بە پرسەکەی ڕابگەن . ئەو زۆر بە کزی و خەمەوە قسـەی دەکرد، بەر لە هەموو شت دەیگوت "جوان خۆی نەسوتاندووە".

جـوان قوتابی پۆلـی هەشـتەمی بنەڕەتی بوو، ئەمسـاڵ نەگەڕابووەوە خوێندن. بە گوێرەی قسەی یەکێـک لە دراوسـێکانی جوان بەزۆر لـە قوتابخانە هێنرابـووە دەرەوە، زۆر هەوڵیدابـوو بگەڕێتـەوە قوتابخانە، بەڵام کەسـوکارەکەی ڕازی نەبوونە "بۆیە لە داخی خێزانەکەی خۆی سووتاند".

بەڵام مامی جوان بەسەرهاتەکەی بە شێوەیەکی دیکە گێڕایەوەو گوتی لەو کاتەی جوان خۆی سووتاند هیچ پیاوێکیان لە مـاڵ نەبووە، باوکی جوان تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردبوو، کە مێوانیان دێت، بۆ نیوەڕۆ خواردنیان بۆ ئامادە بکەن "جوان لەو کاتەی نەوتی کردبووە ناو تەباخ نەوتی پێـدا ڕژابوو، ئاگری گرتبوو، جلوبەرگی ئێستاش هەمووی نایلۆنە، خراپ سووتابوو".

ئیسـماعیل ڕەتیکـردەوە کـە ئەوان بـە زۆر لە قوتابخانەیان هێنابێتە دەرەوەو ئاماژەی بەوەدا جوان خـۆی وازی لە قوتابخانە هێنابوو لەبەر خاتری نەنکی کە جەڵتە لێی داوەو پێویسـتی بە خزمەتە "بە هیچ شێوەیەک کێشەمان نەبوو، خەڵک لە خۆڕا ئەو قسانە دەکەن".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیـژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، جوان لە ئیفادەی پۆلیسـدا گوتوویەتی "لەو کاتەی ویستوومە چێشـت لێ بنێم نەوت بە لاشەمدا ڕژاوەو پاشان بە هۆی تەباخەوە ئاگرم تێبەربووە"، ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێ "جوان سکاڵای لە کەس نەبوو، لەسەر ئەو کەسـیش دەستگیر نەکراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".



ئەمیر بۆ ئۆتۆمبێل خۆی کوشت

رووداو-هەولێر

رۆژی 2009/10/14 لە شاری هەولێر گەنجێکی خێزاندار بەنێوی ئەمیر قادر، 25 ساڵ، بە دەمانچە خۆی کوشت. ئەمیر ئەو رۆژە دوای بردنەوەی خێزانەکەی بۆ ماڵی باوکی و دەگەڕێتەوە ماڵ و خۆی دەکوژێت. دایکی ئەمیر لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت، ئەمیر داوای لە ئێمە کرد ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکڕین، بەڵام "گوتمان تا مۆڵەتی شۆفێری دەرنەکەی ئۆتۆمبێلت بۆ ناکڕین، ئەویش تورە بوو و دەمانچەی دەرهێنا و گوللەیەکی لەسەری خۆیدا و یەکسەر گیانی لەدەستدا".

# پیرە مێردێکی 74 ساڵە ملی بە مشار دەبڕدرێت

**مەهدی محەممەد**

**رووداو-رواندز**

مام حەمەدی تەمەن 74 ساڵ لە شیرینی خەودابوو کاتێک تەقەتەقی دزەکانی نێو ماڵەکەی وەئاگایان هێنا. دزەکان هیچیان لە ماڵی مام حەمەد چنگ نەکەوت، هەر بۆیە بەو مشارەی بەنیاز بوون دەرگاو قوفڵ و کلیلەکانی ماڵی مام حەمەدی پێ بشکێنن، لەخەفەتاندا بەر دەبنە گیانی مام حەمەد و بەشێک لە ملی دەبڕنەوە.

شەوی 2009/10/21 لە گەڕەکی نەورۆزی شاری رواندز، دوو دز دەرفەت لە سەفەرکردنی منداڵەکانی حەمەد عەلی خدر وەردەگرن و کاژێر سێی شەو دەچنە سەر ماڵی مام حەمەد، دوای ئەوەی هیچیان چنگ ناکەوێ، بە مشاری ئاسن هەوڵی سەربڕینی مام حەمەد دەدەن.

مام حەمەد، کە فەرمانبەری شارەوانی رواندزە رایگەیاند ئەو شەوەی دزەکان هاتوونەتە سەری ئەو بە تەنیا لە ماڵ بووەو منداڵەکانی بەمەبەستی بەشداریکردن لەئاهەنگی بووک گواستنەوەی خزمێکیان چووبوونە هەولێر. مام حەمەد چیرۆکی خۆی و دزەکانی بە هێماکردن و قسەکردن بۆ (رووداو) گێڕایەوە، بەڵام لەکاتی قسەکردن دا زوو زوو دەستی بۆ برینەکەی ملی دەبرد "ئەو شەوە مردنم بە چاوی خۆم بینی".

مام حەمەد گوتی "نوێژی عیشام کرد و دەرگای ژوورەکان و دەرەوەم داخست، تەنها ژوورەکەی خۆم نەبێت، ئەو شەوە بەتەنیا بووم، هەرزوو خەوم لێکەوت، لەناکاو دەنگە دەنگێک رایچڵەکاندم و وەخەبەر هاتم، بینیم دوو دز لە ماڵەکەمن".

بەر لەوەی خەو بەرۆکی مام حەمەد بەر بدات، دزەکان بەردەبنە گیانی "توووند چاویان گرتم و شتێکیان لەملم خشاندو خەریکبوو روحم دەربچێت، بۆیە هەموو هێزی خۆم بەکارهێنا تاکو خۆم رزگار بکەم، ئەوان دەیانویست بە مشار سەرم لێبکەنەوە"، هەروەها دەڵێ" کاتێک خۆم لەدەستی ئەوان راوەشاند، منیان وەرگێڕایە سەر زگ و مشارەکەیان خستەوە سەر ملم و لەو کاتە خوا بەهانام هات و مشارەکە شکا". دزەکان بەو مشارەی کە بۆ شکاندنی قوفل و دەرگای ماڵی مام حەمەدیان هێنابوو، دەیانویست سەری مام حەمەد لەجەستە جیابکەنەوە.

مام حەمەد دەڵێ "ئەوان دوو کەس بوون و لەمن بە هێزتربوون، بیرم کردەوە لە هەمووی باشتر ئەوەیە خۆم بمرێنم لەژێر دەستیان بۆ ئەوەی وازم لێبێنن، هەناسەی خۆم راگرت، گوێم لێبوو یەکێکیان گوتی: ئەی هاوار لە من مام حەمەد، ئەتوون کوشتی و حەیاتت لێبڕا".

دوای رۆیشتنی دزەکان، مام حەمەد دێتە دەرەوەو هاوار بۆ دراوسێکانی دەبات، ئەوانیش دەیگەیێننە نەخۆشخانە و لەوێ ملی مام حەمەد بە دوو تەقەڵ دەدوورنەوە.

دوای ئەوە پۆلیسی رواندز دوو کەسی بە تۆمەتی هەڵکوتانە سەر ماڵی مام حەمەد دەستگیر کرد.

نەجیبە کە کچە گەورەی حەمەد عەلی خدرەو مامۆستایە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ کەس نییە و یەکەمجاریشە رووداوی لەو شێوەیە لە گەڕەکەکەیان روو بدات. نەجیبە گومان لە کەسانێک دەکات کە شارەزای ماڵی ئەوانن و هاتووچۆیان کردوون "ئەوان شارەزای ماڵی ئێمە بووینەو ئێمەش دەناسن چونکە یەکێک لەگیراوەکان دراوسێی خۆمانەو لەکاتی رووداوەکەش ناوی باوکمیان هێناوە، لەگەڵ ناوی کوڕە دراوسێیەکەمان". نەجیبە پتر گومان لە (ن) دەکات کە دراوسێیانە و ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە "چەند گەنجێک پێیانگوتووین کە (ن) هەموو شەوێک لە گازینۆ بووە بەس ئەو شەوە نەبێ".

کچە گەورەکەی مام حەمەد هۆکاری رووداوەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دوو مانگ بەر لە ئێستا ژنیان بۆ برایەکی هێناوەو 50 مسقاڵ زێڕیان بۆ بووکەکەیان کڕیوە" پێدەچێ دزەکان بۆ زێڕەکە هاتبنە سەر ماڵمان".

نەقیب عومەر سدیق، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای رواندز، بە (رووداو)ی راگەیاند کە دوو کەسیان لەسەر ئەو تاوانە دەستگیرکردووەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن. نەقیب عومەر گوتی " ئەو دوو کەسە زاوا و خەزووری یەکترن، یەکێکیان دراوسێی ماڵی مام حەمەدەو ئەوی دیکەشیان خەڵکی سۆرانە".

نەقیب عومەر گوتیشی "دوو دزەکە دانیان بە تاوانەکە دانەناوە، بەڵام قسەکانیان لە یەکتر جیان، بۆیە گومانیان لێدەکرێ".



**مام حەمەد دەڵێ:** گوێم لێبوو یەکێکیان گوتی: ئەی هاوار لە من مام حەمەد، ئەتوون کوشتی و حەیاتت لێبڕا



تامان شاکر

# فرمێسک لە پەرلەمان زیرەکتربوو

شانۆگەری تارمایی ژنێک، لە نووسینی ئیبراهیم بەحری و ئامادەکردن و دەرهێنان و نواندنی فرمێسک مستەفا، کە رۆژی 10/21 2009 لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە هەولێر نمایشکرا، بە دیکۆرێکی سادە کە بینەری بێزار نەدەکرد، لە هەمانکاتیشدا شتێکی تازەبوو بۆ ئێمەی بینەری شانۆ، چونکە دەستی خستبووە سەر ئەو برینانەی کە ژنی کورد لەم کۆمەڵگەیەدا بە دەستیەوە دەناڵێنێ. لەوانە: تەنهایی، نامۆبوون، قوربانیدان، خۆراگری، تەڵاق و چاوەڕوانی بێکۆتایی.

کێشەی ژنبوون لە دونیادا لەم نمایشە بەجوانی خرایەڕوو، بە تایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا، کە دەکرێ ئەو کێشانە هەر چرکە ساتێک رووبەڕووی ژنانی ئەم وڵاتە ببنەوە. ژنان زۆرتر لە پیاوان لە هەوڵی پارێزگاری شیرازەی خێزاندان و هەستی دایکایەتیش لە ژناندا بە هێزترە، وەک لای پیاوان، بەڵام هەمیشە پیاوان بۆ پاراستنی ناویان حەزدەکەن منداڵیان ببێت و، باوەڕیان بەو باوکایەتییە نییە ئەگەر لەبەر پشتی خۆیان نەبێت. هەر بۆیەش لەم شانۆگەریەدا چارەسەری ئەم کێشەیە لە دیدی پیاووە تەنها بە هێنانی ژنێکی دیکەیە و، شێوازێکی دیکەی نییە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەدان منداڵی بێ دایک و باوک هەن، بەڵام ئایین و کولتوور ناهێڵن ئەو منداڵانە ژیانێکی نوێیان پێببەخشرێت و، ئەمە تائێستا نەبووەتە کولتوور. ئەستێرەکانی هۆلیوود وەک مادۆنا و ئەنجلینا جولی ساڵانە لە هەوڵی ئەوەدان ژیان ببەخشنە منداڵانی بێکەس و هەژار، لە وڵاتانی ئەورووپاش خەڵکانێکی زۆر ساڵانە منداڵی وڵاتە هەژارەکان لە خۆ دەگرن و ژیانێکی تازەیان پێدەبەخشن، کەچی لە وڵاتی ئێمە پیاوان لە هەوڵی هێنانی ژنی دووەم و سێهەمدان.

(تارمایی ژنێک) باسی ژنێکی تەنها دەکات، کە بەهۆی نەبوونی منداڵ و پاراستنی خێزانەکەی تاک و تەنها دەمێنێتەوەو، ئاگادارە لەو خیانەتانەی هاوسەرەکەی لە گەڵی دەکات، بەڵام دان بەخۆی دادەگرێت، چونکە دەزانێ ژیانی خێزانەکەی درزی تێکەوتووە، واتە ئەوان لەم هاوسەرگیرییە بوون بە سێ کەس، کەسێکی دیکە هاتووەتە ناو ژیانی ئەوانەوەو نامە نهێنییەکان گەواهیدەرن، کە لە راستیدا نهێنی نەماونەتەوە. لێرەدا بەراوردێک هەیە، ئەگەر ژنەکە بەو شێوازەی پیاوەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم کێشەیە بکردایە چی دەبوو؟ ئایا هۆکاری منداڵ نەبوون ئەم هەموو حەقە بە پیاو دەدات، حەقی ژنهێنان و حەقی جیابوونەوە، لە هەمانکاتدا هیچ حەقێک بە ژن نادات و دەبێ تا دواهەناسەی ژیانی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا بێت.

لە هەمانکاتیشدا ژنەکە نایەوێ تەڵاق وەربگرێت لەبەرئەوەی دەزانێ کۆمەڵگە چۆن بە چاوێکی سووک و بێبەزەییانە سەیری ژنانی تەڵاقدراو دەکات، بەبێ ئەوەی هۆکاری جیابوونەوەکان بزانن و هەمیشە ژنان تاوانبار دەکەن، لە کاتێکدا ئەم ژنە تائێستا قوربانی دەدات لەپێناو پاراستنی ژیانی خێزانێکی بێ منداڵ، بەڵام پیاوەکەی کە خۆی هۆکاری نەبوونی منداڵ بووە، دەچێت ژنێکی دیکە دەهێنێ بۆ ئەوەی پیاوەتی خۆی بسەلمێنێ، چونکە نەبوونی منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەستراوەتەوە بە پیاوەتی پیاوەوە، ئەو پیاوەی منداڵی نەبێت خەڵک بە پیاوی نازانێ، بۆیە زۆر لە پیاوان کە دەزانن خۆیان هۆکاری منداڵ نەبوونن، بەڵام دەچن ژنێکی دیکە دێنن و ئەویش لە دایکایەتی بێبەش دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە فرمێسک لە نمایشەکەی ئەوەی خستەڕوو، ئەو ژنانەی بەتەنها دەمێننەوە دەبێ ماڵەکەیان ببێتە زیندانی هەتا هەتایی بۆیان و نەتوانن بچنە دەرەوە، هەر دەبێ بە هیوای ئەوە بن کەی رۆژێک لە رۆژان زەنگی دەرگاکەیان لێدەدرێت و کەسێک ئەوانی بیر دەکەوێتەوە، هەندێک جار بە خەیاڵی خۆی گوێی لە دەنگی دەرگا دەبێت، بەڵام ئەم دەنگانە تەنها لە خەیاڵی ئەوەدان، ئەو دەرگایەی کە داخرا، لەو رۆژەوەی کە پیاوەکەی ژنێکی دیکەی بەسەر هێنا، نەکراوەتەوە. لێرەوە ژیان کۆتایی دێت بۆ ئەو ژنەو ژنانی هاوشێوەی ئەو. ئەمە تاوانێکە دەرهەق بە ژن، بەڵام خەڵک وەک تاوان سەیری ناکات، چونکە ئایین رێگەی پێداوە، کۆمەڵگە باس لەو کێشە دەروونیانە ناکات کە دووچاری ئەو ژنانە دەبێت و، لە گۆشەیەکی ئەم ژیانە بە تەنها بەدەست ئازارەکانیەوە دەتلێتەوە، جارێکیتر دەرگای ژیان بەروویاندا ناکرێتەوە. فرمێسک لە نمایشەکەی هەوڵی ئەوە دەدا بەو ژنانە بڵێت، دەبێ بەهێز بن و بەرگەی ژنبوونی خۆتان بگرن، نەبوونی دادپەروەری لە جیهاندا، زۆر رێگەی بەرووی ئێمەدا داخستووە.

لە کۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێم فرمێسک توانی لە ماوەیەکی کورتدا ئەو کێشەو گرفتانە بخاتەڕوو، کە لەئەنجامی خیانەتی زەوجی و هێنانی ژنی دووەمدا روودەدەن، بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان دوای چەند رۆژ دانیشتن نەیتوانی بەو شێوازە کێشەکان بخاتەڕوو، ئەگینا کەمترین ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بۆ مانەوەی فرەژنی دەدا.

دوای سێ ساڵ لە کوشتنی

# ئاسایش خنکاندنی کوڕێک لەلایەن باوکییەوە ئاشکرا دەکات

**رووداو-هەولێر**

هەر کاتێک باسی کوڕەکەی دەهاتە گۆڕێ، ئیبراهیم دەیگووت بزربووە. بەڵام ئەو تاکە کەس بوو بە دڵنیاییەوە دەیزانی بزر نەبووە. ئەو پرسیارەی کە بەردەوام لەلایەن خەڵکەوە رووبەڕووی دەبووەوە ئەوەبوو "چارەنووسی کوڕەکەت چی بەسەر هات؟"، رۆژێک لەلای خزمێکی هاتە سەر زمانی بڵێت "لەکۆڵم کردەوە"، ئەوەش دەبێتە سەرەداوێک بۆ ئاشکرابوونی تاوانەکە.

عەبدولموتەلیب، تەمەنی لەنێوان 12-15 ساڵیدابووە، کە بەحیساب کوڕە ونبووەکەی ئیبراهیمە، ون نەبووبوو، بەڵکو سێ ساڵ بەر لە ئێستا لەلایەن باوکی خنکێندراوەو بەدووری 10 مەتر لە ماڵەکەی لە چاڵێکدا ناشتبووی. بەڵام کەس گومانی نەدەکرد ئیبراهیم ئەنجامدەری تاوانەکە بێت، چونکە هەمووجار دەیگووت کوڕەکەم ونبووە.

عەبدولخالق ئیبراهیم، تەمەن 24 ساڵ، لەنێو ماڵەکەی خۆیان لە نزیک گۆڕی براکەی دانیشتبوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون ئەوەندەی بگریێ. وەڵامی ژمارەیەکی کەم لە پرسیارەکانی (رووداو)ی دەدایەوەو بەردەوام دەیگوت "نازانم"، یان لەبەر گریان قسەی پێنەدەکرا، هەر لەبنەڕەتدا خۆیشی نەیدەویست هەموو شتەکان بڵێ.

عەبدولخالق دەڵێ "دوای بزربوونی براکەم، لەگەڵ باوکم زۆر بەدوای هەواڵی موتەلیب دا گەڕاین، بەڵام هیچمان دەست نەدەکەوت، هەتا ئێستاش وامدەزانی براکەم ماوە، باوکم هەرگیز وای پیشان نەدەدا کە کوژراوە یان خۆی کوشتوویەتی". ئەو رووداوە هەر بە نهێنی مایەوە تاوەکو لە رۆژی 2009/10/19 ئاسایشی هەولێر هەڵدەکوتنە سەر ماڵیان و ئیبراهیم لەگەڵ خۆیان دەبەن.

رۆژی 2009/10/21 تیمێکی ئاسایش لەگەڵ ئیبراهیم دێن و ئەو چاڵە هەڵدەدەنەوە کە تەرمی موتەلیبی تێدابوو. موتەلیب تەنیا ئێسک و پرووسکی مابوو. ئێستا پاشماوەی لاشەی موتەلیب لەلای پزیشکی دادوەرییە. بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەوان تەمەنی موتەلیب لە نێوان 11-15ساڵدایە، بەڵام ئیبراهیم دەڵێت "کە کوڕەکەم خنکاند 11ساڵان بوو".

ئیبراهیم، لە لێکۆڵینەوەکاندا لەلای هۆبەی دژە تیرۆری ئاسایشی هەولێر دانی بە تاوانەکەی داناوەو شێوازی کوشتنەکەی بۆ ئاسایش گێڕاوەتەوەو گوتوویەتی "خەڵک دەیانگوت کوڕەکەت بەدڕەوشتە، بۆیە خێزانەکەم رەوانەی ماڵی باوکی کردەوە، بە تەنیا من و موتەلیب ماینەوە، دەست و قاچی موتەلیبم بەستەوەو، خنکاندم، بەبێ جلوبەرگ خستمە نێو چاڵێک".

زیاتر لە 6ساڵە ئیبراهیم ژنی یەکەمی تەڵاق داوە، کە دوو کوڕی لێ بووە، موتەلیب و عەبدولخالق. پاشان بە حەزلێکردن ژنێکی دیکەی هێناوە، ئێستا چوار منداڵی لێ هەیە. مانگێک لەمەوبەر دایکی ئیبراهیم مرد. خزمێکیان لە پرسەکەی لە ئیبراهیم دەپرسێ، سۆراخی کوڕەکەت چی لێهات، ئێستا هەرچییەک بووایە دەتزانی، وەڵامەکانی ئیبراهیم جێگەی گومانی خزمەکەنی دەبێ و جارێک دەڵێت "بزربووە نازانم"، دواتریش گوتبووی "لە کۆڵمکردەوە". ئەو قسەیەی ئیبراهیم دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی تاوانەکە و دایکی موتەلیب لە ئاسایش سکاڵا لە دژی ئیبراهیم تۆمار دەکات.

یەکێک لە دراوسێکانی ئیبراهیم باسی ئەوەیکرد، کە چەند جارێک بە عەبدولخالقیان گوتووە، سۆراخی براکەت چی لێهات، عەبدولخالق هەر گوتوویەتی "هیچ سۆراخی نییە، بەڵام گومان لە باوکم دەکەم". ئەو دراوسێیەیان دەڵێت "جارێک ئیبراهیم گوتبووی کوڕەکەم لە ناوچەی بەڕانەتی کوژراوە، خۆم تەرمەکەیم بینیوە، بەڵام کوڕەکەم خوێڕی بوو بۆیە تەرمەکەی ناهێنمەوە".

عەبدولخالق بۆ زۆربەی پرسیارەکان وەڵامێکی کورتی هەبوو: "نازانم"، ئەو دەڵێ "خەمی دونیام لەسەر کۆبووەتەوە لە هیچ شتێک تێناگەم، لەو رۆژەوە نانم نەخواردووە، نازانم لەسەر چی کوشتوویەتی، نەمزانیووە براکەم شتێکی کردبێت، نازانم چی بڵێم هەتا تەرمی براکەمیان دەرنەهێنا نەمزانی باوکم بۆ گیراوە". گریان رێگەی نەدا قسەکانی تەواو بکات.

لەگەڵ ئەو تاوانەی ئیبراهیم کردوویەتی، وەک عەبدولخالق دەڵێت خۆی دانی بە تاوانەکەی داناوە، بەڵام ئامادە نییە سکاڵا لە دژی باوکی تۆمار بکات و چاوەڕوانی دادگا دەکات بزانێت چ بڕیارێک دەدات "پێم باشە باوکم بەربێت، چونکە چوار منداڵی بچووکی هەیە".

ئیبراهیم لە بەرنامەی زووم ئینی سەتەلایتی کوردستان لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕی کوڕەکەی دەیگوت "دوای خنکاندنی کوڕەکەم لە سێبەری خۆم دەترسام، خەوم نەبوو، پێمخۆش بوو وەک ئاژەڵ بژیم و کەس نەبینم، تێکەڵی کەس نەبم، بۆیە ناسنامەشم بۆ منداڵەکانم دەرنەهێنا".

## دوای خنکاندنی کوڕەکەم، پێمخۆش بوو وەک ئاژەڵ بژیم و کەس نەبینم

ئیبراهیم باوکی موتەلیب



ئەو شوێنەی سێ ساڵ بوو موتەلەیبی تەمەن 12 ساڵی تێدا نێژرابوو (فۆتۆ:رووداو)

# پۆلیسێکی سەرخۆش 3 مەتر لە ریخۆڵەی سۆران دەفەوتێنێ



سۆران بەهائەدین

Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

لەنیوەشەوێکدا سۆران لەبەر دەرگای ماڵەکەیان تەلەفۆنی دەکرد، لە پڕێکدا دەنگی فیشەک بێدەنگی شەوەکەی شێواندو سەرخۆشێک بەهەر چوار دەوری خۆی تەقەی دەکرد، روو لە بازاڕ، دووکان، ئۆتۆمبێل، مرۆڤ، سەرئەنجام گوللەیەک بە سۆران کەوت.

لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر، گەنجێک بەناوی سۆران عومەر خدر،21ساڵ، لە شەوی 26-2009/9/27، لەلایەن کەسێکەوە کە مفەوەزی پۆلیسە و ناوی (ە.ێ.س)یە، تەقەی لێکرا و گوللەیەک بە سکی سۆران کەوت، ئێستا ئەو پۆلیسە لە بەندیخانەی گرتن و گواستنەوەی هەولێرە.

شوان، کە برای سۆرانە لەبەردەم نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر قسەی بۆ (رووداو) کرد، ئەو بەسەرهاتەکەی بەو شێوەیە گێڕایەوە کە لە ماڵەوە پێکەوە دانیشتبوون، تەلەفۆنێک بۆ سۆران دێت و دەچێتە دەرەوە وەڵام دەداتەوە، ماڵی سۆرانیش هەر لە نزیک بازاڕەو 10 خولەکی پێناچێت دەنگی تەقە لە بازاڕەوە دێت.

بە گوێرەی قسەکانی شوان گوللەکان لەلایەن (ە)وە تەقێندراون کە سەرخۆش بووەو، تەقەی بە چوار دەوری خۆیدا کردووە، گوللە بە دووکانەکان کەوتووەو، سێ جامی ئۆتۆمبێلێکی شکاندووە" گوللەیەک بە زەوی کەوتووەو بەرزبووەتەوە بە سۆران کەوتووە، پاشان تەقەی لە هەندێک پۆلیسیش کردووە، کە لەسەر جادە بوونە".

لەو کاتەی گوللە بە سۆران کەوتووە هاواری بۆ هاوڕێیەکی بردووە، هاوڕێکەی سۆرانیش یەکسەر بەدوای ئۆتۆمبێلی پۆلیسەکە کەوتووە، گوللەی زۆریشی بەوەوە ناوە، بەڵام پێی نەکەوتووە. (ە) بەو شەوە ئۆتۆمبێلێکی حکومی پێ بووەو هەر ئەو شەوەش خۆی بەدەستەوە داوە.

وەک شوان دەڵێت (ە) دەمانچەیەکی ئەمریکی پێ بووە، بۆیە گوللەکەی زۆر کاریگەری هەبووەو مەترسی تەقینەوەی لێکراوە لە سکی سۆراندا. سۆران هەر ئەو شەوە یەکسەر نەشتەرگەری بۆ کراوە و 5 کاژێر لە نەشتەرگەریدا ماوەتەوە. بەڵام رەوشی سۆران هەر بەرەو خراپی رۆیشتووە، بۆیە دوای رۆژێک دیسان نەشتەرگەری بۆ کراوەتەوە.

سۆران تووشی خوێن بەربوون هاتبوو، 5 رۆژیشە نەشتەرگەرییەکی بچووکی بۆ کراوە. شوان ئاماژەی بەوەدا ئەو گوللەیەی بەر سکی سۆران کەوتووە دوو دەماری خوێنبەری بڕیوەو بە ریخۆڵەشی کەوتووەو لەکاتی نەشتەرگەرییەکە بە ناچاری سێ مەتر لە ریخۆڵەی براوەتەوە.

ئێستا سۆران لە نەخۆشخانەیەو رەوشی باش نییە، بە ئەستەم دەیتوانی قسە بکات، ئەو کە لەسەر قەرەوێڵە راکشا بوو، هەرچەندە دەڵێت ئەو پیاوە ناناسین و دوژمنکاریمان نییە، بەڵام گوتی "چاوەڕوانی دادگا دەکەم، بزانم چ بڕیارێک دەردەکات، لێی خۆش نابم، چونکە ژیانی تێکدام". تا ئێستا سۆران نەیتوانیوە بچێتە دادگا و ئیفادە بدات.



# پاسپۆرتی عێراقی و ئێرانی و ئەفغانی بەدبەختترین پاسپۆرتی جیهانن




**ڕووداو-هەولێر**

هەڵگرانی پاسپۆرتی عێراقی و ئەفغانی و ئێرانی بەدبەختترین کەسن بۆ گەشتکردن، خاوەن پاسپۆرتەکانی فینلەندا و سوێد و ئەمریکا و دانیمارکیش خۆشبەختترینن و دەتوانن بە بێ وەرگرتنی ڤیزە بچنە 130 وڵات. کەچی هەڵگرانی پاسپۆرتی عێراقی تەنیا بۆیان هەیە بەبێ ڤیزە بچنە 15 وڵات.

ئەو ئەنجامانە لە ریزبەندییەکەی ماڵپەڕی ئینتەرنێتیی فۆرین پۆلیسی ئەمریکایی روونکراوەتەوە، کە ماڵپەڕێکە بایەخ بە کاروباری سیاسی دەرەوەی ئەمریکا دەدات، بە شێوەیەکی خولی تازەترین پێشڤەچوون و گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە دۆخی سەفەرکردن و ڕێزگیراوی و پلەبەندیی پاسپۆرتەکان بڵاودەکاتەوە، بە ژمارە و زانیاری ورد ریزبەندی ئەو وڵاتانە دەخاتەڕوو، کە پاسپۆرتەکانیان لە فرۆکەخانەکان قورسایی تایبەتی خۆیان هەیە و ئاسانکاری هاتووچوونیان بۆ دەکرێت.

لە دوای فینلەندا و ئەمریکا و دانیمارک، هەریەک لە وڵاتانی سوێد، ئێرلەندا و ئەڵمانیا دێن، کە بۆیان هەیە بچنە 129 وڵات بەبێ وەرگرتنی ڤیزە، پاش ئەوانیش پاسپۆرتی بەریتانی، فەرەنسی و ژاپۆنی و ئیتاڵی دێن. رۆژ بەرۆژیش ریزبەندییەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت.

وریا مەسعود رەجەبی، کە شارەزایی لە بواری گەشتوگوزار هەیە، بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانە وەک ئامرازێک دادەنێ بۆ وەگەڕخستنی جموجوڵی هاتووچۆ و گەشتکردن لە نێو وڵاتان، لەمبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "فرۆکەخانەکان ئەو زانیارییانەیان لە رێگەی کەناڵە تایبەتییەکانی خۆیانەوە پێدەگات، ئەو زانیارییانە پتر بۆ هاووڵاتیانی ئاساییە بۆ ئەوەی بزانن ئەو پاسپۆرتەی هەیانە دەتوانن بەبێ ڤیزە بۆ کوێ پێی برۆن".

ئەو پێیوایە هۆکاری شاراوەی سیاسیش لە پشت ئەو ریزبەندییەوەن، بەرژەوەندی ئابووری و ئاسایشی ئەو وڵاتانە قورسایی پاسپۆرتەکان دەستنیشان دەکات.

ئەو وڵاتانەی کە بەبێ ڤیزە پێشوازی لە هەڵگرانی پاسپۆرتەکانی عێراقی دەکەن بریتین لە: تورکیا، جۆرجیا، ئازربایجان، بەنگلادیش، مالیزیا، کۆسۆڤۆ، ئیکوادۆر، ئۆگەندا، زامبیا، مۆزەمبیق، جیبۆتی، لوبنان، برۆندی و هاییتی.

بەپێی سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی ئەو بێ نرخییەی پاسپۆرتی عێراقی بۆ ئەو ساختەکارییە دەگەڕێتەوە، کە لە باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوە دەکرێت و، هەندێ لەو باڵیۆزخانانە بەبێ بوونی هیچ لاپەڕەیەکی سەرەتایی پاسپۆرتی عێراقی دەبەشنەوە. سێ ساڵ پێش ئێستا باڵیۆزخانەی عێراق لە سوێد بە لێشاو پاسپۆرتی عێراقی بەشیوەتەوە، هەر ئەمەش وایکرد وڵاتانی ئەورووپا مامەڵە لەگەڵ پاسپۆرتی جۆری S نەکەن و تەنیا رێ بە هەڵگرانی پاسپۆرتی G بدەن. جگە لەوە مەترسی وڵاتەکان لە مانەوەی عێراقییەکان لە وڵاتەکانیان و داواکردنی مافی پەنابەریی هۆکارێکی دیکەیە.

# کالاس هێشتاش وەک موگناتیسە بۆ کۆچبەران

## کوردێک: هاتووم دەستگیرم بکەن، تا 2000 دۆلار وەرگرم



جەنگەڵ ناوی ئەو کەمپە بوو کە کۆچبەرە نایاساییەکان لە شاری کالاسی فەرەنسا دایانمەزراندبوو، رۆژی 22ی سێپتێمبەری 2009 پۆلیسی فەرەنسا هێرشی کردە سەر کەمپەکە و تێکیدا، ئەو گەنجەی لەو وێنەیەدا دیارە یەکێکە لە دانیشتوانی جەنگەڵەکە کە دوای دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە دەگرییێت (فۆتۆ: رۆیتەرز)

**ڕووداو-کالاس**

هاشمی تەمەن 17 ساڵ لە ریزێکی درێژی وەرگرتنی جلوبەرگدا لە شارۆچکەی کالاسی فەرەنسیدا وەستاوە. ئەو گەنجە ئەفغانییە پێشتر هەوڵی دابوو بە رێگەی نایاسایی بچێتە بەریتانیا، بەڵام لە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگردا لە قەراخ ئاوەکانی شاری رۆتتەردام دەستگیرکرابوو.

هاشم مانگێک لە بەندیخانەیەکی فرۆکەخانەی سخیپۆڵی هۆڵەندی و بەندیخانەیەکی دیکەی فریزلاند دادەمێنێتەوە. لەگەڵ ئازادکردنیدا سەرلەنوێ، بەبێ ئەوەی بلیتی شەمەندەفەڕ بکڕێت بەرەو کالاس بەڕێ دەکەوێ. ئەو لە رێگەی مۆبایلەکەیەوە پەیوەندیی بەهاونیشتیمانییەکانییەوە کردبوو و ئەوانیش بەدوایدا هاتبوون.

ساڵانێکی زۆربوو پەناخوازە ئەفغانییەکان لە کەمپێکدا کە خۆیان لە کالاس درووستیان کردبوو دەمانەوە. ئەو کەمپە ناوی لێنرابوو (جەنگەڵ). لە کۆتایی مانگی سێپتێمبەری 2009 دا حکومەتی فەرەنسا کەمپەکەی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و نزیکەی 276 کۆچبەر دەستگیر کران، بەڵام زۆربەیان دوای چەند رۆژێک ئازاد کران و سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ کالاس.

لەو کاتەوە پۆلیسی فەرەنسی هەوڵدەدات سیاسەتی نوێی حکومەت جێبەجێ بکات. بۆیەش کۆچبەران خۆیان لە ژێر پردەکان و کۆنە خانوو و کارگە داخراوەکاندا دەشارنەوە.

ئەو کۆچبەرانە دوای چەندین مانگ بەرێگاوە بوون دەگەنە کالاس، بۆ ئەوەی دواین قۆناخی سەفەرەکەیان تەواوبکەن.

ئەوان بەو ئومێدە دێن کە بە هاوکاریی هاونیشتیمانییەکانیان لەبەریتانیا ئایندەیەکی باشتر بۆخۆیان دابین بکەن.

لەوەتەی (جەنگەڵ) چۆل کراوە، کۆچبەرەکان زۆرتر روو لە شارە قەراخ ئاوەکانی وەک داونکێرکەی فەرەنسا و ئۆست ئێندەی بەلجیکا دەکەن. هەرواش کالاس وەک موگناتیسێک دەمێنێتەوە، چونکە رێگای نێوان کالاس و دۆڤەر نزیکترین رێگەی گەیشتنە بە ئەوبەر. ئەوتونێلە بن ئاوییەش کە لەوێ هەیە، زۆرتر لەلایەن ئەفریکاییەکانەوە سوودی لێوەردەگیرێ. ئەوان هەوڵدەدەن یان بە شەمەندەفەڕ یانیش بە پێ بگەنە ئەوبەری ئاوەکە. ئەوەش ریسکێکی گەورەیە کە دەیکەن. چونکە زۆرجار ئەوانەی بە پێ دەڕۆن دەبنە قوربانیی ئەو شەمەندەفەڕانەی بەوێدا تێدەپەڕن.

زۆربەی کۆچبەرە نایاساییەکان بە رێگەی قاچاخچییەکان دەچن. بە قسەی هەندێک لە کۆچبەرەکان ئەو قاچاخچییانە دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دەکەنەوە و هەندێک کۆچبەری تێدەئاخنن و دواتر دەرگاکە دادەخەنەوە. هەرکاتێکیش گەیشتنە شوێنی مەبەست پێویستە پارەی خۆیان بدەن.

لەوەتەی (جەنگەڵ) داخراوە، قاچاخچییەکانیش نرخەکانیان گران کردووە. عێراقییەک، کە نایەوێ ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێ: "جاران داوای 700 دۆلاریان دەکرد، ئێستا نرخەکەیان گەیاندووەتە 1500 دۆلار".

هەرچەندە مەترسی ئەوە هەیە کە دەستگیر بکرێن، بەڵام قاچاخچییەکان بۆ خاتری پارە فێربوون چۆن مەترسییەکان کەم بکەنەوە. ئەو پارەیەی کە هەرکەسێک دەبێ بیدات، پێشتر لە بەریتانیا و لەلایەن کەسوکاری کۆچبەرەکەوە دەخەوێندرێ. دواتر کەسێکی دیکە پارەکە لە بانک دەردێنێ.

هەموو ئەوانەی لە کالاسن مەبەستیان نییە بگەنە بەریتانیا. هەندێکیان ئیدی ماندووبوون لەوەی ساڵەهای ساڵ بە شێوەی نایاسایی لە ئەورووپا بژین. بۆیە دەیانەوێ لێرەوە بە برێک پارەوە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بۆ نموونە جەبار، کە کوردێکی رێکپۆشە، ماوەی 4 ساڵ لە شاری (کوێلن) ی ئەڵمانیا بووە و ئیدی ماندوو بووە لە ئەورووپا. ئەو بیستوویەتی کە ئەگەر لە فەرەنسا پۆلیس بیگرێ، 2000 دۆلاری دەدەنێ لەگەڵ بلیتێکی گەڕانەوە بۆ عێراق. جەبار دەیەوێ بەو پارەیە لە وڵاتی خۆی ماڵێک دامەزرێنێ، بۆیەش هاتووەتە ئێرە.

# لە ئەفریقیا 17 ملیۆن کەس ئاوارەیە

**ڕووداو- AFP**

رێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا کە لە 53 وڵات پێکهاتووە، رۆژانی پێنجشەممە و هەینیی پێشووتر لە کەمپالای پایتەختی ئۆگەندا کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆ گەڵاڵەکردن و ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی پاراستن و یارمەتیدانی ئاوارەکان لە ئەفریقیا گرێ دا.

کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ "کیشوەرە رەشەکەی دنیا زۆرترین ژمارەی ئاوارە و دەربەدەری تێدایە کە پتری 17 ملیۆن کەسە".

کۆمسیۆن دەڵێت ئەوان لە ئەفریقادا چاودێری 10،4 ملیۆن ئاوارەیان کردووە، لەوانە 6 ملیۆن و 295 هەزار پەنابەر گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، 3،6 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ، 1،03 ملیۆن ئاوارەش خراونەتە کامپەوە و 100 هەزار دەربەدەریش هەن.

هۆی سەرەکیی کۆچی دانیشتووان شەڕ و ململانێی ناوخۆیە کە تا ئێستا بەرۆکی ئەفریقیای بەرنەداوە وەک لە کۆماری کۆنگۆی دیموکرات و سۆماڵ، یانیش قەیرانی سیاسییە وەک ئەوەی بەم دواییە لە کینیا رووی دا، هەروەها کارەساتی سروشتیش وەک شەپۆلەکانی وشکەساڵی و لافاو، کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما ئەوانیش زۆر دەبن.

کۆنگرەکە سەرەڕای باسکردنی ئەو رێوشوێنانەی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆچ و ئاوارەیی پێویستە بگیرێنە بەر، باسی لە دانانی "پلانێکی کار"یش کرد، کە لە ئاستی سەرۆک دەوڵەتاندا بێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەر حاڵەتێکی کۆچکردنی زۆرەملێیانە.

رێککەوتننامەکەش باس لە بەڵێندانی سەرکردەکانی ئەفریقیا دەکات، کە بە فراوانی کۆچ پێکردنی دانیشتووان رابگرن، بۆ نموونە لە کاتی روودانی ململانێدا، هەروەها رەوشی ژیانی ئاوارەکانیش باش بکەن.

دیپلۆماتکارێکی ئەفریقی رایگەیاند کە هەندێ وڵاتی ئەفریقی ئەمڕۆ خۆ لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە دەپارێزن، کە رەنگە ناچاری بێت و سزاشی بەدواوە بێت.



# لە کوێت سەرپۆش قەیرانێکی سیاسی دەنێتەوە



**ڕووداو- الجزیرە**

بەپێی فەتوایەک کە لە وەزارەتی ئەوقافی کوێتەوە دەرچووە، وەزیر و پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتە دەبێ پابەندی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام بن و پۆشاکی ئیسلامی بپۆشن. ئەو فەتوایە قەیرانێکی دەستووریی ناوەتەوەو هەندێک لە پەرلەمانتاران داوا دەکەن خانمانی وەزیر و پەرلەمانتارانی بێ سەرپۆش، بۆ رێز گرتن لە یاساو دەستوور، دەست لەکار بکێشنەوە.

ئەو فەتوایە لەکاتێکدا لەلایەن رەوتی لیبراڵ بە هەڵگەڕانەوە لە دەستوور و گۆڕینی وڵات لە وڵاتی یاساوە بەرەو وڵاتی فەتوا لێکدەدرێتەوە، لایەنگرانی رەوتی ئیسلامی و خێڵەکی پێیانوایە فەتواکە دووپاتکردنەوەی ماددەیەکی یاساییە کە پەرلەمانی کوێت دەنگی بۆ داوە.

ئەو پەرلەمانتارانەی داوا دەکەن وەزیر و پەرلەمانتارانی بێ سەرپۆش دەست لەکار بکێشنەوە، پشت بە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە 17ی ساڵی 2005 دەبەستن کە دەڵێ "مەرجە ئەو ژنەی خۆی دەپاڵێوێ و بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکات، پابەندی رێسا و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام بێت.

خانمی پەرلەمانتار رۆلا دەشتی فەتواکەی بە"پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور"دانا، روونیشیکردەوە کە "دەستوور داوا دەکات رێز لە ئازادیی تاکە کەس بگیرێت بەبێ رەچاوکردنی دەقێکی تایبەت کە رێسای شەرعی بسەپێنێ".

هەر لەوبارەوە پەرلەمانتار ئەسیل عەوەزی رایگەیاند کە بە زۆر سەپاندنی باڵاپۆشی و ناچارکردنی خانمان کارێکی"نادەستووری و نایاساییە". گوتیشی "کوێت دەوڵەتێکی مەدەنییەو یاسا بەڕێوەی دەبات نەک فەتوای شەرعی".



د. مستەفا زەنگەنە

بەشی حەوتەم

# من سیوحەوت و نیوم من خوێنم ساردە

ئێمە سێ کەس بووین، یەکێکمان هەندێ زوو توورە دەبێ، ئەمە تەبیعەتەو ناگۆڕێ، بەم رۆژگارە پێکەوە لە کوالالامپور، دەگەڕاین. چووینە گەورەترین مزگەوت، باخچەی ئاژاڵان، تاوەری شار، رۆژێکیان کات گەیشتە عەسرانێکی درەنگ و هێشتا نانی نیوەڕمان نەخواردبوو، لە وڵاتی غەریبیدا گەورەترین گرفت بۆ خەڵکی رۆژهەڵات، مەسەلەی خواردن و جۆری خواردنە، چونکە لە شوێنێکی وەک کوالالامپور، شتی وا پێشکەش دەکەن هەر عاجباتین و دڵت هەڵدەشێوێ، برنج و شلە بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێ، بۆ ئەوەی چێشتخانەیەکی شەرقی بدۆزیەوە ئەوا دەبێ چەند گەڕەک ببڕی تا شێوێکی برنج و شلە دەدۆزیەوە. لەو وڵاتەدا خواردنی ماکدۆناڵد زۆر گرنگە، لە زۆر شوێندا هەیە و سەرجەمیشیان یەک سستەم و جۆری خواردن و تەنانەت پەرداخی بیبسی خواردنەکەشیان وەک یەکن، ئیدی ئەو عەسرانە من و هەردوو برادەرەکەم خۆمان کرد بە (ماکدۆنالدێکدا) هەرکەس و داوای ژمارەی پارچەی خۆی کرد. کە خواردنەکە هات ئەوەی برادەرە توورەکەمان نەنان نەسەموونی لەگەڵدا نەبوو، ئیدی توورە بوو و گوتی بۆچی سەموونیان بۆ من نەهێناوە؟ خواردن بە بێ نان دەبێ؟ من بە پیاو نازانن؟.. ئەوانەی پشتی بۆفیەکە سێ کچ بوون یەکێکیان بەزەردەخەنەوە گوتی: بەڕێزم تۆ کە داوای خواردنەکەت کرد نەتگوت سەموونیش بێنن، ئەگەر داوای شتێ نەکەی ئێمە لە خۆمانەوە سەموونت بۆ ناهێنین، تۆ پارە دەدەی چی بڵێی ئەوەت بۆ جێبەجێ دەکەین.

من ویستم بارەکە هێوربکەمەوە، بەڵام برادەرەکەم هەندەی دیکە توورە بوو، کچە کرێکارەکە وتی: بەڕێزم من ساردم، نە من نە برادەرەکەم نەمانزانی مەبەستی لەو قسەیە چییە، وتمان تۆ چی دەڵێی؟ بە هێمنی دەستی برد بۆ سەر سینگی لەلای چەپی و لەسەر کراسەکەی نووسرابوو (37.5) سی و حەوت و نیو. وتی: من سی و حەوت و نیوم. برادەرەکەم ئیمان لەسەریدا نەما وتی من سی و حەوت و می و حەوت نازانم، تۆ مەبەستت چییە؟ کچە کرێکارەکە وتی: بەڕێزم من خوێنم ساردە، ئیدی زانیم ئەم رستانە لەگەڵ کولتووری قسەکردنی ئێمەدا دووشتی جیان و وا بە ئاسانی لێیان تێ ناگەین. دەستی برادەرەکەم گرت و سەموونێکم بۆ وەرگرت و چووینەوە سەر مێزەکەی خۆمان، بەڵام برادەرەکەم هەر دەیوت کچ نەبووایە دەمدا بە ناو دەمیدا. بەڕاستی راست دەکات خوێنی ساردە. بە هەر حاڵ نانەکەمان خواردو لێی بووینەوە. هەر بیرم دەکردەوە بۆچی ئەو کرێکارانە نە توورە بوون، نە غەڵەتێکیان کرد، بۆیە چوومە لای کاشێرەکە، کوڕێکی گەنج بوو، لێم پرسی ئەوە (من ساردم و من خوێنم ساردەو من سی و حەوت و نیوم) واتای چی دەگەیێنن؟ بۆچی ئەو کچە کرێکارە هەر ئەم شتانەی دەوتەوە؟ کوڕەکە پێکەنی و گوتی: ئەو رستانە بەو واتایە دێن کە دەڵێ من توورە نابم و دەرەجەی گەرمایی خوێنم سی و حەوت و نیوەو هەڵناچێ. ئێوە چەند تووڕش بن من خوێنم هەر ساردە.

ئیدی کە رۆیشتین بە دەم رێگاوە ئەو رستانەم بۆ برادەرەکەم روونکردەوە، زۆر زۆر پەشیمان بووەوە. دانی بەوە دانا کە خۆی توورەیە و نەدەبوو لەگەڵ ئەو کچە کرێکارەدا وابێ. منیش وتم برا تۆ ئەوە لێگەڕێ، بزانە کولتووری زمان چەند کاریگەری لەسەر واتای رستەو وشەکان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر لەم کوردستانەی خۆماندا بە کچێک بڵێی تۆ خوێنت ساردە، بە واتای ئەوە دێ کە خوێنی شیرین نییە و نا چێتە دڵەوەو بگرە ناشیرینە، بەم قسە بەس توورە دەبێ و دەگاتە ئاستی ئەوەی شەڕت لەگەڵدا بکات و بگرە هەتا هەتایە مەرحەبات نەکات و لە هەموو شوێنێک خراپەت بڵێ، خۆ ئەگەر بە پیاوێکی بڵێ خوێنت ساردە ئیدی دڵیابە دەقەومێ و دەم و ددان و لووت شکاندنیش روودەدات، کەچی لە (کوالالامپور) بە کەسێک بڵێی تۆ خوێنت ساردە، ئەوە گەورەترین مەدح و سەنایە بۆ ئەوە کەسەو بەرامبەر بەوە سوپاست دەکات، ئیدی ئەمە دنیایە و هەر نەتەوەیەک زمانی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە، شارەزا نەبوون لەو کولتوورە مرۆڤ تووشی کێشەی وەک ئەوەی برادەرەکەی من دەکات.

**تێبینی:**
**ئەو دیمەنانەی گەشتەکان حەوت بەشە، ویستم لە بەشی حەوتەمەوە بۆ سەرەتا بگەڕێمەوە.**

# گەنجان نابنە مەلا

## لە کۆی 274 دەرچووی پەیمانگای هەولێر بۆ پێشنوێژ و وتارخوێنان تەنیا 124 کەس بوونەتە مەلا

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

حەزی فەرهەنگ، بۆ مەلایەتی هەر ئەوەندە بڕی کرد تا خۆی ناسی و گەیشتە قۆناخی هەرزەکاری، ئێستا ئەو سەرجەم قۆناخەکانی خوێندنی مەلایەتی تەواوکردووەو بڕوانامەی لە پەیمانگەی پێشنوێژو وتارخوێنان بەدەست هێناوە، بەڵام حەز ناکات مێزەری سپی لەسەر بکات و بە مەلا بانگ بکرێ.

فەرهەنگ مەغدید،21ساڵ، ساڵی ڕابردوو پەیمانگەی هەولێری بۆ پێشنوێژو وتارخوێنان بە پلەیەکی باش تەواو کرد و، وەزارەتی ئەوقافیش ئامادەیە وەک مەلا لەمزگەوتێک دایبمەزرێنێ، بەڵام ئەو پیشەی مەلایەتی ڕەتدەکاتەوە دەڵێ "پیشەی مەلایەتی لەگەڵ ئارەزووی گەنجێکی وەک من یەک ناگرێتەوە، حەز ناکەم بە مەلا بانگ بکرێم".

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف 4089 مزگەوت لەکوردستان هەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی وتارخوێن ژمارەیەکی کەمتر نوێژی هەینییان تێدا دەکرێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، وەزارەتی ئەوقاف بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە لەڕێگەی کردنەوەی قوتابخانەی ئاینی هانی گەنجان بدات بۆ ئەوەی ببنە وتارخوێن. پەیمانگەی هەولێر بۆ پێشنوێژووتارخوێنان یەکێکە لەو پەیمانگەیانەی وەزارەتی ئەوقاف، بەئامانجی پێگەیاندنی وتارخوێن و پێشنویژ بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە ساڵی 1995 دامەزراوە، بەڵام بەشێک لەو قوتابیانەی لەو پەیمانگەیە دەردەچن، ئامادەنین ببنە پێشنوێژو وتارخوێن و حەز ناکەن ببنە مەلا.

بەپێی ئامارێکی ئەو پەیمانگەیە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە کۆی 274 دەرچووی ئەو پەیمانگایە، تەنیا 124 دەرچوو بوونەتە مەلای مزگەوتەکان. فەرهەنگ، یەکێکە لەو دەرچووانەی تائێستا فۆرمی دامەزراندنی پڕ نەکردووەتەوە. ئەو هۆکاری ڕەتکردنەوەی پیشەی مەلایەتی بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوەو دەڵێ "پیشەی مەلایەتی هەیبەت و بوێری و زمان پاراوی دەوێت، منیش نە قەد و باڵام بۆ مەلایەتی دەشێ، نە ئەوەندەش بوێر و زمان پاراوم وتار بۆ خەڵک بدەم".

قوتابییەکی دیکەی ئەو پەیمانگەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "زۆر بێزارم لەخوێندنی ئەو پەیمانگەیە، چونکە خوێندنەکەی گرانە و دوای دەرچوونیش جگە لە مەلایەتی لە هیچ فەرمانگەیەک داماننامەزرێنن، منیش حەز ناکەم ببمە مەلا".

ساڵی ڕابردوو قوتابیانی بەشی وتارخوێنی لە کۆلیژی کوردستان خۆپیشاندانێکیان ساز کردو داوایانکرد کۆلیژەکەیان بخرێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا. هیوا مستەفا، کە قوتابی دوا قۆناخی ئەو کۆلێژەیە دەڵێ "هەرچەندە کۆلیژەکەمان خرایە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام تائێستا بەڵێنمان پێنەدراوە جگە لە مەلایەتی لەشوێنی دیکە دامانبمەزرێنن". گوتیشی "80%ی قوتابی پۆلەکەم کە ژمارەیان 48 قوتابییە حەز ناکەن ببنە مەلا".

بەپێچەوانەی ئەو قوتابیانەی حەز ناکەن ببنە مەلا، ڕێبوار تەحسین،20 ساڵ، تەنیا بۆ ئەوەی ببێتە مەلا بەنیازە بەشی پەرستاری پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە جێبهێڵێ و ڕوو لە خوێندنی مەلایەتی بکات. ڕێبوار گوتی "پیشەی مەلایەتی بەدەست کێ دەکەوێت، مرۆڤ ئەگەر ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خەڵک و خودای خۆی، بەهۆی مەلایەتی دەتوانێ دین و دونیا بۆ خۆی مسۆگەر بکات".

حەسەن عومەر حاجی، بەڕێوەبەری پەیمانگەی هەولێر بۆ پێشنوێژو وتارخوێنان، دڵگرانی خۆی لەڕەتکردنەوەی پیشەی مەلایەتی لەلایەن بەشێکی قوتابیانی پەیمانگاکەیان دەربڕی" ئەگەر پێشووتر بەهانەیان ئەوە بووبێ کە دامەزراندنیان کەمە و مووچەکەیان هاوشێوەی دەرچووانی پەیمانگاکانی دیکە نییە، ئەوا ئێستا وەزارەتی ئەوقاف دایاندەمەزرێنێت و حکومەتیش هەمان مووچەو ئیمتیازاتی پێداون، بۆیە هەق نییە هیچ بەهانەیەک بهێننەوە تا نەبنە مەلا". گوتیشی "ئەوانەی حەز ناکەن ببنە مەلا مەلەفیان لەلای ئێمەیە، هەزارو یەک واستەیان کردووە تا وەربگیرێن".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف ڕایگەیاند کە بۆشاییەکی زۆر هەیە لە وتارخوێنی مزگەوتەکان و ئەوقاف پێویستی بە وتار خوێنە " بەڵام هیچ دەرچوویەک ناچار ناکەین ببێتە مەلا، ئەگەر خۆی ئارەزووی لەپیشەی مەلایەتی نەبێت".



# کچانی لادێ واز لە خوێندن دەهێنن

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-پشدەر**

هەردوو کچەکەی خدر مستەفا، پۆلی شەشی بنەڕەتییان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، بەڵام بەهۆی نەبوونی قۆتابخانەی قۆناخەکانی دیکەی خوێندن لە گوندەکەیان چیتر نەیانتوانی درێژە بەخوێندن بدەن. ئەوان بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەن، دەبێ ڕۆژانە بێنە قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی کچ بوونیان ناتوانن.

نەبوونی قۆناخەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە گوندەکانی دەڤەری پشدەر، گرفتی بۆ سەتان کچی لادێ نشین دروستکردووەو ناچار بوونە واز لە خوێندن بێنن. خدر کە دانیشتووی گوندی ئالانە دەڵێت "بە تەنیا کچەکانی من وازیان لە خوێندن نەهێناوە، نزیکەی پەنجا قوتابی کچ لەلای ئێمە، بەهۆی کچ بوونیان وازیان هێناوە، ناتوانن هەر ڕۆژەو لەگەڵ شوفێرێک بچنە قەڵادزێ".

ئەو باوکە ڕەخنە لە حکومەت دەگرێ و دەڵێت "حکومەت دەڵێ نابێ مافی ئافرەت بخورێ، بەڵام ئامادە نییە قوتابخانەیەک لە گوند بکاتەوەو چەندین کچ لە خوێندن بێبەش دەبن".

سنوور و سێوە دوو کچی گوندی سەید ئەحمەدانن کە بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی لە گوندەکەیان دوای دەرچوونیان لە پۆلی شەش دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە، ئەوان پێیانوایە بەهۆی تەواو نەکردنی خوێندن هەموو ژیانیان بەفیڕۆ چووە، بۆیە داواکارن قۆناخەکانی دیکەی خوێندن لە گوندەکەیان بکرێتەوە. ئەو دوو کچە دەڵێن " لە گوندەکانیتریش زۆر کچ وازیان لە خوێندن هێناوە بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی و خوێندنگای ئامادەیی".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە زیاتر لە 3 هەزار قوتابخانەیە، بۆئەوەی کێشەی کەمی بینای قوتابخانە چارەسەر بکرێ، بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستانیش بێ قوتابخانەن، ئەوانەی هەشن زۆربەیان مەرجی خوێندنیان تێدا نییە، لەزۆربەی گوندەکانیش تەنیا تا پۆلی شەشی بنەڕەتی هەیە.

عوبێد شێخ ئاودەلانی، خوێندکاری بەشی تەلارسازیە لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین و دانیشتووی گوندی شێخ ئاودەلانە دەڵێت "زۆربەی کچانی گوندەکەیان کاتێک دەگەنە قۆناخی ئامادەیی واز لە خوێندن دێنن، چونکە ئامادەیی لە گوندەکە نییە". جگە لەوەش "زۆربەی لادێییەکان لەبەر لایەنی کۆمەڵایەتی ڕێگە بە کچەکانیان نادەن بچنە شارەکان بخوێنن". بەپێی قسەی عوبێد نزیکەی 40 کچی گوندەکەیان تائێستا وازیان لەخوێندن هێناوە "ئەو کچانە لە خوێندن زۆر سەرکەوتوو بوون"، گوتیشی "ئەوانەی لە ئامادەیی دەخوێنن ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێناپەڕێت، هیچیان نەگەیشتوونەتە زانکۆ، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو کچانە لە قۆناخی خوێندن دا زۆر سەرکەوتوو بوون و پلەی باشیان بەدەستهێناوە".

بەرپرسانی پەروەردەی ناوچەکە هۆکاری وازهێنانی کچانی لادێ لە خوێندن بۆ خودی کچەکان دەگەڕێننەوە، نەک نەبوونی قوتابخانە "چونکە لە ناوەندی شارەکانیش خوێندکاران وازدەهێنن و ناکرێ هەمووی بخرێتە ئەستۆی نەبوونی خوێندنگە". عەلی محەممەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ ڕایگەیاند کە ئەمساڵ پلانێکی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی کەمترین قوتابی واز لەخوێندن بێنن، بۆ ئەوەش چەند گوندێکیان دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی قوتابخانەی تازەی لێبکەنەوە لەوانەش گوندەکانی دوو گۆمان و جەلکان و شێخ ئاودەلان، جگە لەوەش لەگوندی شەروێت کە زۆر قەرەباڵغە ئامادەییەکیان کردووەتەوەو لە بەرنامەشیاندایە لە گوندەکانی دیکەش بیکەنەوە.

بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ خۆی بە کەمتەرخەم نازانێ لە کەمی قوتابخانە لە گوندەکانی دەڤەرەکە و دەڵێت "کردنەوەی قوتابخانە پێویستی بەبینا و مامۆستا و قوتابییە، بەپێی بڕیاری پەروەردە نابێ لە پۆلێکدا کەمتر لە 15 قوتابی هەبن، ئێمە 10 خوێندکارمان هەبووە پۆلێکمان بۆ کردوونەتەوە، بەڵام کێشەی مامۆستا و بینامان هەیە".





قوتابیان دەڵێن
لێدان قەدەخەیە
ئەگەر ئازان
لێمان بدەن
مامۆستایەک

# مامۆستا و قوتابی بە شەق و کورسی و چەکوش ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە

**جوان جەمیل**
**ڕووداو-هەولێر**

لەو کاتەی سازان هەڵکەوت، 18ساڵ، دەچێتە سەر کورسیەک و خەریکی هەڵواسینی بڵاوکراوەیەک دەبێ بە دیواری قوتابخانەوە، مامۆستایەکیان دێتە دەرەوە پێیدەڵێت تەقە تەق نەکات، بەڵام سازان کە قوتابی پۆلی دەیەمی ئامادەییە، گوێی ناداتێ، لەبەرئەوەش ئەو مامۆستایە توڕە دەبێ و شەقێک لە کورسیەکە دەدات، سازانیش دێتە خوارەوە کورسیەکەو ئەو چەکوشەی بەدەستیەوە بوو لە مامۆستاکەی دەگرێت، بەڵام پێیناکەوێت.

شەڕی نێوان قوتابی و مامۆستا قوناخی قسە بەیەکتر گوتنی تێپەڕاندووەو چەندین جار گەیشتووەتە حاڵەتی بۆکس وەشاندن و خوێن ڕژاندن. تا کار گەیشتووەتە بنکەی پۆلیس و سکاڵایان لەسەر یەکتر تۆمار کردووە. قوتابیان پێیانوایە مامۆستا وەک ئەفسەرو پۆلیس مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و مامۆستایانیش هۆکارەکەی بۆ بڕیارەکانی پەروەردەو خراپبوونی هەڵسوکەوتی قوتابی دەگەڕێننەوە.

د.سیروان عەبدوڵڵا، شارەزا لە بواری دەروونی، دایک و باوک بە هۆکاری سەرەکی ڕێز نەگرتنی مامۆستا داناو، چونکە پێیوایە ئەوان منداڵ دەدەنە دەست کۆمەڵگە تا فێری پەروەردە بن "منداڵ فێرناکەن کە ئەرکیان چییە بەتایبەتی لە قوتابخانە".



بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکانی خوێندن، کۆنترۆڵکردنی پۆڵ لەدەست مامۆستایان دەرچووە. بەفرین ڕەحمان، کە مامۆستایە لەقوتابخانەی بروسکی بنەڕەتی هۆکاری توندی مامۆستای گەڕاندەوە بۆ زۆری قوتابی لە پۆلەکان کە دەنگەدەنگی زۆر دێت لەکاتی وانە وتنەوە، کە زۆرجار مامۆستا ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات، بۆیە دەبێتە هۆی توورەکردنی مامۆستا.

ئەو مامۆستایە پێیوایە ئێستا قوتابی ڕێزی مامۆستا ناگرێ، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو ئاسانکاریانەی پەروەردە بۆ قوتابی کردوویەتی " کۆمەڵێک بڕیار دەرچوون لە پەروەردە هەمووی لایەنگری قوتابییە، ئەمەش وایکردووە قوتابی لە مامۆستا بێ منەت بێت و قوتابیان دەڵێن لێدان قەدەخەکراوە ئەگەر ئازان لێمانبدەن، ئەوە دووبەرەکی زیاد کردووە".

ئازاد عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری ئامادەیی، پێیوایە ئەو گۆڕانەی بەسەر سیستەمی خوێندن دا هاتووە زیاتر بووەتە هۆی کرانەوەی مامۆستا و قوتابی لەگەڵ یەکتر، بەڵام بەهۆی لێک تێنەگەیشتنی هەردوولا، نەیانتوانیوە کەشێکی هاوڕێیانە دروست بکەن، بەڵام گوتیشی "ئەگەر هەر کامێکیان هەڵسوکەوتێکی کرد پێچەوانەی بڕیارەکانی پەروەردەبوو ئەوا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێ".



زۆرجار قوتابی بەهۆی هەڵسوکەوتی مامۆستاکەیەوە واز لە قوتابخانە دێنێت. ئەحمەد سیروان، لەسەر ئەوەی ئەرکی خوێندنی ماڵەوەی جێبەجێ نەکردبوو، مامۆستاکەی لە بەردەم هاوپۆلەکانی ڕەزیلی کردو بە جنێودان دەریکردە دەرەوە. بۆیە ئەحمەد چیتر نەگەڕایەوە قوتابخانە، بۆ (ڕووداو) گوتی "سێ ساڵە وازم لە خوێندن هێناوە، هەرکاتێکیش بوارم بۆ بڕەخسێت تۆڵەی خۆم لەو مامۆستایە دەکەمەوە، ئەو دوارۆژی تاریک کردم".

بەشێک لەقوتابیان ئاماژە بەوە دەدەن کە زۆرجار مامۆستا لە ماڵەوە تووڕە دەبێ و توڕەیی خۆی بە قوتابیان دەردەکات. چرۆ عەبدولڕەحمان،18ساڵ، قوتابی شەشی ئامادەیی، پێیوایە مامۆستا خۆی دەتوانێ کەسایەتی خۆی دروستبکات " بەڵام هەندێ مامۆستا هیچ گوێ نادەنە دەروونی قوتابی، هەیە خۆی جەوی تەواو نییە و هەڵسوکەوتی ڕەقە".

عومەر کەریم،45ساڵ، باوکی 5منداڵە کە چواریان قوتابین. ئەو باوکە دەڵێ ئەو بەشێوەیەک منداڵەکانی خۆی پەروەردە کردووە کە ڕێز لە هەموو کەس بگرن بەتایبەت مامۆستا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا



بەمامۆستاکانیشی گوتووە ئەگەرمنداڵەکانی هەر کردەوەیەکی ناشیرینیان ئەنجامدا ئەوا لەلای ئەوەوە ئازادن لێیان بدەن "با فێرنەبن بەرامبەر بە مامۆستاکان هەڵسنەوە".

مامۆستایان لەو باوەڕەدان ئەگەر لەگەڵ قوتابی توند بن ئەوا قوتابی زیاتر گوێیان بۆ شل دەکەن، بەڵام چیا ئیبراهیم 19ساڵ، قوتابی پێنجەمی ئامادەیی، لەگەڵ ئەوەدا نییە و پێیوایە نابێ مامۆستا بە توڕەیی خۆی زاڵ بکات بەسەر قوتابیان، بەڵکو دەبێ بە گوێگرتن لە قوتابی و ڕێگەنەدان بە بوونی بۆشایی لە نێو دەرسدا، بێدەنگیان بکات " چونکە بۆشایی، دەنگە دەنگی زۆر دروستدەکات، بەمەش مامۆستا توڕە دەبێت".

بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان قوتابی و مامۆستا د.سیروان بەپێویستی زانی قوتابی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و، مامۆستاش هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن بدات، کە جوانترین ڕەوشتی هەبێ بەرامبەر قوتابی "تاوەکو قوتابی شەرم لە مامۆستا بکات، نەک لێی بترسێ".

# بەخۆڕایی لە زانکۆکانی ئەڵمانیا بخوێنن

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیای لینار کۆرسی خوێندن بە خۆڕایی بۆ قوتابیانی کورد لە زانکۆ حکومییەکانی ئەڵمانیا دابین دەکات و تەنیا 2400 یورۆ لەبەرامبەر ڕێکخستنی کاروبارەکانی وەرگرتن لە زانکۆ لە قوتابی وەردەگیرێ.

بۆتان عومەر گەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای لینار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کۆمپانیاکەیان ئامادەیە کۆرسی خوێندنی بە خۆڕایی بۆ قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی ئەڵمانیا دابین بکات " لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد ئامادەن بچنە دەرەوە بخوێنن، بەڵام بەهۆی خراپی باری داراییان ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕێکنەکەوتووە".

ناوبراو وردەکاری ئەو پرۆژەیانی ڕوونکردەوەو گوتی " لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ڕێککەوتووین بۆ ئەوەی قوتابیانی کورد بنێرینە زانکۆکانی ئەڵمانیاو لەوێ بەخۆڕایی کۆرسی خوێندن وەربگرن، قوتابی تەنیا بڕێک پارە بۆ ڕێکخستنی کاروباری وەرگرتن و فێربوونی زمانی ئەڵمانی دەدات".

بەڕێوەبەری کۆمپانیای لینار، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زانکۆیانەی قوتابی بۆ دەنێرن زانکۆی حکومین، بۆیە بەخۆڕایین "قوتابی لەوێ تەنیا پارەی خواردن و هاتووچۆ و پێداویستییەکانی دەدات، ئەگەر قوتابییەکە ژیانێکی ئاسایی بژی دەتوانێ مانگانە بە 500-700 یۆرۆ دەربچێ. جگە لەوەش قوتابی ڕێگەی پێدراوە کار بکات، قوتابییەکە ئەگەر کار بکات، دەتوانێ خەرجی خۆشی دابین بکات".



سەبارەت بە مەرجەکانیش، بۆتان گەردی گوتی "کەسی داواکار لانیکەم دەبێ 20%ی زمانی ئەڵمانی بزانێ، ئەگەر نا ساڵێک لەوێ زمانی ئەڵمانی دەخوێنێ، کەسێکی نزیک ببێتە کەفیلی جا لێرە بێ یان لە ئەڵمانیا، هەروەها بڕی 2400 یۆرۆ دەدات بۆ ڕێکخستنی کاروباری وەرگرتن".

هەندێ قوتابی دڵخۆشن بەو پرۆژەیە. ڕێکان محەممەد بەنیازە لە ڕێگەی کۆمپانیای لینارەوە بچێتە ئەڵمانیا بۆ خوێندن، ئەو گوتی "تێکڕای نمرەکانی پۆلی شەشم 73%یە، لێرە ئەو کۆلیژە وەرمانگرێ کە من حەزم لێیەتی، ئەگەر وەریش بگیرێم هیچ فێرنابم، بۆیە حەزدەکەم بچمە دەرەوە بخوێنم".

کۆمپانیای لینار تائێستا چەند کورسییەکی خوێندنی باڵای بۆ قوتابیانی کورد لە وڵاتانی بەریتانیا، کەنەدا، ئوستوراليا دابینکردووەو ئێستا قوتابیان لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیایە دەتوانن لە هەر شوێنێک مەبەستیان بێ بخوێنن.

# بە تۆمەتی "گۆڕان" لایانبردم

**بەڕێزان جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

هەفتەی رابردوو پێیانڕاگەیاندم لەبەرئەوەی کارت بۆ لیستی گۆڕان کردووە لە پلە کارگێڕییەکەت لات دەدەین. ئەو تۆمەتە بەڕاستی بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو. چونکە من هیچ ڕۆژێک بیرم لە لادان لە ڕێبازی پیرۆزی پارتی و بارزانی نەکردووەتەوە.

بە درێژایی تەمەنی گەنجیم و لەوەتەی بە بیرم دێ من پارتی بوومە، قەت بە خەیاڵمدا نەهاتووە تۆزقاڵێک لەو ڕێبازە لاماندابێ. بەڵام چەند کەسێک بۆ مەرامی تایبەتی حیزبی و تاکە کەسی تۆمەتی ئەوەیان خستە پاڵم کە من کارم بۆ "گۆڕان" کردووە، بۆیە داوا دەکەم بە زووترین کات لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێندرێ تاکو ڕاستی لابردن و ئەو تۆمەتە نا شەرعیانەی دراونەتە پاڵم ڕوون ببێتەوە. هەروەها ئەوەش بۆ خەڵک ڕوون ببێتەوە کە من چۆن لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان کارم بۆ لیستی کوردستانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە. چۆن بە ساڵاچووانم بە پاس بردوون بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری تا دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.

بەڕێزان، لابردنی من وەک گەنجێکی بەڕێوەبەر لەخانەی چاودێری بەساڵاچووان لە تموحم دەدات و ناچارم دەکات لە ڕێبازە ڕاستەقینەکەی خۆم کە ڕێبازی پارتییە لابدەم.

**ئومێد ئەنوەر محەممەد**
**بەڕێوەبەری لەکار لادراوی خانەی چاودێری بەساڵاچووان**

# کاک کۆسرەت فریامان بکەوە

**بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

زۆر هەوڵمدا جەنابت ببینم و بەڵام نەمتوانی بگەمە خزمەت جەنابت، بۆیە ناچاربووم ئەم نامەیەت لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ڕووداو)ەوە ئاراستە بکەم.

بەڕێز کاک کۆسرەت، من کەسێکم ئێستا لە ماڵ کەوتوومە، بەهۆی نەخۆشی. ئەو نەخۆشییەشم لە کاتی دەوام تووشم بووە، ئێستا هەردوو قاچم تووشی نەخۆشی هاتوون و سەردانی دکتۆرم کردووە دەڵێن قاچەکانت بە زووترین کات پێویستیان بە نەشتەرگەرییە، دەنا هەردوو قاچت لە کار دەکەوێ و تووشی شەلەل دەبی، منیش باری داراییم زۆر خراپە و ئەو پارەیەی ئەوان بۆ نەشتەرگەری داوای دەکەن لە توانای من دا نییە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم هاوکاریم بکەن. خاوەن منداڵم و لە خانووی کرێ دام.

بەڕێز کاک کۆسرەت، بەڕێزتان چاک دەمناسن و ماوەی چەند ساڵێک پێشمەرگەی لە شکری ئامادەبووم، لە ساڵی 1997 بریندار بووم، ئێستاش بە پلەی موولازم دەوام دەکەم لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی و، بنەماڵەیەکی دیاری دەشتی هەولێرین و جەنابت لە نزیکەوە بنەماڵەکەمان دەناسێت و ئاشنایەتیت هەیە لە گەڵمان و زۆر نزیکین لە جەنابت، ئەگەر بمبینی ئەو کاتە دەزانی من برازای کەسێکم کە جەنابی مام جەلال خۆی فەرموویەتی هەموو یەکێتی دەبێ خۆی بە قەرزاری (……) ڕەشاش بزانێ. لەبەر سومعەی بنەماڵەکەم ناوی نانووسم، ناوی خۆشم نانووسم چونکە لە هەولێر دیارین. هەموو خەڵک دەماننانسن و زۆر خزمەتی یەکێتیمان کردووە و شانازی بەو خزمەتەوە دەکەین. خۆم زۆر تووشی زیندان بوومە لەسەر یەکێتی، بەڵام ئامادەم لە پێناوی یەکێتی شەهید بکرێم و شانازی پێوە دەکەم.

دووبارە داوا لە بەڕێزت دەکەم کە بە پیر داوایەکەمەوە بێن

**ئەمەش ژمارەی مۆبایلەکەمە**
**(07504286547)**

لەسەر مردنی کۆرپەکەیان

# هاووڵاتییەک سکاڵا لەسەر نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە تۆمار دەکات

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

هاووڵاتییەکی دانیشتووی شارۆچکەی حاجیاوا سکاڵایەکی یاسایی لەسەر نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە تۆماردەکات و لە سکاڵاکەدا بەوە تۆمەتباریان دەکات کە کەمتەرخەمبوونە لەکاتی لەدایکبوونی منداڵەکەیان، بۆیە منداڵەکەیان مردووە.

ڕۆژی 2009/10/16 دوای ئەوەی پەیمان عوسمان، ژانی منداڵبوون دەیگرێت دەگەیێنرێتە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەڵام منداڵەکەیان ڕووناکی ژیان نابینێ و دەمرێ. کەسوکارەکەی، کەمتەرخەمی پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە بەهۆکاری مردنی منداڵەکەیان دادەنێن.

ئەحمەد ساڵح، هاوسەری پەیمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کە هاوسەرەکەم بردە نەخۆشخانەی ڕانیە، پزیشکی ئێشکگر لە ماڵەوە دانیشتبوو کەس لە نەخۆشخانە نەبوو، پەرستیارەکان گوتیان ببیبە بۆ قاوش، چونکە پزیشکەکان ئێستا لێرە نین و لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانن، چەندین جار هێنایانین و بردنیانین تا نەزیف بوو، لە ئەنجامدا منداڵەکەمان مرد و خێزانیشم نەشتەرگەری بۆ کرا کە 10% هیوای ژیانی مابوو". ئەحمەد گوتیشی لەکاتی سکپڕیدا خێزانەکەی بردووەتە لای دکتۆرە (م)، ئەویش پێیگوتووە 4 هەفتەی ماوە، بەڵام سێ هەفتەی نەبردووە خێزانەکەی نەزیف بووە. لە نەخۆشخانەش حاشای کردووە کە ئەو ژنە نەخۆشی ئەو بووبێ.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە "لە دادگا سکاڵام لەسەر نەخۆشخانەی ڕانیە و ئەو دکتۆرەی ئێشکگر بووە تۆمار کردووە و چاوەڕوانی بڕیاری دادگام، بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات".

> **بچییە بەشی منداڵبوون گریانت دێت، چەندین جار ژنانی سکپڕ لەسەر زەوی و لە WC منداڵی بووە**
> دکتۆرێکی نەخۆشخانەی ڕانیە

دکتۆرە (م.ن) پسپۆر لە نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕەنگە چاودێری ئەو نەخۆشەی کردبێ، بەڵام نازانێت ئەو نەخۆشە کێیە؟، چونکە زۆر نەخۆش بەناوی پەیمان هاتوونەتە لای. ناوبراو گوتیشی "کە بە نەخۆش دەڵێن ئەو ڕۆژە منداڵت دەبێ، مەرج نییە هەمانڕۆژ منداڵی ببێ"، ڕەتیشیکردەوە کە کەمتەرخەم بووبن بەرامبەر بەو نەخۆشە.

ئەو دکتۆرە باسی لەوەشکرد کە پزیشکی پسپۆر بەردەوام لە نەخۆشخانە نابێت، بەڵکو لە ماڵەوە دەبێت، پزیشکی موقیم و موقیم ئەقدەم نەخۆش وەردەگرێ و چاودێرییان دەکات، کە زۆر نەخۆشبێ و پێویستی بە نەشتەرگەری کرد پەیوەندی بە پزیشکی پسپۆڕەوە دەکرێ "بەڵام ئێمە یەک موقیممان هەیە ئەویش پیاوە و زۆر شارەزا نییە لە کاری ژنان، پێی شەرمە چارەسەریان بکات".

ئەو باسی لە ڕەوشی نەخۆشخانەکەش کرد کە "زۆر خراپە" و شوێنیان زۆر تەسکە "کە بچییە بەشی منداڵبوون گریانت دێت، تەنیا 4 قەرەوێڵەی لێیە و جاری وا هەیە 15 نەخۆشت هەیە. چەندین جار نەخۆش لەسەر زەوی و لە WC منداڵی بووە".

دکتۆرە نەسرین غەفوور، کە ئەو کاتە ئێشکگر بووە، بەڵام لە ماڵەوە بووە باسی ڕووداوەکەی کردو گوتی "کە هاتم نەخۆشەکە بارۆدۆخی زۆرباش نەبوو، پەستانی خوێنی بەرزببوو و نەزیف بوو، منداڵەکەشی مردبوو، لەوکاتەدا نەخۆشەکە پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو نەشتەرگەریمان بۆ کرد، منداڵەکەشی لە ئەنجامی ژەهراویبوونی سک پێش منداڵبوون مردبوو، هیچ شتێک نییە ڕێگری بکات لە ڕوونەدانی". گوتیشی "کەمتەرخەمییەکە لە من نەبووە، ئەگەر نەهاتبام ئەوکات کەمتەرخەم دەبووم".

ناوبراو بێ ئاگایی خۆیشی دەربڕی لەوەی کە کەسوکاری کۆرپەلە مردووەکە سکاڵایان لەسەر تۆمار کردبێ "دوای ئەوەی نەشتەرگەریم بۆ کرد لەبەرئەوەی گوشاری خوێنی هەبووە و نەزیفیش ببوو ترس بۆ حاڵەتی نەشتەرگەری دروست دەکات، کە هاتمەدەر کەسوکاری زۆر سوپاسیان کردم، چونکە نەخۆشەکەیان بە سەلامەتی دەرچووە و خۆشم تێمگەیاندن کە منداڵەکە بەهۆی گوشاری خوێنی دایکی مردووە".






# پێشکەوتن

**هەرمان خالید**

نوێبوونەوەو گۆڕانکاری، یەکێکەلەخەسلەتەکانی مرۆڤ و میللەتەدانا و ژیرەکان، بۆ ئەوەی ئەو ڕەفتارانەی زۆر باش نین، بەنوێ و باشتر بیانگۆڕن. هەموو بوارەکانی ژیان دەکرێ بگۆڕێن و جوانتر بکرێن.

کەدەڵێن ئەو میللەتەپێشکەوتووە، یانی لەهەموو بوارەکان پێشکەوتووە، ناکرێ میللەتێکلەبواری زانست پێشکەوتوو بێ و سیاسەتی سفر بێ، یان پیشەسازیەکەی لەو پەڕی بووژانەوەدابێ و بەدەست مانگاکانیان بدۆشن، یاخود سیاسەت و زانستەکەی زۆر باڵا بێ و خەڵکەکەی نەفام بن، یان بەپێچەوانەوە.

بۆ زانینی ئاستی پێشکەوتنی وڵاتێک، دەبێ شارەزای هەموو کون و کەلەبەرەکانی ئەو وڵاتەبی. میللەتەکەی چۆن دەژی؟ پیشەسازی و کشتوکاڵ و سیاسەت و ئیدارەو هەموو ڕووەکانی ژیان لەو وڵاتەچ جۆرێکە؟

من لێرەبەمەبەستی بەدیارخستنی ئەو نەهامەتیانە، ئەمەدەنووسم، تا لایەنی پەیوەندیدار لەخەو ڕابێت و هەوڵ بۆ باشترکردن و پێشکەوتن بدات. بەهیوام بەقەولی خۆیان وەک ڕەخنەی بنیاتنەر سەیری بکەن نەک ڕووخێنەر (کەمن بڕوام بەو دەستەواژەیەنییە، ڕەخنەهەر ڕەخنەیە، بەڵام بەداخەوەزۆربەی خەڵک و سیاسییەکانی کورد، بەرەخنەمیزاجیان تێکدەچێ، بۆیەئەو دەستەواژەنامۆیەیان هێناوەتەگۆڕێ).

زۆرمان بەرگوێ دەکەوێ لەراگەیاندنەکانی کوردستان، کە کوردستانی ئێستا زۆر پێشکەووتوەو وەک کوردستانی کۆن نییە! پێشکەوتن لەهەموو بوارەکانەوە ڕووی لەکوردستان کردووە. وەلێ با بزانین، ئەو پێشکەوتنەی کوردستان چ پێشکەوتنێکە؟!

جارێ پیش هەموو شتێک، پێشکەوتن پەتای کولێرا نییە، تا ئەگەر لەئەمریکا یان ژاپۆن بڵاوبووەوە، بەقودرەتی قادر بێتەکوردستانیش. دووەم، لەتوانای هیچ وڵاتێک نییەپێشکەوتن بخاتەناو کارتۆنێک و پێشکەشی چاوی ڕەشی خەڵک و حکومەتی کوردانی بکا!

ئەوەی ئێستا لەکوردستانە، کرانەوەیەبەڕووی جیهان، نەک پێشکەوتن. کابرا لەماڵەکەی خۆی بەچلەی هاوین لەبەر سپلێت و لەدیار کەناڵێکی سەتەلایتی ئەورووپی دانیشتووە، هەموو پێشکەوتن و جوانی دیوی ناوەوەی ئەورووپا دەبینێ، ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرزی ژاپۆنیشی هەیە، مۆبیلێکی دوا مۆدیلیشی بەدەستە، باڵەخانەیەکی 6 نهۆمی بەجام و ئەلیکۆبۆند داپۆشراویشی هەیە، جل و بەرگیشی خوا هەڵناگرێ ئەتاتورک خەوی پێیەوە نەدیوە! وەلێ نەک هەر عەقڵێکی پڕ بەپێستی ئەو کەلوپەلانەی نییە، بەڵکو ئاکار و ڕەفتاری هەر لەگوندنشینێکی چیای تۆڕابۆڕای ئەفغان دەچێ!

ئەگەر تا 2003 دەگوترا ئابلۆقەمان لەسەرەو ناتوانین ئەوەی دەمانەوێ بیهێنین، ئەوەدوای ئەوکاتە، ئەو بەهانەیە نەما، ئەی بۆ نەهات؟ بەدڵنیاییەوە چونکە عەقڵی ئاسایی و سیاسی و حکومڕانی کورد، لەئاستی ئەو پێشکەوتنەی دونیانییە.

ئێمەناڵێین هیچ نەهات و هیچ نەکرا، چونکەئەمەبێ ویژدانییە، وەلێ با بزانین چ و بۆ کێ کرا و هات؟ ئایا شتی شیاو بۆ کەسی شیاو هات، یان قەزوان بوو بۆ بێ ددانان؟

تەلەفۆنی دەستی (مۆبایل) هات، ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێل هات، باڵەخانەو خانووەکان هەموو جوان و ڕازێندرانەوە، هەزاران کۆمپانیای بیناسازی هاتن و دروستبوون، چەندین پارک و بەرزەپرد دروستکران، جلوبەرگی وەک ئەورووپا لەبەرکران، فرۆکەخانەدروستکرا، فرۆکەمان بینی لەئاسمانی کوردستان و وەک جاران لەترسان هەڵنەهاتین! خەڵک بەلێشاو بەسەردان چوونەوڵاتان و هاتنەوە، هەزاران کتێب و سەدان ڕۆژنامەو گۆڤار کەوتنەبازاڕەوە، تیڤی و ڕادیۆ زۆر بوون .... سەدان شتی دیکەیش. بەڵام:

کەس هەیەپێم بڵێ لەو کاتەوەی مۆبایل هاتووە، کوشتنی ژن و کچان چەند بار زیاد بووە؟!

ئایا دەزانن ئەو هەموو مۆنیکا و بی ئێم دەبلیو نوێیانە، هێندەی شەڕی ناوخۆ خەڵکیان کوشت؟!

ئایا دەزانن ئەو باڵەخانەو خانووانەی کوردستان، تەنیا دەرەوەیان جوانە، سەرقۆزی بن ئاڵۆزن؟!

کێ دڵنیایی ( زەمان) دەدا کاری ئەو کۆمپانیایانە، 30 ساڵ تەمەنیان ببێ؟!

کەس هەیەگومانی لەوەهەبێ، ئەو جلەنوێ و جوانانەهەموو پۆخڵەواتی ناوەوەی بزر کردووە؟!

فرۆکەخانەبۆ هەمووانە؟! کابرای باداوەچۆن و بەچی پارەی نەک گەشتەکەهەمووی، تەنیا بلیتەکان پەیدا بکا؟!

ئەوانەی چوونەدەرەوەو هاتنەوە، کامەیان کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنی لەگەڵ خۆی هێنا؟!

ئەو هەموو کتێب و ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنە، ئەوەندەی باس دەکرێ، سوودیان هەبووە؟! بەکورتی زۆر هۆکاری ژیان پێشکەوتن، وەلێ عەقلی زۆربەی هەرەزۆری کورد نەگۆڕا و پێشنەکەوت.

ئەمانەو هەزاران شتی دیکەش، من باسی پێشکەوتنی سیاسەتی کوردی هەر ناکەم، چونکەلەگەڵ ئەوەی هەموو تاکێکی کورد، کەم تا زۆر دەم لەسیاسەت وەردەدا، وەلێ ئەسڵەن باوەڕم نییەکورد سیاسەت بزانێ و بتوانێ هیچ گەمەیەکی سیاسی بکا.

1- نەگەڕانەوەی کەرکووک دوای سەدان وەعدی هەڵبژاردن.

2- تەنیا بردنەوەی پرسی بودجەلەبەغدا، یەک پرسی زەقی دیکەی نەبردووەتەوە.

3- گەندەڵی ناوخۆ.

4- نەناسینی دۆست و دوژمن، ئێران و تورکیا هەموو ڕۆژ بۆردومانمان دەکەن، کەچی ئەوان دژایەتی حوسییەکان دەکەن لەراگەیاندنەکانیان!

5- شەڕکردن لەسەر دەرهێنانی نەوت، تا 83%ی نەوتی منداڵ ونەوەکانی ئایندەی کورد بدرێ بەعەرەبی چاو ڕەش.

ئەمانەو دەیانی دیکەش وام لێدەکەن نەک هەر ئەمەی سەرەوەبڵێم، بەڵکو زۆر سوورترم دەکەن لەسەر تێڕوانین و بینینەکەی خۆم. تۆش ئەگەرهێشتا باوەڕت بۆ دروستنەبووە، کەکوردستان چەقبەستووەو پێشنەکەوتووە، تکات لێدەکەم پێم بڵێ، ئەگەر ئێران و تورکیا 3 مانگ سنووریان داخست، گەلی کوردستان چی بەسەر دێ؟!!زەمانم دەدەیێ هەموو کەسێک بەکلاشینکۆفەوەلەپێش ماڵی خۆی ڕانەوەستێ؟!

# هەزاری و دوو هەزاری بۆ هەژاری




**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

دوای کردنەوەی پتر لە 16 مارکێت لە شاری هەولێر بەنێوی هەزاری و دوو هەزاری، بازاڕی هەرزان، هەرزان بازاڕو هەرزان بەها و هەرزان هەرزان و هەرزان بۆ تۆ و.....، ئەو مارکێتانە گەیشتنە قەزاو ناحیەکانیش.

بازاڕی هەزاری و دوو هەزاری شارۆچکەی ڕانیە ڕۆژانە جمەی دێت لەو کەسانەی دەیانەوێ نێو ماڵەکەیان بە کەلوپەلی هەرزان بەها قەرەباڵغتر بکەن. دیاری مەهدی، 23 ساڵ، لە یەکێک لە بازارەکانی هەزاری و دوو هەزاری سەرقاڵی کڕینی کەلوپەل بوو، گوتی "ئەوە بازاڕێکی زۆر باشە، ئەو شتانەی لەو بازاڕەدا هەن لە بازاڕەکانی دیکەش هەن، بەڵام لێرە نرخەکان زۆر گونجاون، ئەوەی لێرە بە هەزار دینار بێ، لە شوێنی دیکە بە 4 هەزار دینارە". تێبینی دیاری لەسەر ئەو هەرزان بازاڕانە کەمی کەلوپەلی گەنجانە "زۆربەیان تەنیا کەلوپەلی نێو ماڵ دەفرۆشن".

ئەوەی ئەو بازاڕانەی پتر وەجوڵە خستووە ژنانن، چونکە زۆربەی ئەو بازاڕانە کەلوپەلی نێو ماڵی تێدایە. دایکی شاهۆ، 30 ساڵ، کە لە مارکێتی هەزاری و دووهەزاری سەرقاڵی کڕینی کەلوپەل بوو، گوتی ئەو بازاڕە ئاسانکارییەکی زۆری بۆ ژنان کردووە، کە چیتر ئەوەندە لە بازاڕەکان بەدوای کەلوپەلی هەرزان بەهادا نەگەڕێن "ئەوانەی لێرەن هەمان شتی بازاڕەکانی دیکەن کە بە 1000 و 2000 دەفرۆشرێن، بەڵام هەمووی لە یەک شوێن کۆکراوەتەوەو ئەمەش ئاسانکارییەکی باشە بۆ هاووڵاتییان".

بەهۆی قەرەباڵغی ئەو بازاڕانە دزەکانیش بازاڕیان گەرمبووە، چونکە دەرفەت لەو قەرەباڵغییە وەردەگرن بۆ دزیکردن، شەیدا خدر، 22 ساڵ، باسی لە دوو ئافرەت کرد کە دوای هاتنە دەرەوەیان لە بازاڕ کەلوپەلە دزراوەکانیان بە یەکتر نیشانداوە، بۆیە شەیدا کە دەچێتە ئەو بازاڕانە زۆر وریای خۆی دەبێ "پارەکەم باش هەڵدەگرم بۆ ئەوەی دزیم لێنەکرێت".

هێرش ڕەسول، 26 ساڵ، کە خاوەنی یەکەمین بازاڕی هەزاری و دوو هەزارییە لە شاری ڕانیە دەڵێت "هەموو کەسێک ڕوومان تێدەکات، زۆربەی شتەکانمان لەگەڵ هی بازاڕ جیاوازی هەیە بۆ نموونە شووشەواتمان هەیە هەزار دینار لە بازاڕ هەرزانترەو کەلوپەلمان زیاتر پێداویستی ناوماڵن"، گوتیشی "لە بەرنامەماندایە شتی نوێی گەنجانیش بێنین".

هێرش نەیشاردەوە کە دزیان لێکراوە "زۆر کەس دزیمان لێدەکات، ژن هەیە تەمەنی لە سەرووی 50 ساڵەوەیە دزی دەکات، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی هونەریانە لە ڕوویان دەدەینەوە بۆ نموونە پێیاندەڵێین باجی ئەو شتەت حیساب نەکردووە، ڕێگە نادەین بەسەر خۆیدا بشکێتەوە".

بازاڕەکانی دیکە دڵخۆش نین بە کردنەوەی ئەو هەرزان بازاڕانە و گرفتیان بۆ دروستدەکەن، هێرش گوتی کاتێک بازاڕەکەی کردووەتەوە دوکاندارەکانی دیکە لە ئاسایش شکاتیان لێکردووە "ئاسایش هاتن کە دڵنیا بوون شتەکانمان ئیکسپایەر نەبوون و زۆربەیان 2011 ئیکسپایەر دەبن، ڕێگەیان پێداین".

# کارتێکی 5 دۆلاری 7 ڕۆژ بە دەستگیرکردنیدا

**ئاری عوسمان**
**ڕوداوو-هەولێر**

خێزانی (م.ف.ح) تووشی شۆک دەبن کاتێک پۆلیس لە دەرگایان دەدات و داوای (م) دەکەن. بەڵام ئەو لە ماڵ نابێت و پۆلیسیش پێیان ڕادەگەیێنێت کە گەڕایەوە سەر لە بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکەیان بدات. (م) کاتێک دەگەڕێتەوە و باس وخواسەکەی بۆ دەگێڕنەوە یەکسەر پەیوەندی بە بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکەیانەوە دەکات و ئەوانیش دەسبەجێ بەپێی ماددەی 444 کە ماددەی دزییە دەستگیری دەکەن و ڕەوانەی گرتووخانەی چاکسازی گەوران (محەتە)ی دەکەن. دوای 7 ڕۆژ مانەوە لە زیندان ئازاد دەکرێ.

(م) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کاتێک لە پۆلیسی پرسیووە بۆچی و لەسەر چی دەستگیری دەکەن پۆلیس پێیدەڵێت "تۆ بە بڕیاری دادگای کۆیە بەماددەی 444 دەبێ دەستگیر بکرێی"، ئەو بە سەرسوڕمانەوە گوتی "من لە ژیانمدا دزیم نەکردووە".

ساڵی 2007 دوکانی مۆبایل فرۆشێک لەشارۆچکەی کۆیە لەلایەن دزێکەوە دەبڕدرێت، چەندین ئامێری مۆبایل و کارتی مۆبایلی ناو دووکانەکە دەدزرێن. بەپێی قسەی پۆلیسی کۆیە، تائێستا 9 کەس لەسەر بەکارهێنانی ئەو کارتە دزراوانە دەستگیرکراون، بەڵام هیچیان دزەکە نەبوون و ئازاد کراون، کە (م.ف) یەکێکە لەوانە، ئێستا بە کەفالەت ئازاد کراوە تا ڕۆژی دادگاییکردن.

(م.ف) پۆلیسی دارستانە و دانیشتوی گەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێرە. ئەو گوتی "7ی ئەم مانگە دەستگیرکرام و 13ی مانگ بە کەفالەت ئازاد کرام. دواتر منیان ناردە پۆلیسی کۆیە، لەوێ پێیانگوتم تۆ لەسەر ئەوەی کارتێکی 5 دۆلاری کۆڕەکت داخیل کردووە گیراوی، چونکە ئەم کارتە دزراوە".

(م) خۆی بە غەدر لێکراو دەزانێ کە هەفتەیەک تۆمەتی دزی خرایە پاڵ و لە زیندان مایەوە. گوتیشی لە لێکۆڵینەوەدا پێیانگوتووە کارتەکەت لە کوێ کڕیوە، ئەو بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ "کێ دەزانێ دوو مانگ بەر لە ئێستا کارتی لە کوێ و لە کێ کڕیوە، تا من بزانم دوو ساڵ بەر لە ئێستا کارتێکی 5 دۆلاریم لە کوێ کڕیوە".

مولازم دانا حاجی، لێپرسراوی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەکۆیە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوکێشەیە لەسەر ئەوە بووە لەساڵی 2007 دزی لە دووکانێکی مۆبایل کراوە و چەند کارتێکی تێدابووە، هەر کەسێک ئەو کارتانەی داخیلی مۆبایلەکەی بکات دەستگیر دەکرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ، تا تاوانبار دەدۆزرێتەوە". ئەو ئەفسەرەی پۆلیس گوتیشی "تائێستا 9 هاووڵاتی لەسەر داخلکردنی ئەو کارتە دزراوانە دەستگیرکراون، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە هیچ کامیان دزەکە نین، بۆیە ئازاد کراون".

ڕەنگە ئەو دزیکردنە کەلەپچەی پۆلیس بخاتە دەستی چەند کەسێکی دیکە تا دزی ڕاستەقینە ئاشکرا دەبێ. ئاراس توتنچی بەرپرسی بازارگێری و فرۆشتن لەکۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم ڕایگەیاند کە ئەوان ئاگاداری ئەو کێشەیە نین "بەڵام ئەگەر دادگا داوامان لێبکات ئەو کارتە کێ داخیلی کردووە ئێمەش زانیاری پێدەدەین، بەڵام نازانم چۆن دادگا دەتوانێ بزانێ کارتێک دووساڵ پێش ئێستا لەکوێ فرۆشراوە".

## هەمەجۆر

### گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان کۆکرانەوە




ڕووداو – TRT

بەشی سێیەمی کتێبی (سترانێن فۆلکلۆرێن بۆتانێ) لە یەکێک لە بەنێوبانگترین چاپخانەکانی شاری ئیستەنبوڵی تورکیا بەچاپ گەیێنرا. بابەتەکانی ئەم کتێبە، لەلایەن هونەرمەندی نێوداری باکووری کوردستان (سەیدا گویان) دوای دەیان ساڵ گەڕان و بەدواداچوون لە ناوچە کوردنشینەکانی بۆتاندا کۆکراونەتەوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس (کاوە فەقێ زادە) کاری لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی بۆ ئەنجامداوە.

# کچا کوردان خەون بە ئەستێرە بوونەوە نابینێ



**ڕووداو-ئیستانبول**

هونەرمەندی کورد ئاینوور دۆغان دەڵێ ئەو لە دەرەوەی تورکیا ناسراوترە لەنێو خۆی ئەو وڵاتە.

هونەرمەندی سترانبێژ ئاینوور کە بەشداری لە چەند فیلمێکیش کردووەو بە کوردی وتورکی گۆرانی دەڵێ و لە سەر ئاستی نێودەولەتیشدا ناسراوەو بەردەوام بەشداری لە فێستیڤاڵە نێودەولەتییەکاندا دەکات. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی Today's Zaman دەڵێ دەنگ وستایلی میوزیکەکەی وایکردووە کە ئەو پتر لەدەرەوەی تورکیا ناسراوبێت " من لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆنسێرتم سازکردوون هەر لە سان فرانسیسکۆی ئەمریکاوە بگرە تا سنگاپوور. تەنانەت لە هەندێک شوێن گۆرانیم گوتووە کە یەک کوردو تورکیشی لێنەبووە. لەو شوێنانەدا نە ناسنامەکەم ونە ئەوەی لە کوێوە هاتووم زۆر گرینگ نەبووە، بەڵکو میوزیکەکەم گرینگ بووە".

ئاینوور کە چەند سیدییەکی بە کوردی وتورکی هەیەو ناودارترینیان (کچا کورد)ە، هەرچەندە خۆشحاڵە بەوەی لە دەرەوەی تورکیا زیاتر بەناوبانگترە، بەڵام دەڵێ ئەوە خەونی من نییە ببمە ئەستێرە وخەڵکێکی یەکجار زۆر بمناسن " من خۆم بە ئەستێرە نازانم وگرنگترین شت بەلای من ئەوەیە میوزیکی باش چێ بکەم بەتایبەتیش دەمەوێ پترکار لەسەر میوزیکی کوردی بکەم".

ئاینوور ئاماژەی بەوەدا کە میوزیکی کوردی تازە خەریکە لە تورکیا دانی پێدا بنرێت وگوێی لێبگرن، بۆیە ئێستا زۆر گۆرانیبێژی ناسراوی تورک دەیانەوێ بە کوردی گۆرانی بڵێن" هەندێک لە گۆرانیبێژانی تورک کە نیوسەدەیە خەریکی کاری هونەرین کەچی تازە دەیانەوێ گوێ لە میوزیکی کوردی بگرن، ئەمە کارێکی باشە، هونەرمەند دەبێ بە مێشکێکی کراوەو پێشکەوتوو تەماشای دنیا بکات".

لەبارەی دەستپێشخەری چارەسەرکردنی پرسی کورد و پرۆسەی کرانەوە بەرووی کورد کە حکومەتی تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات، ئاینوور دۆغان پشتیوانی لەو هەنگاوانە دەکات و دەڵێ " ئەگەر تەماشای رابردوو بکەین دەبینین خەڵکێکی زۆر گیانی لەدەستداوەو ئازاری چەشتووە، زۆر دایکی کورد وتورک گریاون، بۆیە پێویستە ئەو توندوتیژییە بوەستێت، دەربارەی دەستپێشخەری ئاشتیش پێویستە چاوەڕێی بین بزانین هەنگاوەکان بە کوێ دەگەن، بەڵام من بە گشتی پشتیوانی لە ئاشتی وهەنگاوی پۆزەتیف دەکەم".

حکومەتی تورکیا ئێستا خەریکی دروستکردنی چەند بەنداوێکە لە باکووری کوردستان کە ناڕەزایەتییەکی زۆری لە نێوخۆو دەرەوەی تورکیا دروست کردووە بەهۆی ئەو وێرانکارییەی ئەو بەنداوانە دروستی دەکەن بە تایبەتی بۆ شوێنەواری ناوچەکە، لەوانەش بەنداوی ئیلسو کە چەندین هونەرمەندی کوردو تورک بەشدارن لە کەمپەینی ڕاگرتنی ئەو بەنداوە دەکەن، ئاینووریش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی دژی ئەو بەنداوانەیە، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێ " من لەسەر ئەوبابەتە زۆر قسەم کردووە، ئێستا حکومەتی تورکیا خەریکی دروستکردنی نزیکەی 25 بەنداوە کە هەشتییان زۆر گەورەن، ئەم بەنداوانەش مانای تێکدانی جوگرافییە ومنیش لەمبارەیەوە زۆر شارەزام".

دواجار ئاینوور ئاشکرایکرد کە لە چەند مانگێکی داهاتوودا ئەلبوومێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە کە جیاوازتر دەبێت لەوانی پێشتر.

# نەریمان نەیتوانی بگەڕێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ نەریمان بابان لەبارەی دوایین کاری هونەری خۆی ڕایگەیاند ئێستا دوو گۆرانی نوێی ئامادە کردووەو تەنها کاری کلیپیان ماوە.

نەریمان کە ماوەیەکی درێژە لە دەرەوەی وڵات دەژی، ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی دوو گۆرانی نوێیە، لەبارەی ئەوەی بەنیازبوو بگەڕێتەوە کوردستان و کۆنسێرت ساز بکات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەنیاز بووم لەم مانگەدا لەگەڵ گرووپێکی موزیکی سوێدی بگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ کار ئاسانیم لەکوردستان بۆ نەکرا، کۆسپی زۆریان خستوومەتە پێش بۆیە نەمتوانی بگەڕێمەوە کوردستان و کۆنسێرت ساز بکەم". نەریمان دیارینەکرد کە کام لایەن کۆسپی خستووەتە پێش.

# نازدار و حەسەن باسی دڵی خۆیان دەکەن





**ڕووداو- ئەڵمانیا**

کچە گۆرانیبێژ نازدارو گۆرانیبێژ حەسەن شەریف بەهاوبەشی کلیپێک بەرهەم دێنن.

هەردوو گۆرانیبێژ کوردی نازدار و حەسەن شەریف بە یەکەوە لە ئەڵمانیا گۆرانییەک بەهاوبەشی کلیپ دەکەن، ئەو کلیپە لە وێنەگرتن و دەرهێنانی (شۆڕەشڤان)ەو ئێستا لە قۆناخی مۆنتاژ دایەو وێنەکانی لەئەڵمانیا گیراون. شۆڕەشڤان لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو کلیپە تەواو دەبێت و ئەو گۆرانییەش کە ناوی (دڵی منە) و لەستۆدیۆکانی تورکیا تۆمار کراوە".

# هێمن خەریکی پەرچەم و ئەگریچەیە



**موحسین یاسین**

**ڕووداو- هەولێر**

دوای دابڕانێکی زۆر، گۆرانیبێژی لاو هێمن حوسێن گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو عەلی مەردان دەڵێتەوەو زیندووی دەکاتەوە.

گۆرانیبێژ هێمن حوسێن کە ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێیە، لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " یەکێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا عەلی مەردان بەنێوی ( پەرچەم و ئەگریجە) کە لەهۆنراوەی سافی هیرانی و ئاوازی عەلی مەردانە، بەهاوکاری کۆمەڵێک ژەنیار لەستۆدیۆی مێلۆدی شاری هەولێر تۆمار کردووە. هێمن حوسێن ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ستافێکی هونەری کاری کلیپی لەسەر ئەرکی خۆی بۆ ئەو گۆرانییە کردووە. ئەو کلیپە لە دەرهێنان و وێنەگرتنی پێشەوا نەبەردە.

# کەیت لە پێش ژنی ئۆبامایە



**ڕووداو- People**

بەپێی بڵاوکراوەیەکی گۆڤاری Peopleی ئەمریکی، باشترین 10 خانم لەبوارە جیاجیاکاندا بۆ جوانترین مۆدێلی پۆشاک پۆشین لە ساڵی 2009 دەستنیشانکران، لەناو لیستەکەدا ئەکتەری بەریتانی کەیت وینسلت بە جوانترین پۆشێنەری جلوبەرگ هەڵبژێردرا.

کەیت وینسلتی 33 ساڵ لە لۆس ئەنجلوس پاش ڕۆڵبینینی لە فیلمی The Reader خەڵاتی ئۆسکاری پێبەخشرا، بەهۆی جوانی پۆشاکەکانی و سەرنجراکێشییەوە لەسەر ڕاخەری سووری هۆلیوۆد بەباشترین خانم دەستنیشانکرا، لەناو لیستی ئەوگۆڤارەدا لەرووی جوانی پۆشینی پۆشاکەوە، میشێل ئوبامای هاوسەری باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بە پلەی هاتووە.

هەر لەو گۆڤارەدا بۆ هەڵبژاردنی ناشیرینترین پۆشینی پۆشاک، پێشکەشکار پاولا عەبدول و ئەکتەر رینیە زیلوێگر دەستنیشانکران بۆ ساڵی2009.

# مەهاباد دێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ مەهاباد کە لەساڵی 1979وە تائێستا لە ئەمریکا دەژی و لەتەمەنی 15 ساڵییەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە، بەنیازە سەر لە کوردستان بداتەوەو و چەند کۆنسێرتێک ساز بکات.

گۆرانیبێژ مەهاباد کە لە دایکبووی شاری هەولێرە، بۆ ئاشنا کردنەوەی جەماوەر بە هونەرەکەی، پاشان کارکردن بۆ ئەلبومێکی نوێی گۆرانی و مۆزیک بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی و چەند کارێک بەزمانی ئینگلیزی، بەنیازە بێتەوە کوردستان و دواتریش چەند کۆنسێرتێک ساز بکات.

مەهاباد لەساڵی 1991 لە ئاهەنگی نەورۆز لەگەڵ هاوسەری یەکەمی بە گوتنەوەی گۆرانییەکی گۆرانیبێژ (گوڵبەهار) بە نێوی (ئەز کچم) دەستی بەکاری هونەری کردووە، تائێستا خاوەنی 4 کاسێتی گۆرانییە بەنێوی (سورە گوڵ) لەگەڵ دوو ئەلبومی گۆرانی بەناوی (هەی دنیایێ) و (کاروانی پیرۆز).



# خووی شیری هەتا پیری

**ڕووداو- ئینروز**

ڕۆژنامەی (بیلد)ی ئەڵمانی لەسەر ماڵپەڕی خۆی هەواڵی بچووکترین جگەرەکێشی لەجیهاندا بڵاوکردەوە کە منداڵێکی چینی تەمەن دوو ساڵانەو ناوی (لینج لیانج)ەو دانیشتووی شاری تیاجینە.

بەپێی ڕۆژنامەکە، ئەم منداڵە لە تەمەنی 6 مانگییەوە جگەرە دەکێشێت، ئەوەی زیاتر سەرنجراکێشیشە لەم مەسەلەیەدا، باوکی منداڵەکە خۆی هاندەر بووە لە فێرکردنی منداڵەکەی بۆجگەرەکێشان، هەر بۆیە ئێستا زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەو منداڵە چارەسەر بکرێتو واز لەجگەرەکێشان، چونکە وەکو باوکی دەڵێ "ئەو خووی پێوە گرتووەو وازی لێناهێنێ".



# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

دڵنیا بن گۆڕانکارییەکانی داهاتوو باش دەبن بەو مەرجەی لە ئێستاوە ئامادەکاری باشی بۆ بکەن. هەموو شتێیەک دەگۆڕێت، ئێستا کاتی کارکردنی زیاتر و خۆدروستکردنە لە رووی داراییەوە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

لەگەڵ ئەوەی ڤینۆس هاوکارتانە بەڵام پێویستە زۆر بە ژیری و هێمنی هەنگاوبنێن، ڕەنگە نەتوانن کاری پراکتیکی ئەنجام بدەن. بەڵام باری دەسکەوت و دەرامەت زۆر باش دەچێتە پێشێ.

### گا
Apr 20–May 20

ئەم ماوەیە بەهەموو شێوەیەک بڕوا بخەنە سەر توانای خۆتان، بەهیچ شێوەیەک پشت بە بەخت مەبەستن، ئەوەی تا ئێستا بەدەست هاتووە ئەنجامێکی باشە، پێویستتان بە ئامادەکاری زیاتر هەیە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

لەکارکردن بەهێز دەبن وهەوڵی تەواو دەدەن بەڵام هێشتا هەندێک کاری لاوەکی ماوە دەبنە تەواوکەری سەرکەوتنەکەتان. کاتێک کارێک دەکەن هەوڵ بدەن بە وردی هەموو لایەنەکانی لێک بدەنەوە.

### جمک
May 21–Jun 21

هێمنی خۆتان بپارێزن لەو کاتانەی کەسانێک دەخوازن گرفتتان بۆ دروست بکەن یان رووبەڕوتان ببنەوە، لەم هەفتەیەدا هەوڵەکانتان بەگەڕ دەخەن بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکیەک کە کەسایەتیتانی تێدا

### کەوان
Nov 22–Dec 21

توانای فکری و جەستەییتان لەم هەفتەیەدا وەک پێویست هاوکاریتان ناکات، بۆ ئەوەی ئەو بالانسە ڕابگرن دەبێت جوڵەو وەرزش بکەن و ئامادەکاری بکەن بۆ هەندێک لە بەرنامەکانی داهاتووتان.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

هەرچەندە کارەکان بە ئاقارێکی قورسدا تێدەپەڕێت بەڵام هەندێک لە زەرەرەکانی ئێستا قازانجی داهاتوون. هەنگاوێک بەرەو پێش دەچن بۆ نزیک بوونەوە لە هیواو ئاواتەکانتان.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

تایبەت لەکارکردن وا باشە ئەم ماوەیە هەموو هەوڵەکانتان بەگەڕبخەن، فرسەتتان بۆ دەرەخسێت بەشداری چالاکیەکی گەورە بکەن، هەندێکیشتان بە ئاواتێکی گەورە دەگەن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە کارەکانتان بدەن پێویستە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە، بڕوای تەواو مەخەنە سەر هیچ کەسێک و هێمنی خۆتان بپارێزن،کاتێکی باشە بۆ هەموو بوارە فیکرییەکان.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

دەتوانن گروتینێکی زیاتر بەو کارانە بدەن کە ماوەیەکی زۆرە وەستاون یان پەکیان کەوتووە، ئەم ماوەیە هەست بە ئاسودەیی دەکەن بە هۆی جێگیربونی دەرونتان و دورکەتنەوە لە ڕاڕایی.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

هەوڵ بدەن ئەو کارانە دوا بخەن کە ئەنجامدانیان زۆر سەختە، بێزارمەبن و بڕیاری بەپەلە مەدەن گۆڕانەکانی داهاتوو سوودی دارایی بە ئێوە دەگەیەنێت، کورتە سەفەرەکانتان زۆر دەبێت.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

پەیوەندییەکانتان لەگەڵ دەرەوەی وڵات بەهێز دەبێت، هەندێکتان دەتوانن سەفەری دوور بکەن،کاتێکی باش دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی لەگەڵ هیواو ئاواتتان دەگونجێت.

### بەگشتی :

–بونی تیشکی خۆرلە بورجی دووپشک هەستەکانمان ناسک دەکاتەووە و هەموو قسەیەک بە هەند وەردەگرین و حیساب بۆ هەموو جووڵەیەک دەکەین لە چواردەورمان.

–هەرچەند ڕەخنەکان زۆر دەبن بەڵام هەموویان وەڵامدانەوەی خۆیان دەبێت. و هەندێکیان جودابوونەوەی تێدەکەوێت.

–بەڵام ناسک بونەوەی هەستەکانمان یارمەتیمان ئەدات بۆ ئەوەی لە فێڵ و پلارەکانی خەڵکانی چواردەورمان تێبگەین و نەکەوینە ئەو تۆڕانەی بۆمان هەڵدراون.

– دۆزینەوەی خۆشەویستی زۆر ئاسانتر دەبێت لە جاران.



رامیار مەحمود
karwanmramyar55@gmail.com

## کابینەی شەشەم

# خزمەتگوزاری و ژینگە لە جێی نەوت

پێشبینی کردنی کابینەی شەشەم بەشێوەیەکی پێش وەخت و رەها وەک کابینەیەکی مایە پووچ کارێکی هەڵەیە، بەهەمان ئەندازەش وەک کابینەیەکی سەرکەوتوو کارێکی تەندروست نییە. چونکە ئێمە هێشتا ئەزموونی ئەم کابینە نوێیەمان نەکردووە، چەند ئاراستەو بیرکردنەوەیەک هەن لە سەر کابینەی نوێ کە تا رادەیەکی زۆر دوور لە خوێندنەوەو پێشبینیکردنی بابەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

یەکێک لەو ئاراستانە لەنێو میدیای هاوپەیمانییەوە سەرچاوەی گرتووە کە توانای دەوڵەمەندکردنی ئەم کابینەیەی نییە بەئایدیاو پێشنیاز و، زیاتر هەوڵدەدات وەک کابینەیەکی ئایدیال بشوبهێنێت کە توانای چارەسەر کردنی سەرجەم کێشەکانی هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە بەرهەڵستکار بە تایبەتی گرووپی گۆران وەک کابینەیەکی مایەپووچ سەیری ئەم کابینە نوێیە دەکات، لە روانگەیەکی تەواو تایبەتەوە کە پەیوەندی بە کارزانی و ئەجەندەی حکومەتەکەوە نییە بە قەد ئەوەی ئەوەندەی هەڵقولاوی کێشەی تایبەتی خۆیانە، بۆ نموونە تەماشاکردنی سەرۆکی حکومەت وەک ئەوەی هیچ نەبێت جگە لە جێبەجێکەری سیاسەت و فەرمانی مام جەلال و پرۆژەیەک بۆ دژایەتی گۆران لە سلێمانیدا . هەندێک بۆچوونی لاوازیش پێیوایە خاڵی لاوازی ئەم کابینە نوێیە ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەت خاوەنی باڵێکی بەهێز نییە لە نێو یەکێتییدا. بەشێکی تایبەت لە بەرهەڵستکار بیرکردنەوەکەی لەنێو بەدبینیەوە هاتووە کە هەوڵدەدات هەموو شتێک بکاتە قوربانی ئەو ململانێ تایبەتەی کە هەیەتی بە دیاریکراوی کە سروشتە ئەنتی یەکێتییەکەیەتی لەگەڵ یەکێتیدا. ئەم هێزە وەک هێزێکی بەرهەڵستکاری سیاسی کار ناکات ئەوەندەی وەک هێزێکی ئەنتی یەکێتی خۆی نمایش دەکات، ئەمەش وادەکات سنوور و مەودا و گەشەکردنی ئەم هێزە بچووک بێت. کێشەکانی ئەم کابینە نوێیەی حکومەت چییە؟ ئەو گرفتانە چییە د.بەرهەم رووبەرووی دەبێتەوە.

گەورەترین گرفت کە ئەم کابینەیە، رووبەرووی دەبێتەوە گێڕانەوەی متمانەی نێوان حکومەت و خەڵکە کە ئەمە دیوێکی دیکەی گێڕانەوەی متمانەی نێوان یەکێتی و پارتی و خەڵکە. یەکەمین هەنگاوی کابینەی نوێ بە دروستکردنی حکومەتێکی فراوان دەست پێدەکات کە ئەمە دیار نییە، بۆ ئەوەی پێی دەوترێت چ داهاتێکی سیاسی دەگێڕێنێتەوەو چ کاریگەرییەکی پۆزەتیفی دەبێت لەسەر رەوشی نێوخۆی و گێڕانەوەی متمانەی خەڵک و چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ بەغدادا. سەرباری ئەوەی بیرۆکەی دروستکردنی حکومەتی بنکە فراوان لەڕووی مەبدەئییەوە هەڵوێستێکی پۆزەتیفە، بەڵام حکومەتی بنکە فراوان بەبڕوای من بە زۆری لەو بارودۆخانەدا گرنگە کە کۆمەڵگەیەک بە قوڵی تووشی دابەشبوونی تایفی و جەمسەرگیری سیاسی بووبێت، یان لە بەردەم هەڕەشەی دەرەکیدا بێت کە ئێمە بارودۆخێکی لەو شێوەیەمان نییە . سەرکەوتنی ئەم کابینەیە بەندە لەسەر کۆمەڵێک مەلەفی قورس کە کاریگەری لەسەر چۆنێتی تەماشاکردنی خەڵک هەیە بۆ حکومەت، لەوانە بریتییە لە ئەولەویەتێکی ستراتیجی بەرامبەر ژینگە، واتە حکومەت سیاسەتێکی ستراتیجی پێڕەوبکات لە بواری ژینگەدا . هەروەها دروستکردنی سەرەتایەک بۆ بە سیستەمکردنی کاروباری هاوولاتیان و چەسپاندنی یاسا و لاوازکردنی بەرەڵلایی و هەرەمەکی بوون و گرتنەبەری سیاسەتێکی روون و ترانسپارێنت وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ گەڕەلاوژێ و وتوێژی ناعەقڵانی.



د.نیاز لاجانی

# گەلێکی جیاواز.. مێژوویەکی جیاواز

زۆر لەمێژە دەمویست هەندێک شتی دڵم باسکەم، بەڵام بۆم نەدەکرا، چونکە نەمدەویست بەکرچ و کاڵی و هەروەها بەبێ هۆ هەندێ شت بورووژێنم کە خەڵک لێکدانەوەی خراپی بۆ بکات. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسیاری لە وڵاتی ئێمە هێندە جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، هەرچی بیڵێیت بەمیلیمەتریش لەسەرت حیسابە. بەڵام سوپاس بۆ کاکە گۆرانی خۆشەویست کە لە رێگەی وتارەکەیەوە (جیاوازی یان قەشمەری) لە ژمارەی رابردووی (رووداو)دا دەرگایەکی کردەوە کەمنیش هەندێک دڵم بکەمەوە و شتەکان وەک خۆیان ناو بێنین.

کاک گۆران گیان، ئەوەی نووسیوتە بەشێکی زۆری لەگەڵتدام و پشتیوانی دەکەم، بەڵام بریا لە ئامادەکرنی چەند کاژێرێک لەنزیکەوە لەگەڵدا دەبووی ئینجا رێک هەندێ قەناعەتی نوێت لاگەڵاڵە دەبوو، لەبەر ئەوەی:دەزانی بە من و تۆ و خەڵکی ئێمە کە زۆرجار لە روانگەی خۆمانەوە تەماشای دەوروبەری خۆمان دەکەین، تووشی هەڵەی گەورە دەبین. زۆرجار ئەگەر لە بازنەی کار و خانەوادەییمان بچینەدەر، باش تێدەگەین، کە ئەم میللەتە قوڕبەسەر و بەدبەختەی ئێمە لە کوێی ئەم جیهانەدایە. دەزانی زۆرجار خۆمان (خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین) خۆمان بوونەوەرێک دروستدەکەین کە هەمووی جگە لە درۆی راستەقینە هیچی دیکە نییە. شاعیر و خوێندەوارانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست، هەر لە حاجی قادری کۆییەوە بەتایبەت بگرە تا پیرەمێرد و ئەوانیتر، لەبێ زاخی و هیچ لەباردا نەبوویی میللەتەکەمان پەنایان بۆ شیعری وابردووە، بە هەردوو دیدەکە (بەتانە و سەرکۆنەکردن+پێداهەڵگووتن و تەنانەت بەرادەی موبالەغەیەکی یەکجار زۆر) کە ئەوەی دووەممان کردووەتە کارەکتەری خۆمان کە لەراستیدا (نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان) شکاندوویەتی و وابەش بەشی کردووین کە خانەقینیەک بەعەرەبی لەگەڵ زاخۆییەک قسە دەکات، باسی ئورفا و دیاربەکر و کرماشان و سلێمانی و قامشلۆ ناکەم. دەیان شتی دیکە کە لێرە بابەتی ئێمە نییە و دەتوانین لە ئەدەب و مێژووی هەژار و بەستەزمانی خۆمان بهێنینەوە کە هیچ لەم شەرحە حاڵانە راست نین و تەنها هۆنینەوەی شایانی شاعیران بوونە، ئەویش بەمەبەستێکی پیرۆز کە میللەتی ئێمە شەری داگیرکەرانی پێ بکرێت و جوڵەیەک بکات! زۆرجار کە باس لەسەدەی نۆزدە و سەرەتای بیست دەکەین دەڵێی باس لەپێش زایین دەکەین. کە هەمووی سەت و پەنجا ساڵێکە. باتاوێک ئاوڕ لەمێژووی زانستی یۆنان، رووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئیتاڵیا بدەینەوە، ئەمان بۆ پێشخستنی زانست چیان کرد:ڤیساگۆرس، مەندەلیڤ، گالیلە و ئەدیسۆن و هتد.

لەبواری بیناسازی چ میرات و پاشماوەیەکیان بەجێهێشتووە!

کاک گۆران ئەوەم بۆ تۆ نییە، دەزانم تۆش هاوڕامی، بۆ ئەوانەمە کە ئێستاش وای بۆدەچن کە ئەگەر کورد دەستی لەپێشخستنی بیناسازی یۆنان و رۆم نەبووایە، ئەمڕۆ ئەو بەستەزمانانە دەبوو لەخانووە قوڕەکانی گەرمیان و دەشتی هەولێر و گۆرانیەتی بژیابان!! بۆ ئەوانەمە کەوا بیردەکەنەوە کە ئەگەر زاناکەی بەری سۆران نەبووایە و فریای گالیلە نەکەوتبایە قەت نەماندەزانی زەوی خڕە. بۆ ئەوانەمە کەوا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر زانای بلیمەتی بەری بابان نەبووایە و فریای مەندەلیڤ نەکەوتبایە، ئەمڕۆی زانستی کیمیا هەر نەدەبوو!بۆ ئەوانەمە کەوا بیردەکەنەوە میللەتی ئێمە لە مێژووی پڕ لەداهێنان و رابردووی پڕ لە دەسکەوتی خۆی شتی وای بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە کە وێنەی نییە، بەڵام داخی گران رۆژئاواییە بێ سیفەتەکان"ئەورووپییە بێ دین و کافرەکان" یابانە چاوبچووک و وشک و برینگەکانی رۆژهەڵاتی دوور " رۆژێک نایێن و لێکۆڵینەوە لەسەر لبادە ئاوریشمەکەی هەولێر کە زیاتر لەپەنجا هەزار کەس لەکارخانەکەی کار دەکات بکەن، ئینجا دەزانن لبادی made in Kurdistan)) چەندە بایەخی جیهانیی هەیە و وا لەسەدەی بیست و یەکدا لەحەوشە تۆزاوییەکاندا لەسەری دادەنیشن، شوکر دووریشن لەنەخۆشی گورچیلە و فەقەرات هتد.

ئاخر کاکە ئەوان بێویژدانن گەمارۆیان خستووەتە سەرمان، ئەو ئۆتۆمبێلە ئاخر مۆدێلانەی ئێمە ناکڕن کە مێژووی تەمەنیان زیاتر لەسەدان و بگرە هەزاران ساڵە و بێ بەنزین و گازیش کاردەکەن، بەڵام چونکە نایێن و لێمانەوە فێربن بۆیە تووشی قەیرانی سووتەمەنی و نەوتیش دەبنەوە!!ئەوە نییە سوید و نەرویژ و دانیمارک وایان لێقەوماوە، تووشی ستۆپێکی هێندە گەورە بوون کە نەخوێندەواری و هەژاری و دواکەوتوویی باڵی بەسەردا کێشاون، نوێنەری حکومەت دەسبەرداری گەنجانی خۆمان دەبێت و دەچێت خەڵاتیان دەکات. ئەی چۆن ئەمە مشتێکە لەخەروارێک. بەڵام ئاخ:مرۆڤایەتی ئاگایان لەو هەموو جیاوازییەی وڵاتی ئێمە نییە، ئەگینا بروات هەبێت ئەوان تۆزێ ستراتیژیتر بیریان دەکردەوە و لەبەرامبەر پارە زۆر و زەوەندەکانیان کادیرە باشەکانی ئێمەیان لەهەموو بوارەکاندا دەبرد و لەوێ وڵاتی خۆیان پێ دەگۆڕی، چونکە نەیانبینیوە لەم هەرێمەی ئێمە میللەتە بلیمەت و شێرەکەی ئێمە چ حەشرێک دەکات. سینەما و هونەرە جوانەکان، سەنعەت و پیشە سازییە پێشکەوتووەکەی، ئەم هەموو رۆژنامە سەرکەوتوو و مامۆستا و زاناکانمان دونیامان هەژاندووە!کاکە گۆران بالەبنی هەمانەکە بدەین:دەزانی،بەراستی پێمان وایە کەواین! هێندە درۆمان لەگەڵ خۆمان کردووە، باوەڕمان بەدرۆکانمان کردووە. بانووکتەیەکی خۆشت بۆ باس بکەم: برادەرێکی من لەسەردەمی سۆڤیەتی پێشوو سەرەتای هەشتاکان قوتابی دەبێ، دەیگوت هێندەم درۆ بۆ کچە برادەرەکەم کردبوو، وام لەکورد و کوردستان کردبوو، ئەو کچە بەستەزمانەی ئەو سەردەمە، بڕوای کردبوو کە کوردستان چەند هەنگاوێک لەپێش سۆڤیەت و تەنانەت رۆژئاواشەوەیە. دەیگوت رۆژێک ویستم لەپارکێک ماچی بکەم گوتوویەتی کورە ئاگاداربە خۆ ئێرە کوردستان نییە!! خەڵک خراپ لەماچی من و تۆ دەگات، ئەم برادەرە دەیگوت منیش لێم ببووە راستی کە کوردستان لەمەسەلەی کراوەیی و فەرهەنگ بەگشتی زۆر لەپێش ئەمانن. دەیگوت منی بەستەزمانیش وەک کچەکە بڕوام بەدرۆکانی خۆم کردبوو. ئاخر کاکە ئەم کچە بەستەزمانە خۆ نەیدەزانی لەساڵانی هەشتا و پێش هەشتا و زۆر پێشتریش تا ئەمڕۆکە نەک لەسەر ماچ، تەنانەت لەسەر قسەیەکی خۆش و پێکەنینێک ئافرەتێک دەبێتە قوربانی!!ئاخر نەیدەزانی گچکە بەگەورە و ژن بەژن و بەزۆر بەشوودان هەیە و لای ئەوان هیچ کات و هەرگیز نەبووە. ئاخر نازانن ئێستاکەش لەسەدەی بیست و یەک پیاوی ئێمە لەسەر یەک رستەی (سێ بەسێ.. ) تەلاقی دەکەوێ و واز لەژنەکەی دەهێنێت. ئای لەم پێشکەوتنەی وڵاتی ئێمە، بەڕاستی جیاوازین. ئەوەی فری بەهونەرەوە نییە و بێ زەوقترین و بێ داهێنانترین زەلامە راوێژکاری هونەرییە، چونکە ئێمە جیاوازین، لە وڵاتی ئێمە هەموومان جیاوازین!ئەوەی هەرگیزکەسێکی خەریکی کوردایەتی نەبووبێ، لە هەموو کەس زیاتر لەخەمی پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیداندایە!ئەوەی کۆنە بەعسی و خۆفرۆش بووە ئەمڕۆ زۆر بەئاسانی جنێو بە رەمزەکانی میللەتەکەمان دەدات و بەکەیفی خۆشی دەسوڕێتەوە. لەمەش زۆر جیاوازین. نەخوێندەوارترین و نەخۆشترین زەلام وتاری وات بۆ دەنووسێت سەرت سوڕ دەمێنێ! ئێمە جیاوازین. لەجیاتی یەکگرتنەوە، لەیەک دابڕان هەڵدەبژێرین، لەجیاتی عەقڵ، سۆز بەکار دەهێنین! لەجیاتی سۆز، زۆر بەکاردەهێنین! لەجیاتی فرمێسک و گریان پێکەنین هەڵدەبژێرین! لەجیاتی خۆمان، دووژمن هەڵدەبژێرین و پەنای بۆ دەبەین! لە هەموو مێژووماندا وابووین! بۆ چەند خولەکێک چێژی سێکسی ژنی دووەم دەهێنین و سەدان گرفتی نوێ دروست دەکەین، بەڕاستی ئێمە جیاوازین. لەجیاتی راستی درۆ هەڵدەبژێرین!لەجیاتی خۆشەویستی رق و کینە بەرهەم دێنین!چەندین جار گوێمان لێبووە: هەتا ماوم لێناگەرێم خۆشی لەخۆت ببینیت!بەڕاستی جیاوازین. لەجیاتی کار، تەمبەڵی هەڵدەبژێرین. جارانیش لەجیاتی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی هەندێکمان جاشایەتی و سیخوڕیمان هەڵبژارد!ئاخر لەوەش جیاوازین. بێ ئیشترین و بێ هونەرترین مرۆڤ لە وڵاتی ئێمە خەریکی کاری رۆژنامەگەری و گۆرانی گوتنە، ئاخر ئێمە جیاوازین. گەندەڵ رقی لەگەندەڵەکانی دیکەیە ?چونکە دەیەوێت گەندەڵێکی تاک و زۆریش جیاواز بێت!کاکە گۆران گیان بروات هەبێ هەر ئەوەندەین. توانای میللەتەکەمان ئەوەندەیە! لەوانەشە هەندێک کەس لێمان زویر ببن و بچنەوە سەر بالۆرە کۆنەکە و بڵێن بەچ هەقێک ئەم هەموو سوکایەتییە بەمیللەت دەکەن، کاکە ئەمە سووکایەتی نییە، ئەمە راستییە. من لەوەدا نامەوێت جیاوازبم، هەتا پێم بکرێت راستی دەڵێم، ئەگەر هەمووشی نەڵێم هەندێکی هەر دەڵێم.

سوپاس کاک گۆران لەگەڵ بۆچوونەکانتم. پشت بەخوا (بەرنامەی من جیاوازم) لەوەرزی نوێیدا بەجیاوازتر لەجاران دەردەکەوێت. بەینی خۆمان بێ ئەگەر حەسەن زیرەکی رەحمەتیش قیت بێتەوە و گۆرانی ئەممان دکتۆر ..دەردم چارەکە ...مان بۆ بڵێت و من و تۆش ببینە کۆرسی هەر پێمان چارە ناکرێت. وابزانم کەسمان ناتوانین فریا بکەوین!



کاوە ئەمین - سوێد
kawe35@hotmail.com

# عوسمان بایدەمیر حەزدەکات پاسپۆرتەکەی بداتە پێشمەرگە!

لە سەردانی ئەم دواییەیدا بۆ سوێد، عوسمان بایدەمیر لەلایەن رەوەندی کوردییەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا، زیاتر لە سەرۆکی دەوڵەتێک دەچوو تا سەرۆکی شارەوانییەک. ژنانی باکووریی بە هەلەلە لێدان و لەنێو چەپڵەرێزانی ئامادەبووواندا، لە شاری ئۆپسالا، بایدەمیر بە ئارامی لەسەر کورسییەکەی دانیشت. ئەوکاتەی بۆ کۆبوونەوەکە تەرخانکرابوو، یەک کاژێر بوو، بەڵام بایدەمیر بە پێکەنینەوە بە بەشداربووانی وت: کە ئەو نیگایانەی ئێوە دەبینم، پێموانییە، سەعات و دوو سەعات، بەشی تێربوون لەیەکترمان بکات.

عوسمانبایدەمیر،سەرەتایقسەکانیبەوە دەست پێکرد "ئێمە هەمووومان تەواوکەری یەکترین، کاتێک باکووری کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد، دەیانگوت ئەوەی ئێوە دەیکەن تەنها خەونێکە، بەڵام ئەوەتا ئێستا بەچاوی خۆمان دەیبینین کە نەک تەنها خەون نەبوو بەڵکو ئێستا خەریکە تامی ئازادی دەکەین".

جارێک لە رۆژنامەیەکی سوێدی دا خوێندمەوە،بایدەمیریبە"سێبەریئۆجەلان" لە باکووری کوردستان، وەسفکردبوو، بۆ نا، ئەوەتا خۆیشی شانازیی پێوە دەکات. دەوڵەتی تورک، زۆریان هەوڵدا، ئامەد لەژێر دەسەڵاتی بایدەمیر دەربێنن، بەڵام ئەو بڕوای تەواوی بەخۆی و گەلەکەی بوو، بۆیە بێباکانە پێیگوتن: ئامەد قەڵای ئێمەیە و کەس ناتوانێ ئەو قەڵایەمان لێ داگیر بکات، هەرواش بوو.

کاتێک بایدەمیر سەردانی سوێدی کرد، چەند رۆژێکبوو بۆ دیداری وەکو خۆیشی وتی، "براکانی" لە باشووری کوردستان گەڕابووەوە، کاتێکیش باسی باشووری دەکرد لەناخی دڵییەوە پەسنی باشووری دەدا و دەیگوت: "یەکێک لەو شتانەی کە لە باکووری کوردستان لێی پەستم، ئەو هەموو سەیتەرانەن کە رۆژانە بە زمانی تورکی داوای پێناسمان لێدەکەن، بەڵام کە چوومە باشوور حەزم دەکرد، پێشمەرگە نەک جارێک دەیان جار داوای پاسپۆرتم لێ بکەن، ئای چەند خۆشە کاتێک سەربازی کورد بە زمانی کوردی داوای پێناسەکانمانیان دەکرد و خۆمان کۆنترۆڵی وڵاتی خۆمان دەکەین".

بایدەمیر کاتێک باسی قەڵای ئامەدی دەکرد نەیدەشاردەوە ئەو قەڵایە بە پشتیوانی گەریلاکان پارێزراوە، لەو پێوەندییەدا باسی ئەوەی بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە کە لە سلێمانی و هەولێر لەگەڵ بەرپرسانی پارتی و یەکێتی بە ئاشکرا پێیگوتوون: ئەگەر گەریلا و یەکێتیی کورد نەبووایە ئەوا بە ئاشکرا و بەڕۆژی نیوەڕۆ لەبەردەم قەڵای ئامەددا یەک یەک لە سێدارەیان دەدایین، بۆیە ئێمە هەموومان تەواوکەری یەکترین.

یەکێک لە تاکتیکە هەرە کاریگەرەکانی کۆلۆنیالیستان لە دێرزەمانەوە، برسیکردنی ئەو گەلانەیە کە دەیانخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، تورکیایش هەمان تاکتیکی بەرانبەر گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا بەکارهێناوە. لەو بارەیەوە بایدەمیر باسی ئەوەیکرد کە لە تازەترین ئاماردا لە بیستویەک بازێری دواکەوتووی تورکیا، هەژدەیان لە باکووری کوردستانن، بەڵام بایدەمیر گەشبینە بە دوارۆژی گەلەکەی، ئەو ئەڵمانیا و ژاپۆنی وەک نموونە هێنایەوە کە چۆن توانییان لەژێر کەلاوەکانی شەڕی جیهانیدا هەستنەوە و وڵاتیان سەرلەنوێ بنیات نایەوە بۆیە بەبڕوا بەخۆبوونەوە وتی: "ئێمەیش کە ئازاد بووین، چاو لەو گەلانە دەکەین، بۆیە دەبێ لە ئێستاوە لەڕووی ئابووریەوە خۆمان بەهێز بکەین، سەرمایەدارانی کورد با لە ئێستاوە سەرمایەکانیان لە باکوور و باشووری کوردستان بخەنە کارەوە".

دەوڵەتی تورکیا لە ماوەی ئەم دوو دەیەی دواییدا بە هەزاران کوردی وڵاتپارێزی بە بیانووی جۆراو جۆر دادگایی کردووە و دەیان هەزار کەسی خستووەتە زیندانەوە، عوسمان بایدەمیر یەکێکە لەوانەی کە تائێستا زۆرترین دۆزی لەسەر کراوەتەوەو بە 283 ساڵ زیندانی حوکم دراوە. بایدەمیر گاڵتەی بە دادگا سەیرو سەمەرەکانی تورکیا دێت بۆیە بە گاڵتە پێکردنەوە وتی: "ئەگەرچی مردن بەدەست خوایە، بەڵام با بڵێین من پەنجا ساڵ دەژیم، ئەگەر وابێت ئەوا بەڕاستی من قەرزداری دەوڵەتی تورکم، چونکە دەبێ هیچ نەبێت 233 ساڵیان بۆ قەرزبکەم، تا ئەو قەرزەیان بدەمەوە". بۆیە بایدەمیر باسی سەختی خەبات بۆ ئازادی لەو پارچەیەی کوردستاندا هێنایەوەو وتی: بەڵێ "ئەوە ئەو وڵاتەیە کە ئێمە خەباتی تێدا دەکەین و دەمانەوێ ئازادبین لە دەستی ئێمە بە دەوڵەتی تورکیا دەڵێین: با بێمنەت بن، چی ماوە دەرهەقی ئێمە نەیکەن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە ئەو کاروانەی ئێمە گرتوومانەتە پێش خۆمان، هەرچۆنێک بێت هەر دەبێ بیگەیێنینە مەنزڵ".

خاڵێکی دیکە کە کۆلۆنیالیستەکان پێداگیری لەسەر دەکەن بۆ بەچۆکداهێنانی گەلانی ژێر دەستە، سیاسەتی "پەرتکە و زاڵ" بەیە، تورکیایش هەمان سیاسەتی دەیان جار تاقیکردووەتەوە. رۆژانە رۆژنامەکانی تورکیا بە بابەتی جۆراو جۆر و لەژێر پەردەی جۆراو جۆردا دەیانەوێ، پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەنە دوو بەش، باڵی بازەکان و باڵی کۆترەکان. جەنگیز چاندار یەکێکە لە رۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکانی تورک، لە وتارێکیدا باسی ئەوەی کردووە کە عوسمان بایدەمیر و ئەحمەد تورک و هەندێکی دیکە باڵی کۆترەکانن و باڵی بازەکانیش ئامینە ئاینا و هەندێکی دیکەن کە لەسەر زۆرشت رێکناکەون. کاتێک بەشداربوویەک لەسەر ئەو قسانە لە عوسمان بایدەمیری پرسی، تۆ چی دەڵێی؟ بایدەمیر کە تا ئەوکاتە دانیشتبوو، هەستایە سەرپێ وتی: "قوربان راست نافەرموون، ئێمە نە هەڵۆین و نە کۆتر، بەڵکو ئێمە هەموومان شێر و پڵنگین، هێز نییە لەیەکمان دابېڕێت، تورکیا دەبێ هەموو شەوێک خەو بەو رۆژەوە ببینێ".

ئاشتی ئەو وشە ئەفسووناوییە کە بووەتە وێردی سەر زمانی کوردانی باکوور، عوسمان بایدەمیریش پێیوایە کە دواجار تاکە رێگە بۆ چارەسەری و ئازادی، ئاشتییەکی شەرەفمەندانەیە، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەدا نییە کە تورکیا و ئەردۆغان لەخۆوە رەحمیان تڵیساوەتەوە بۆیە باسی ئاشتی دەکەن. عوسمان بایدەمیر دەڵێ: "با کەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێ، ئەگەر بەرخۆدانی زاپ نەبوایە و گەریلا نەبوایە، ئەردۆغان وشەی ئاشتی بەزماندا نەدەهات". بایدەمیر، بە گومانەوە لە بانگەشەی تورکیا بۆ ئەو پرۆسەیەی سەرەتا ناویان نا "کرانەوە بەڕووی کورددا" و پاشان گۆڕییان بۆ "کرانەوەی دیموکراتی" دەڕوانێ. بایدەمیر، نموونەیەکی هێنایەوە و بەو پرۆسەیەی، چواند: "سەردەمانێک، چەند کەسێک لە باکووری کوردستان، چەند مانگایەکی هۆڵەندییان کڕی بوو، ئیتر دەستە دەستە جووتیارەکانمان دەستیان کرد بە فرۆشتنی مەڕوماڵاتی خۆیان و چوون لەجیاتی ئەوە یەکی مانگایەکی هۆڵەندییان کڕی، مانگا چ مانگا، بە هیچ شتێک تێری نەدەخوارد، بەڵام ماوەیەک شیری دەدا و پاشان لە شیر دەچووەوە، بەوجۆرە گوندییەکانمان زیانێکی زۆریان پێکەوت و لە کوردەکەی هەردوو جەژنە بوون، ئەم پرۆسەیەی ئەردۆغانیش پێدەچێت وابێت، با سەبرمان هەبێت و بزانین چی لە هەگبەیاندایە ئەگەر چارەسەریان ئامانج بێت، ئەوا سەر سەر و سەر چاوان، بەڵام ئێمە وەکو ئەو گوندیانەی خۆمان ناکەین، هەموو دەرگاکانمان کراوەیە بۆ ئاشتی، بەڵام دڵنیاتان دەکەین نە گەریلا لە خۆڕا چەک دادەنێت و نە ئێمەش بەو تەشتە ئاوەی تورکیا دەکەوینە مەلە".

عوسمان بایدەمیر کۆتایی قسەکانی بەوە هێنا کە زۆر وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەزاران ساڵە قەرزداری ئێمەن و ناپیاوdیان لەگەڵ کردووین، بەڵام ئێمە دروشمی (یان سەرکەوتن یان سەرکەوتن)مان هەڵگرتووە، هیچ رێگایەکی دیکەمان لە بەردەمی خۆماندا دانەناوە، لە بیریشتان نەچێت کە ئەم بارەی کەوتووەتە سەرشانمان، دەبێ بەیەکەوە هەڵی بگرین، پارتە تورکییەکان لە کاتی هەڵبژاردن دا، جگە لە بەرتیلدان بە خەڵک، دەیان بەڵێنیان پێدەدان کە هەموو خەڵک دەکەنە مووچەخۆر، ئێمەش لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی نەک پارەمان نەبوو بیدەینە خەڵک تا دەنگمان پێ بدات بەڵکو ئێمە بە پارەی گەل چووینە سەر سندوقی دەنگدان و سەریشکەوتین، بۆیە دڵنیاتان دەکەم ئەگەر یەکگرتوو بین، هەر دەگەینە ئەو رۆژی خۆمان و ئەو رۆژەش نزیکە".



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# کورد به باڵی مێش نافڕێ

خۆ ئەگەر خاوەنی شتێک بووینایە شایەنی باس بێت، دونیامان دەخوارد. خودا بەوە رەحمی کردووە لە هیچ سووچ و قوژبنێکی دونیادا جێگەمان نابێتەوە، دەنا دەمێک بوو ئەو تۆزە حەیایەی ماومانە، ئەویش چووبوو.

هەفتەیەکە راگەیاندنی بێئیشی کوردستان کاسیان کردووین وەڵا چییە گوایە قاپێ هەنگوینی کوردی، ناوی کوردی گەیاندووەتە کەشکەڵانی فەلەک. جارێ من لەوە حاڵی نەبووم ئاخۆ هەنگوین ناسنامەی نەتەوەیی هەیە یان نا؟ خۆ ئەگەر بڕیارە ئەو (هەنگ)ەی لە گوندێکی کوردستان گێژ گێژ دەسوورێتەوە، ناسنامەی نەتەوەیی هەبێت و بە کورد لە قەڵەم بدرێت، کەواتە سبەی دەبێ زۆر ئاسایی بێت ئەگەر هاتوو گوێدرێژێکی کوێرە گوندێکی کوردستان، فێر بوو ئەی رەقیب بچڕێ، ئەوە وەک کوردێکی بەهرەمەند تەماشا و شانازی پێوە بکەین کە ئەو کەرە کوردییە، ناوی میللەتەکەمان، لە نێو میللەتاندا بەرز دەکاتەوە. مەگەر ئاژەڵ هەر ئاژەڵ نییە؟ ئیدی کەر بێت یان مێش هەنگوین؟.

کوردی بێ بەهرە و بێ بەرهەم، لە بێهیچییدا، خۆی بە باڵی هەنگدا هەڵواسیوە و دەیەوێ بە باڵی مێش، بە ئاسمانی میللەتانی دونیادا بگەڕێ. زۆرم لا سەیرە، راگەیاندنی کوردستان، بە بایەخەوە ئەو هەواڵە پڕ گومانە بڵاودەکەنەوە گوایە ئەو هەنگوینەی لە کوردستان بەرهەم دێت، لە پێشبڕکێی بەرهەمی 600 وڵاتدا، لە یەکەمەکان بووە.

سەردانێکی سایتی www. apimondia2009.com بکەن، هەر کەسێک لە دوور و نزیک، نەک ناوی کورد، ئەگەر وشەی عێراقیش لەو سایتەدا بدۆزێتەوە، بایی شەشسەت دەفتەر هەنگوینی بۆ دەکڕم. ئەوانەی بۆ پیاسە چووبوون لە فەرەنسا هەنگوین بخۆن دەڵێن هەنگوینی کوردستانمان لە مۆزەخانەی فەرەنسا دانا، ئەو بەڕێزە هەنگوینخۆرە بۆچی ئەرک ناکێشێ و پێمان بڵێ ئەو مۆزەخانەیەی فەرەنسا ناوی چییە و ئەدرێسی لە کوێیە؟ خۆ فەرەنسا گوندەکەی خۆیان نییە، یەک مزگەوت، یەک مەسینە، یەک کانی، یەک مەلا و یەک کەڵەشێری هەبێ.

کابرای شێروانی کە بە خۆی و قاپێ هەنگوینەوە چووبووە فەرەنسا دەڵێ، بە هۆی هەنگوینەکەی ئێمەوە، چەندین کۆمپانیای بیانی گرێبەستیان لە گەڵ کردووین تا بێنە کوردستان. لەمەیاندا بۆم روون نەبووەوە داخۆ ئەو برادەرە، هەنگوانە، یاخود بلیتفرۆش، ئاخر سەردانی کۆمپانیایەک بۆ کوردستان گرێبەستی ناوێ، بلیتی فڕۆکەی بەسە. دەشڵێ کیلۆی هەنگوینی کوردی لە فەرەنسا 30 یۆرۆ دەکات، منیش لە قەیسەرییەکەی هەولێر هەر بەو نزیکانە دەیکڕم، ئیدی ئەو ماندووبوونەی نەدەویست، لە منت بپرسیبا پێمدەگوتیت بەچەندە.

خەڵکی ئافریکا، چونکە سێ سەدە لە دوای دواکەوتووترین وڵاتەوەن و هیچیان نییە، بۆیە بە هەندێ شێر و پڵنگ و زەڕافەوە دەنازن، کورد، کە کەمێک لە خەڵکی ئافریکا پێشکەوتووترن، چونکە شێر و پڵنگ و زەڕافەشیان نییە، بە مێش و مەگەزەوە دەنازن.






نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# حکومەتی نوێ و پاشەگەردانی میدیا

هەفتەی رابردوو چەندین بەرنامە و ریپۆرتاژم لە سەر رەوشـی میدیا لە کوردستان و ئەو پاشاگەردانیی و شاڵاوی زۆری و بۆریەی تێیدایە لە چەند تەلەڤزیۆنێکی کـوردی دیتن، هەروەک لە ماوەی رابـردوودا چەندین کۆنفرانس و سیمیناریش لەسەر هەمان بابەت سازکران، تێکڕای بەشداران هاوبۆچوونن لەسەر ئەوەی راگەیاندن لە کوردستان بەدەست بێسەروبەری و ناپیشەییبوونەوە دەناڵێنێت و هەمووشیان داوای چارەسەرکردنی دەکەن، بەبێ ئەوەی تا ئێستا هیچ رێوشوێنێک بۆ راستکردنەوەی ئەو بارە لەنگە گیرابێتەبـەر و گفتوگۆکان جارێ هەر قسەی رووتن و تا ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی نەنراوە.

بەر لە هەموو کەس حیزبەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بەتایبەتی و وەزارەتی رۆشنبیریی و سـەندیکای رۆژنامەنووسان، بەرپرسی سەرەکین لەو بەرەڵڵاییـەی لە میدیای کوردیـدا هەیە.چونکە ئەوە هەرگیز رەوا نییە بە پاساوی ئازادی بیروڕادەربڕین رێگە بە هەموو کەس بدرێ بە ئارەزووی خۆی و بەبێ مەرج بێتە ناو بواری راگەیاندنەوەو گۆڤارو رۆژنامە دەربکا و رادیۆو تەلەڤزیۆن بکاتەوە.

وەک چۆن رەوا نییە رێگە بدرێت کەسـێک ئەندازیار نەبێـت و نووسـینگەیەکی ئەندازیـاری بکاتەوە، یان پزیشـک نەبێ و نۆرینگە بکاتەوە یا دەرمانساز نەبێ و دەرمانخانەیەک بکاتەوە، بەهەمان شێوەش کەسێک رۆژنامەنـووس نەبـێ و چەند سـاڵێک ئەزموونی لەو بـوارەدا نەبێ، هەق نییە رێگەی پـێ بدرێ رۆژنامەو گۆڤار دەربکا. ئیدی بە چ هەقێک وەزارەتی رۆشنبیریی و سـەندیکای رۆژنامەنووسـان مۆڵەتـی دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار بە کەسـێک دەدەن و رازی دەبن ببێ بە سەرنووسـەر، کە لە هەمـوو ژیانیدا مانگێک کاری رۆژنامەنووسـی نەکردبێ و لەوانەیە بەدرێژایی تەمەنی دوو سێ وتاری بێسەروبەری نووسیبێ.

لە وڵاتانی پێشـکەوتوودا لـە کاتێکدا مافی ئازادی رادەبڕین لە چوارچێوەی یاسادا بۆ هەموو کەس پارێزراوە، بەڵام کەس بە شـەوو رۆژێک نابێتە بەرپرسی لاپەڕەی رۆژنامەیەکیش چجای سەرنووسەر. لەوێ رۆژنامەنووس دوای ئەزموونێکـی دوورودرێـژی رۆژنامەوانی، ئینجا پلەکان دەبڕێ و دەبێتە بەرپرسـی لاپەڕەو دۆسـیەو بەڕێوەبەرو سکرتێری نووسین و سەرنووسەر.

کابینەی شەشـەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیارە ئەم هەفتەیە رابگەیەنرێ، پێویسـتە یەکێک لە ئەرکـە لە پێشـینەکانی، رێکخسـتنەوەی بواری شەپرێوی راگەیاندنی کوردستان بێت. لەم رووەوە بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی راسپێردراوی کوردسـتان هەقە هەرچی زووە کۆمیتەیەکی تایبەتی شـارەزا لە بواری راگەیاندن پێک بێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە رەوشـی راگەیاندنی کوردسـتان و دانانی رێوشوێن و راسـپاردەو مەرجی پێویست بۆ راستکردنەوەی بارە خوارو سـەقەتەکەی میدیای کوردی. بـەر لە هەموو شـتێکیش هەقە بڕیـاری قەدەخەکردنـی هەموو ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە بدات کە وەزارەتەکان دەریدەکەن و کەسیش نەک هەر نایانخوێنێتەوە بەڵکو هەر ناشزانێت دەردەچن یان نا.



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# ئاسانکاری کورد بەرانبەر زەحمەتکاری بەغدا

کورد ئەرکە لەسەر شانی ئاسانکاری بکا! دەبێ بەرانبەر بە هیچ و لە جیاتی هیـچ، ئاسـانکاری بکا. ئاسـانکاری بەرانبەر لایەنی دژبەر لە بەغدا بۆ کورد ئاساییە و تازەش نییە، بەڵام کارەسات ئەوەیـە بەرانبەر بە خۆمـان دەبێتە زەحمەتـکاری! ئەو ئاسـانکاریەی بۆ بەغدا دەیکەین، ترسی ئەوەی لێدەکرێ لە ئەنجامدا سـەری یەکتریش بکەینە دیاری بۆ بەغدا!.. هەر بۆ ئاسانکاری!

گوتمان دەبێ هەڵبژاردن لە عێراقدا یـەک بازنە بێ، بە موو لەوە لانادەین! دوایی، بەرانبەر بە هیچ، ئاسانکاریمان کـرد و نەک بە موو، بە گوریسـیش لاماندا و گوتمان: دەی قەیدی نییە با هەڵبژاردن فرەبازنە بێ و ببڕێتەوە!

خۆمان، وەک خەڵکی نەگبەتی کورد، دەمانویست هەڵبژاردن بە لیستی کراوە بێت و سیاسییەکان رازی نەدەبوون و تەنانەت جاروبار باسـی خیانەتیشیان دەکـرد، کەچی لە سـەر داوای بەغدا رازیبوون هەڵبژاردن بە لیسـتی کراوە بێـت. کەواتە کـورد هەرچییەکی لە سـەرکردەکانی خـۆی گـەرەک بێ، بـا بەرپرسـێکی بەغدا راسـپێرێ تا قسەیەکی خێرمان لەلای بەرپرسەکان و حکوومەتەکەی خۆمان بۆ بکا، بێ سێ و دوو جێبەجـێ دەکرێ! کاک مالیکی تکایـە بە بەرپرسـەکانمان بڵێ با بە بەرنامەکانـی خوێندنی قوتابخانەکاندا بچنـەوە و هەڵەکانیان چـاک بکەن! ئاخر کتێبی منـداڵان پڕن لە هەڵە و منداڵانیش دواڕۆژن! کاک مالیکی تکایە پێیان رابگەیێنە بەچکە بەرپرسـەکان بـە دوامۆدێلی ئۆتۆمبیلەوە شـەڕ بە خەڵک نەفرۆشـن! کاک مالیکی تکایە داواکارییەکانمان بگەیێنە بەرپرسەکانی خۆمان تـا بەرانبەر عـارەب بە نیوە بەشـەرمان نەزانـن. کاک مالیکـی پێیان بڵێ: قەیـدی نییە قوتابخانەی منداڵەکانـی خۆیان لـە بابەتی قوتابخانەکانـی سـوێد باڵاترە، بـەڵام نـەوت بـۆ قوتابخانەی منداڵانی ئێمەش دابین بکەن! کاک مالیکی پێیان بڵێ مادام بەرنامەی قوتابخانەکان لاسـاییکردنەوەی سوێدییەکانە، بە قوتابخانەکان و مامۆستاکان و شێوازی دەوامکردن و وانەگوتنەوەش لاساییکردنەوەی ئەوانەی سـوێد بێ! جەنابی کاک مالیکـی! ئـەو بەرنامانـەی بۆ منداڵەکانمان دانراون، بە دەوامی سێ سەعاتی مەیسەر نابێ!

بەڵـێ، بەڵـێ! هاوپەیمانـی کوردستان بەرانبەر بەغدا نەرمی دەنوێنێ و دەستبەرداری هەندێ لـە داواکانی کـورد دەبێ! ئێمە ئاسـانکاری دەکەین نـەک باری عێراق، خوانەخواسـتە بشـێوێ و لـە ئەنجامدا کەرکـووک ببێتە هۆی کێشـەی نێوانمان. کەواتە کەرکووک سەری ماری فیتنەییە و بۆ ئاسانکاری دەستی لێ بەردەن! ئەوە نییە رۆژنامەوانانتان هانداوە کاردانەوەی خەڵک بپێوێ تا بزانن هەڵوێسـتی کورد بە گشـتی و کەرکووکییەکان بە تایبەتی چۆن دەبێ؟! قابیلە چۆن دەبێ؟! هیچ!! چما بەشـەر ماوە تا هەڵوێست و کاردانەوەی هەبێ؟!

هاوپەیمانـی کوردسـتان پشتگیری لەوەش دەکا کە بە ناوی تۆمارکـراودا بچنەوە بە مەرجێک ئەوە تەنها بـۆ کەرکووک نەبێ، دەبوو بڵێن بە مەرجێک کەرکووک نەگرێتەوە! ئاخر لە دوای رووخانی بەعسەوە، لە بری ئەوەی عارەبی تەعریـب لـە کەرکـووک بڕۆن، چارەکە ملیۆنێک عارەب هاتوونەتە ناو کەرکـووک! دەنگ ناکەین... ئاسـانکارییە!...نەرمی نواندنە! نیەتپاکییە! کـەس لەبیری ماوە باسی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەکرا؟! ئەدی ئێسـتا بۆ باسی نەما؟! ئەوەش ئاسانکاری و نەرمی و لێبووردەیی و دڵگەورەییە!

بەڵام نەرمینواندن و ئاسانکاری و نیەتپاکی دادمان دەدەن؟! ئایا ئەگەر سـەد هەنـگاوی وا بچینە پێشێ، ئەوان یەک هەنگاو بەرەو ئێمە دێن یان چەند بدەین ئەوان زیاتریان دەوێ و ئەگەر هەنگوین بـە پەنجەمانـەوە نەمـا ئەوجا پەنجەکانمان دەقرتێنن؟! خەریکە وەک مشـکمان بـە سـەر دێ: سـەرمان بە قەپاڵی مارەوە بووە و شـانازی دەکەین و دڵمان بەوە خۆشە جاروبار کلکمان دەبزوێ!

کڵۆڵـی کـورد لـە هەمـوو رووێکەوەیـە و لـە هەمـوو لایەکەوەیـە: (پەکەکـە)ش نیەتسـافی خۆی پیشـاندا و بۆ ئاسـانکاری دەسـتە دەستە، بە ناوی گرووپی ئاشـتییەوە خۆیان بە دەسـتی تورکیـاوە دەدەن. لـە ئەورووپاوە خۆ بە دەسـتەوە دەدەن. لە قەندیلی سـووتاوەوە خۆ بە دەسـتەوە دەدەن! بۆ؟! ئاخـر چەندیـن جار شـەڕیان یەکلایەنە راگرت و سوودی نەبوو! تورکیا بڕیـاری داوە تۆ نەبیت، جا بە نیازی ئاشتەوایی خۆت بە دەسـتەوە بدەی یان نا، کەڵکت نادا! تورکیا لە سەر فەلسەفەیەکی زۆر گرنگ هەڵچنـدراوە: ئەوەی لە تورکیا تـورک نەبێ هەر ئەو مافەی هەیە خزمەتی تورک بکا! شتی دیکە، راگرتنی یەکلایەنانەی شەڕ و خۆبەدەستەوەدان بە نیازی ئاشـتەوایی چ سـوودی هەبوو! تورکەکان ئەو خۆبەدەستەوەدانە بە لاوازی پەکەکە دەدەنە قەڵەم، نەک بە نیازپاکی. راسـتە ئەمڕۆ لـە تورکیا باسـێکی شـەرمنی چارەسـەری کێشـەی کورد لە ئارادایە، بەڵام چی لە ژێرەوەیە؟! ویلایەتی موسڵ؟! قڕکردنی کورد؟! داگیرکردنی باشوور؟! داشبەداشی قوبرس و کوردستان؟! چی؟!

وا روون دەبێتـەوە کـە کورد هەرچی بەسـەر هاتووە، هۆکاری سـەرەکی خۆی بووە، ئێستاش هەرچـی بە سـەر دێ، هۆکاری سـەرەکی خۆیەتی. تۆ بۆ ئەوە شۆڕشـت کرد ئاسانکاری بکەی؟ بۆ ئەوە شەڕت کرد لێبووردنت بۆ دەرچێ؟ خەڵکت بۆ خەبات هاندا بـۆ ئەوەی خۆیان بە دەسـتەوە بدەن؟! بزانە سیاستمەداران چی بە کورد دەکەن! ئەوەی ئەوان بەو میللەتەی دەکەن، دوژمنڕێی نییە پێی بکا!



سەلام سەعدی
salam2004s@yahoo.com

# نەوت بەهەوا

ئاخۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بـۆ نموونـە وەک ئەوەی لـە وڵاتانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا دەیبینیـن، کێشـەیەکی لۆکاڵیی ئەو وڵاتانەیە بەتەنیا؟ ئەم بابەتە هێشـتا لە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیدا، لانیکەم بەو فۆرمەی سەرەوە نەبووەتە پرسیار، بەڵام ئاشـکرایە سیستمی نێودەوڵەتی جیهـان بەرەو کـوێ دەبـات، بەرەو کۆنفیدراڵییەکـی جیهانی کە ئیدی لەم دەوڵەتە جیهانییەدا هەر کێشەیەک لەهەر شوێنێکی دنیا هەبێ دەکرێ کێشەیەکی جیهانی بێت. ئـەم لۆژیکە وەک چۆن جێیەکی بۆ چەمکی سەروەریی دەوڵەت نەهێشـتەوە، هەر ئاواش جەنگی دژی تیـرۆر و بەرگرتن بە تەشـەنەکردنی چەکی کۆکـوژ و کەمکردنەوەی هەژاری و بەکورتـی سـنووردارکردنی ئـەو ژینگەیـەی بەردەوام هەڕەشـەی نوێ بۆ سـەقامگیریی جیهانی دەخولقێنێ، بەمافی خۆی دەزانێ. لێرەوە ئیدی ئەو زیادبوونە بێ مانایەی ژمارەی دانیشتوان بەبڕوبیانووی ئاینی چیدی کێشـەیەکی لۆکاڵ نییـەو کێشـەیەکی جیهانییە.

رەنگە ئـەو رۆژە دوور نەبێت کە ئیدی ئەنجوومەنی ئاسایش بەهەمان لۆژیکی بەرگرتن بەتەشەنەکردنی چەکی کۆکوژ گوشار بخاتە سەر ئەو وڵاتانەی نایانەوێ سنوورێک بۆ زیادبوونی دانیشتوانیان دابنێن. بەشبەحاڵی خۆم هیوادارم ئەو رۆژە زوو بێـت، چونکـە پێناچێ ئەم حکومەتانەی وەک ئێمەمانان جارێ ئەو جۆرە بابەتانـە بەخەمی خۆیان بزانن. لـەم وڵاتانەدا دیاریکردنی سـتانداردی ژیانـی خۆشـگوزەران و دیاریکردنـی هێڵی هەژاری و دابینکردنی کارو ژیانی شەرەفمەندانە بۆ خەڵک هێشتا کێشەی حکومەتـەکان نییە، بۆیـە هەر دەبێ چاوەڕێی فریادڕەسێک بین لەدەرەوە.

ئینجا ئاخۆ هەر بەتەنیا نەوت سامانی سروشـتییە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی وەک ئێمەمانان لەسـەر ناردنەدەرەوەی نەوت دەژین، هیچ ئازایەتی و هونەرێکیان نواندووە بۆ بەهرەداربوون لەو سامانە؟ بێگومان نەخێر، سـەرلەبەری شتەکە رێکەوتـەو کۆمیدیاکـەش لەوەدایـە کـە زۆرجار هەمـان ئـەم پەترۆلەی رۆژئاواییـەکان بۆیـان دۆزینـەوەو فێریانکردیـن بەهاو نرخـی بزانین وەک چەک و وەک ئامرازی گوشـار لـەدژی خۆیـان بەکارهێنراوەتەوە. مـن ئەگەر وەڵامی ئەو پرسـیارەی سـەرەوە بدەمەوە دەڵێم نەخێر ئەو ئۆکسجینەیش کە هەموو رۆحلەبەری سەر گۆی زەوی پێی دەژین، بەهەمان شـێوە سـامانێکی سروشـتییەو هەموومان ناچارین لەبەرهەمهێنان و خاوێن راگرتنیدا رۆڵمان هەبێ.

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: ئاخۆ ئـەوەی هەر خەریکی پیسـکردنی ژینگەیە، یـان لانیکەم هیچ بۆ پاک راگرتنی ناکات، مافی هەواهەڵمژینی هەیە؟ من بەو قەناعەتە گەیشتووم کـە ئەورووپییەکان مافـی خۆیانە لەبەرامبـەر هەڵمژینی هـەوا داوای پارەمـان لێبکەن، ئاخـر زێدەڕۆیی نییە بڵێم دارودرەخت و سـەوزایی لە وڵاتێکـی وەک ئەڵمانیا هێندەی هەموو جیهانی عەرەبی ئۆکسـجین بەرهەمدێنن.

بـۆ حکومەتێـک کـە خەریکە کابینەی نوێ لەپتری 40 وەزارەتەوە دەکاتە کەمتر لە 20 وەزارەت، رەنگە شتێکی سـەیربێت داوای مانەوەی وەزارەتی ژینگە بکەی، بەتایبەتیش کە ئەو وەزارەتە جگە لە رازیکردنی لایەنێکی ئیسلامی هیچ بەرهەمێکی نەبوو، بەڵام خۆ دەکرێ لەحکومەتی نـوێ دا دەزگایەکـی کاراو خاوەن بەرنامەو پلان بۆ باشترکردنی ژینگە نا، بۆ رێگەگرتن لەزیاتر وێرانکردنی ژینگە هەبێت.



مەریوان فەیزوڵلا ساڵەیی
mariwan.journalist@gmail.com

# کەنەدی کوردستانی بدیبایە چی دەگوت

کاتێک بە سەر شەقام و بەنێو گەڕەکەکانی شاری هەولێردا دەسـووڕێیتەوە، زۆر پرۆژە دەبینی کە لـەم دواییەدا حکومەتی هەرێمی کوردسـتان جێبەجێی کـردوون، حکومەت بەیارمەتی سەرمایەگوزارانی خۆماڵی و بیانی کاری زۆری کـردووە بۆ ئەوەی سـتانداردی ژیانی خەڵک بەرز بکاتەوە و پەرە بە ژێرخانی سەرجەم بوارەکان بدات.

ئەمڕۆ کوردستان، لە زۆر رووەوە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیکەی جیهان دەچێت. ئەوە بەسـە بۆ ئـەوەی بزانی کـە هەرێمەکەمان ئارامترین و پێشەکەوتووترین ناوچەیە لە عێراق. ئێمـە هەر لەمێژەوە پێـش زۆر لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتووین. بەڵام تەنیا یەک کێشـە هەیە لێرە ئەویش ئەوەیە وڵاتەکەمان بە خاوێنی بهێڵینەوە. لەم رووەوە بەداخەوە کوردسـتان زۆر لـە دوای وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانە.

کێشەی راگرتنی وڵاتەکەمان بە خاوێنی نە کاری حکوومەتە و نە کاری شـارەوانی. بە بۆچوونـی من ئەوان لەو رووەوە کاری زۆریان ئەنجامداوە، بەڵام ئێمەی خەڵکی کوردستان دەبـێ کاری زیاتر بکەین و ئەرکی ئێمەیە کە شـەقام و گەڕەک و سروشـتە جوانەکەمان بە خاوێنـی بهێڵینەوە. هەر کاتێک بەدەوری هەولێردا دەگەڕێـم، پاککەرەوەی زۆر دەبینم کە پیسـی لەسەر شەقامەکان هەڵدەگرنەوە، بەڵام سـاتێک لـەدوای ئەوانـەوە، خەڵکی ناشارستانی دەبینی بوتڵ و کاخەز فڕێدەدەنە سەر شـەقامەکان، جێگەی شـەرمەزارییە ئـەوە لە وڵاتێک رووبـدات کە یەکەم مرۆڤی شارسـتانی تێدا بەدەرکـەوت کە لە وڵاتانی دیکە هەتا ئێستاش گفتوگۆ دەربارەی مێژووی شارستانێیتیە دێرینەکەمان دەکەن!

ئەگەر کەسـێک ئەم وتـارە بخوێنێتەوەو کوردسـتانی نەدیتبێـت، رەنگـە وابزانێت کوردستان بۆیە پیسە چونکە سەبەتەی خۆڵی لێ نییە، بـەڵام ئەوە راسـت نییە، چونکە سـەبەتەی خۆڵ دانراون، بـەڵام خەڵکەکە پیسییەکان هەر فڕێدەدەنە سەر شەقامەکان ومنیش هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، بۆچی؟ وادیارە وڵامێکی ئاسانیشـم بۆ ئەم پرسیارە پێ نییە.

ئەو رووداوەش کە بە ئاسانی لەبیری ناکەم ئەوەیە کاتێک سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی لە 9/15، سەردانی شاری سۆرانی کرد، کە چواردەوری، هەمووی شوێنی گەشتیاریی و هاوینەهەوارن، سەرۆک وەزیران تووشی شۆک بوو کاتێک کە بەرەو مەراسیمەکە دەچوو، بینی شەقامەکانی سەر رێگە زۆر پیسن، بارزانی لەو بارەیەوە گوتی" لە هەموو شوێنێک زبڵدانی پلاستیکی هەیە، کەچی خەڵکەکە بوتڵ و کاخەز فڕێ دەدەن"، ئەو قسانەی راستەوخۆ لە تەلەڤزیۆندا گوت و کارێکی زۆر چاکیشی کرد.

نێچیرڤان بارزانی لەو سەردانەیدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد ژینگە بپارێزن، ئەمەش بەبۆچوونی من داواکارییەکی باش و لە جێی خۆیدابوو. بارزانی لەمبارەیەوە گوتی" ئەوە ئەرکی میدیاکان و زانایانی ئایینیە خەڵک بگۆڕن، دەبێ کوردستان هەروەکو ماڵەکانمان بەخاوێنی بهێڵینەوە". لێرەدا بە تەواوەتی لەگەڵیدام، بەڵام نابێ رۆڵی پەروەردەشـمان (قوتابخانە و زانکۆ) بیربچێتەوە، هەروەها رۆڵی دایک وباوکیش. چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوان رۆڵێکی گەورەتریان هەیە لەچاو رۆڵی مزگەوت و کڵێسەکان.

بەڕاسـتی کاتی ئـەوە هاتووە خۆمـان بگۆڕێین، نەک تەنیا ئۆتۆمبێلەکانمان بگۆڕین، یاخود خانووی جوان جوان دروسـت بکەین و دوا مۆدێلـی مۆبایل بکڕین. بەڵکو دەبێ هەڵسوکەوتیشـمان بگۆڕین. ئەگەر بمانەوێت جیهان زیاتر پشـتیوانمان بکات وریزمان لێبگرێت، دەبێ پێشانی بدەین ئێمە نەتەوەیەکی شارستانین، ئیدی با گلەیی ناپێویست لە حکوومەت نەکەین، چونکە ئەوان سوپەرمان نین!

قسـەیەکی بەنێوبانگی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆن ئێف. کەنەدی هەیە دەڵێ" هاونیشتمانییە ئەمریکاییەکان: مەپرسە وڵاتەکەت چیت بۆ بکات، بپرسە تۆ چی بۆ وڵاتەکەت دەکەی". ئەگەر ئەو لە ژیاندا بمایە و شـەقامە پیسەکانی کوردسـتانی ببینایە و لە هەمانکاتیشدا خەڵکەکەی بدیتبا کە رەخنەی زۆر لە حکوومـەت دەگرن، ئەوکاتە دەیگوت" هاووڵاتیانی کوردستان مەپرسن وڵاتەکەت چیتان بۆ بکات، بپرسن ئێوە چی دەکەن بۆ کوردستان".

من داوا لە خەڵک ناکەم بچن شەقامەکان پاک بکەنەوە، بەڵکو پێویستە خەڵکەکە ژینگەکەی خۆیان بەپاکی بپارێزن و چیتر شت فڕێنەدەنە سـەر شەقامەکان، دیارە تەنەکەی خۆڵیش هـەروا دانەنـراوە. ژینگەپارێـزی و پاکوخاوێنی یەکێکە لە لایەنە سەرەکییەکانی سەدەی 21. بۆیە لەپێناو کوردستاندا: وڵاتەکەمان خاوێن راگرە!.

## ئیتلاعات دەڵێ هەفتەیەکی دیکە وەرەوە

**رووداو ـ سنە**

پێشمەرگەی یەکێک لە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای چوونەوەی بۆ ئێران، چووە بنکەیەکی ئیتلاعاتی ئێران، بەڵام ئیتلاعات پێیگوت بڕۆ هەفتەیەکی دیکە وەرەوە.

چ. ه، کە خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و، ماوەی 5ساڵ بوو لە ریزی یەکێک لەحیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببووە پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، سەرەتای ئەو مانگە، چووەوە ئێران و، پاش پشوودانێک لە ماڵەکەیان چووە بەڕێوەبەرایەتی ئیتلاعاتی شاری سنە، بەڵام بەرپرسی ئەو ئیدارەیەی ئیتلاعات بە ناوبراوی گوت بڕوات و حەفتەی داهاتوو سەردانیان بکاتەوە. ئەو کەسەش سەری لەوە سوڕمابوو "چییە من ئەوەندە بێ بایەخم بێ لێکۆڵینەوە بەرێم دەکەنەوە".

## شڤان دەڵێ من بیریا وان کرییە

**رووداو- هەولێر**



هونەرمەندی بە نێوبانگی کورد، شڤان پەروەر بە ئاژانسی DIHA ی ڕاگەیاند " ئەگەر پرۆسەی کرانەوە بەڕووی کورددا پێشـڤەبچێت دەگەڕێمەوە تورکیا"، پەروەر گوتی" زۆر بیری خزم و دۆست و وڵاتەکەم کردووە، بە تایبەت دەمەوێ چاوم بە براو خوشکەکانم بکەوێ کە دوای ڕۆیشتنی من لەدایکبوون". پەروەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ"ئەگەر کوردیش وەک تورکان لە تورکیا ببێتە خاوەن ماف، ئەوکات دەردەکەوێ پرۆسەکە سەرکەوتووە"، پەروەر هەڵوێستی بەرپرسانی تورکیای بە باش نرخاندو گوتی "بەڕاستی گیول و ئەردۆغان هەنگاوی باشیان هاویشتووەو هەموو لایەک دەبێ پشتگیریی لەو هەنگاوە بکەن"، گوتیشی "ئەگەر بەرپرسانی تورک لەو پرۆژەیە پاشگەز ببنەوە، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێ".

## مۆنیکا لە مەی وجگەرەکێشان بێزارە

**رووداو-ئیتاڵیا**



مۆنیکا بلووچی کچە ئەکتەری بەنێوبانگی ئیتاڵی، رایگەیاند لە ژیانی هۆڵیوود و ئەکتەری بێزار بووەو حەز دەکات لەگەڵ بۆی فرێندەکەی و کچە 5 ساڵییەکەی هەر لە ماڵەوە بمێنێتەوە.

مۆنیکا، 44 ساڵ، رایگەیاند کە (دیڤا)ی کچی لە باشترین وەختی ژیانیدا هاتووەتە دنیاوە و لەوبارەیەوە گوتی" زۆر کارم ئەنجام داوە و زۆر شوێنیشم بینیون، کاتێکی زۆر خۆشم بردووەتە سەر، بەڵام کاتێک کچەکەم لەدایکبوو، ئامادەبووم هەموو شتێکی بدەمێ، گرنگترین شتیش کە بیدەیە منداڵ کاتە".

مۆنیکای ئەستێرەی چەندین فیلمی نێودار، لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی" ئێستا لە قۆناخێکی تایبەتی ژیانمدام، کە ناچمە دەرێ و هەستیش ناکەم هیچم لەکیس چووە، بێزاربووم لەوەی بەردەوام چواردەورم بە خەڵکی مەی خۆر و جگەرە کێش بگیرێ، ئێستا ئەوەندە شەیدای چوونە سەر فەرشی سوور نیم، دەمەوێ لەگەڵ کچەکەم بم".


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین :** عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 5696 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net


# پێشمەرگەیەکی کرێچی بووە خاوەنی هەمەر لیمۆزین

## وەعدوڵڵا حەمەد : سەرەتا هەندێک پیاسەی پێدەکەم و دواتر دەیفرۆشمەوە

**بارزان محەممەد**

**رووداو-هەولێر**

لەو 179183 کورتەنامەیەی کە بۆ ژمارە (9898)ی کۆڕەک تیلیکۆم نێردرا، بازی بەخت لەسەر شانی وەعدوڵڵا حەمەد نیشتەوەو بووە خاوەنی ئۆتۆمبێلێکی هەمەر لیمۆزین، 100 کەسی دیکەش کە کورتەنامەیان ناردبوو خەڵاتی جۆراوجۆریان وەرگرت.

شەوی 2009/10/20 بە هەزاران کەس لەسەرتاسەری کوردستان چاویان بڕیبووە شاشەی تەلەڤزیۆنی کۆڕەک، بۆ ئەوەی بزانن هەمەرە درێژەکە دەبێتە نسیبی کێ، کە ماوەیەکی زۆر بوو کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم لەگەڵ سەت دیاری دیکەی جۆراو جۆر ڕێکلامی بۆ دەکرد، هەر کەسێک کە کورتەنامەیەکی بۆ ژمارە 9898 ناردبێ ژمارەی تەلەفۆنەکەی خرابووە تیرو پشکەکەوە. دوای ناردنی 179183 کورتە نامە، کە 29یان لەلایەن وەعدوڵڵا نێردرابوون، بەخت بووە یاوەری ئەو و، بووە خاوەنی هەمەر لیمۆزین، کە ژمارەی بەختی 133112 بوو. خەڵاتەکانی دیکەش بریتی بوون لە 100 دانە ئامێری مۆبایلی جۆری سامسۆنگ 5233.

ڕۆژی 2009/10/22 لە ڕێورەسمێکدا، سویچی ئۆتۆمبێلەکە درایە وەعدوڵڵا و ئەویش بە دڵێکی خۆشەوە وەریگرت.

وەعدوڵڵا حەمەد، 32 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی نەورۆزەو پێشمەرگەیە، باری دارایی زۆر باش نییە و خێزاندارەو چوار منداڵی هەیە. ماڵەکەیشی لە ژوورێکی ماڵی دایکیدایە. ئێستا بەهۆی ئەو خەڵاتەوە بووە خاوەن سەرمایەیەکی زۆر.

ناوبراو لە کاتی پێشبڕکێیەکە هەر بە گاڵتە چەندین جار گوتبووی ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ من دەردەچێ "هەر دەمگووت بۆ من دەردەچێ"، بێ ئاگا لەوەی گاڵتەکانی دەبنە ڕاستی. ئێستا زۆر خۆشحاڵەو دەڵێت " ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە ئەم خەڵاتەم بۆ دەرچووە". ناوبراو ئەوەشی درکاند "29 کورتە نامەم ناردووە کارتەکانم بە قەرز کڕیوە تا ئێستاش پارەی کارتەکانم نەداوە". وەعدوڵڵا سەبارەت بە فرۆشتنەوەی ئۆتومبێلەکەی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند"سەرەتا هەندێک پیاسەی پێدەکەم و دواتر دەیفرۆشمەوە".

کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم تائێستا چەندین پێشبڕکێی خەڵاتی ئەنجامداوە، ساڵی رابردووش لە ڕێگەی پێشبڕکێوە 4 خانوو و 4 ئۆتۆمبێلی دایە هاوبەشە براوەکانی، دواتریش ئۆتۆمبێلێکی هەمەری هەر لە ڕێگەی پێشبڕکێوە دایە براوەی پێشبرکێیەکە.

تۆفیق شێخانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم لەبارەی خەڵاتی دوایین پێشبڕکێی کۆمپانیاکەیان گوتی "ئەو ئۆتۆمبێلە زۆر تایبەتە و لەوانەیە هەموو کەسێک نەتوانێ خزمەتی بکات یاخود شوێنی نەبێت چونکە زۆر گەورەو درێژە، خەڵکان لە ناو بازار دەیانگوت ئێمە بۆیە کورتە نامە نانێرین چونکە ئەو ئۆتومبێلە زۆر گەورەیە و ئێمە نازانین چی لێبکەین". تۆفیق ئامادەیی کۆمپانیاکەیانی نیشاندا بۆ کڕینەوەی ئۆتۆمبێلەکە لە خاوەنەکەی "ئێمە دەتوانین لێی بکڕینەوە، ئەگەریش نەیفرۆشێتەوە موڵکی خۆیەتی و ئازادە". جگە لە خەلاتی ئوتومبێلی هەمەر لیمۆزین 100 خەڵاتی دیکەش کە بریتی بوو لە ئامێری مۆبایل لە جۆری سامسۆنگ 5233، بەبێ ئەنجامدانی تیرو پشک درایە 100 کەس. سەبارەت بە ئەنجامنەدانی تیرو پشک بۆ مۆبایلەکان گوتی "ئەنجامدانی 100 تیرو پشک کاتێکی زۆری دەویست، بۆیە 50 خەڵات درایە ئەو کەسانەی ژمارەی بەختیان لە پێش ژمارەی بەختی وەعدوڵڵا بوو، 50ی دیکەش درایە ئەو ژمارانەی لەدوای ژمارەکەی ئەو بوون".



بژار محەممەد، یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشداری لە پێشبڕکێی کۆڕەک تیلیکۆم کردووەو دانیشتووی شاری سۆرانە. بژار تەنیا دوو کورتە نامەی ناردووە بووەتە خاوەنی دوو ئامێری مۆبایل "خەڵاتەکان وەک یادگارییەک هەڵدەگرم و هەرگیز نایانفرۆشمەوە".




وەعدوڵڵا بە 29 دۆلار بووە خاوەنی هەمەر لیمۆزین





دلتا بۆ گەیاندن

تعلن شركة دلتـــا للاتصالات الوكيل المعتمد لاجهزة نوكيا والوكيل الحصري لشـــركة كورك تليكوم في العراق عـــن حاجتها الى موظفين في المحافضات التالية اربيل , سليمانية , دهوك , موصل و كركوك :

1- مديـــر و مســـاعد مدير اقليمي ذو خبرة في ادارة الشـــركات حاصل على شهادة بكلوريوس فما فوق في الادارة والاقتصاد والتسويق وخبرة لاتقل عن (5) ســـنوات في ادارة شـــركات القطاع الخاص المتميزة والراتب يحد حسب الكفاءة.

2- مـــدراء ومســـاعدين مدراء لاقســـام المبيعـــات والحســـابات والمعارض والمؤهلات شهادة جامعية وخبرة لاتقل عن (5) سنوات في مجال اختصاصه.

3-مصمم اعلانات يكون ذو خبرة ممتازة في مجال التصميم واستخدام برامج ال(Photoshop,corel).

ترسل جميع الطلبات مع السيرة الذاتية مرفق معها الصورة شخصية للمقدم على:

على البريد الألكتروني:
cviraq@yahoo.com
رقم هاتف: 07503133003

DELTA COMMUNICATIONS

فیلمی دۆبلاژکراو و ژێرنووسی کوردی

ZAGROS tv




ڕۆژانی یەکشەممە و سێ شەممە کاتژمێر 22:15 و
ڕۆژانی هەینی کاتژمێر 22:00 بە کاتی هەولێر